پەیامی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی یادی سی و دوو ساڵەی ئەنفالی بادینان:

ڕژێمەکانی پێشوو و نەیارانی کوردستان، مەبەستیان بوو لە ڕێگەی زەبر و زەنگ و جینۆساید و ئەنفال و گۆڕینی دیموگرافییەوە کۆتایی بە بوونی گەلی کوردستان بهێنن، بەڵام خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان ڕێگەی لەوە گرت ئەو پیلانە شووم و نامرۆڤانەیە سەر بگرێت

3

هەولێر.. کونسوڵخانەی کۆریای باشوور و وەزارەتی شەهیدان یادی ئەنفالی بادینانیان کردەوە

2

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5994) چوارشەممە 26ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆک بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشیی بۆ کۆچی دوایی بارزان مەلا خالید بڵاوکردەوە

دەنگی بارزان مەلا خالید دەنگی پێشمەرگە و کۆڵنەدانی گەلی کوردستان بوو و هەمیشە لە یادی ئازادیخوازاندا دەمێنێتەوە

سەرۆك بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگە و تێکۆشەر و ڕاگەیەندنکاری دێرینی کوردستان، بارزان مەلا خالید، پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا سەرۆك بارزانی دەڵێت: دەنگی بارزان مەلا خالید دەنگی پێشمەرگە و دەنگی ئازادیخوازی و خەبات و کۆڵنەدانی گەلی کوردستان بوو و هەمیشە لە یادی ئازادیخوازاندا دەمێنێتەوە. دەقی پەیامەکە:



بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و تێکۆشەری گەلەکەمان و دەنگی زوڵاڵی ڕاگەیاندنی شۆڕش (بارزان مەلا خالید)مان پێ گەییشت. دەنگی بارزان مەلا خالید دەنگی پێشمەرگە و دەنگی ئازادیخوازی و خەبات و کۆڵنەدانی گەلی کوردستان بوو و هەمیشە لە یادی ئازادیخوازاندا دەمێنێتەوە. سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادەی نیشتیمانپەروەر و تێکۆشەری خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید و هەموو هەقاڵانی و ڕاگەیاندنکاران و خەڵکی نیشتیمانپەروەری کوردستان دەکەم. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەك ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

٢٥ی ئابی ٢٠٢٠

بارزان مەلا خالید

دەنگی زوڵاڵی شۆڕش و پێشمەرگەی ئەیلوول و گوڵان کۆچی دوایی کرد



5 4

ئا: خەبات/

بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە ٢٥-٨-٢٠٢٠ بارزان مەلا خالید، پێشمەرگە و ڕاگەیاندنکاری دێرینی شۆڕشەکانی کوردستان لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەهۆی نەخۆشی دوایی کرد و تەرمەکەی گەڕێندرایەوە خاکی کوردستان.

بارزان خالید عەزیز کە بە بارزانی مەلا خالید ناسراوە، ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی مورتکەی گەورە لە شاری هەولێر لە دایکبووە، کۆچی دوایی بارزان مەلا خالید لەسەر ئاستی کوردستان دەنگدانەوەی هەبوو، بەو پێیەی ناوبراو دەنگێکی زوڵاڵی شۆڕش بوو، بەم بۆنەیەوە سەرۆك بارزانی پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردەوە، هەروەها تێچیرۆفان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو پەیامدا وێڕای دەربڕینی سەرەخۆشی خۆیان بۆ کۆچی دوایی ناوبراو، هاوکات ئاماژەیان بە خەبات و ڕۆڵی نەو پێشمەرگە و میدیاکاری شۆڕش کردووە کە هەمیشە لە بەرەی گەلەکەیدا بووە وەك پێشمەرگە و میدیاکار.

بارزان مەلا خالید لە شاخ خەباتکار و تێکۆشەری دیاری هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بوو، لە ریزەکانی شۆڕشدا بە دەنگە زوڵاڵەکەی خزمەتی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستانی کرد، لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیش ناوبراو وەك پەرلەمانتار، بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خزمەتکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردستاندا هەبوو.

تەرمی پێشمەرگەو ڕاگەیاندکار بارزان مەلا خالید لە هەولێر بەخاکسپێردرا







دەرنگانی شەوی ڕابردوو بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڤاڵ مەحمود محەمەد و زەعیم عەلی و کاکەمین نەجار و بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و ژمارەیەك لە وەزیر و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و خزم و دۆستانی، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر پێشوازی لە تەرمی پێشمەرگە و ڕاگەیانکاری ناسراوی کوردستان خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید کرا، کە دوێنی بە نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی تورکیا کۆچی دوایی کرد.

لە ڕێوڕەسمەکەدا هەریەك لە مەحمود محەمەد بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری ڕاگەیاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و خورشید شێرە و د. ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی 2 و ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان وتاریان پێشکەش کردو باسیان لە خەبات و وێستگە جیاوازەکانی ژیانی پێشمەرگە و ڕاگەیاندکار بارزان مەلا خالید کرد. دواتریش حاکم بۆتان بەنوێنەرایەتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو سوپاسی ئامادەبوانی کرد لە مەراسیمی پێشوازیکردن و بەخاکسپاردنی پێشمەرگە و ڕاگەیاندکاری ناسراوی کوردستان خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید.

جێگەی ئاماژەیە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن لە تەرمی مامۆستا بارزان مەلا خالید لەلایەن لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێکخرابوو، لەسەر وەسیەتی خۆیشی لە گۆڕستانی باغەمرە لەشاری هەولێر بەخاك سپێردرا.



بەهاکەی بە 800 هەزار دۆلار دەخەمڵێندرێت

کۆنسوڵخانەی ئەمەریکا کەلوپەل و پێداویستی تەندروستی ڕادەستی وەزارەتی تەندروستی کرد

7

هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق تووشی کۆرۆنا بێت، لە هەولێر چارەسەر دەکرێت



9



6

دهۆک.. بە گوژمەی 22 ملیار دینار پڕۆژە ئەنجام دەدرێن

هەولێر.. کونسوڵخانەی کۆریای باشوور و وەزارەتی شەهیدان یادی ئەنفالی بادینانیان کردەوە

وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان: هەموو هەوڵەکانی حکوومەت بۆ ناساندنی ئەنفالە وەک جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا



لە یادی قۆناغی هەشتەمی شاڵاوی ئەنفالی بادینان، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هاوکاری کۆنسوڵخانەی کۆریای باشوور مەراسیمێکی ڕێکخست. لە مەراسیمەکەدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، عەبدوڵڵا حاجی مەحمود و وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، حەمەی حەمە سەعید و کونسوڵی کۆریای باشوور، چۆی کوانژین و ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە، جەبار یاوەر ئامادە بوون.

لە مەراسیمەکەدا کونسوڵی کۆریای باشوور، چۆی کوانژین ڕایگەیاند: جینۆساید ناتوانێت هەرگیز ئیرادەی بەرگری لەناو ببات، کۆریای باشوور لە ساڵی ٢٠١٣ەوە لە پەرلەمان بڕیارێکی تایبەتی دەرکرد سەبارەت بە ئیدانەکردنی جینۆسایدی ئەنفال.

کونسوڵی کۆریای باشوور لە مەراسیمەکەدا کتێبێکی بەناوی گوڵاڵە سوورە بلاوکردەوە، چۆی کوانژینی کونسوڵی کۆریای باشوور دەربارەی هەڵبژاردنی ئەو ناوە بۆ کتێبەکەی، گوتی: ئاماژەیە بۆ سروشتی جوانی کوردستان و سیمبوڵی خوێنی شەهیدان، بەرهەمەکەیش بۆ دڵنەوایی ئازار و خەمی کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی ئەنفالە.

کتێبە شیعری گوڵاڵە سوورە بە هەرسێ زمانی، کوردی و ئینگلیزی و کۆری چاپکراوە و لە ١١ پارچە شیعر پێکهاتووە بە ناوەکانی: گوڵاڵە سوورە، شانشینی شین، نزاکانی هەڵەبجە، نەورۆز، قەڵای هەولێر، مەڵکەندی (سلێمانی)، بارزان، زەیتون، کوردستان بەفری سپی پژشیوە و دهۆک و کۆرۆنا.

دواتر وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، عەبدوڵڵا حاجی مەحمود خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە کونسوڵی کۆریای باشوور و لە وتەیەکدا گوتی: هەموو هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناساندنی ئەنفالە وەک جینۆسایدی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و ئاوادانکردنەوەی هەموو ئەو ناوچانەی کە لە شاڵاوی ئەنفال و جینۆسایددا وێرانکراون.



لە دۆڵی جافەتی تا بادینان
«لە بیرەوەریی ئەنفالی بادینانداا»

نووری بێخاڵی

بە درێژایی ١٠٠ ساڵ تەمەنی دەوڵەتی عێراق، جگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی، کورد هیچ خۆشییەکی لەم دەوڵەتەی کە بە زۆر پارچەیەک لە کوردستانی پێوە لکێنرا، لە خۆی نەدی. نزیک بە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو، کورد لە سای حوکمڕانە یەک لە دوا یەکەکانی ئەم دەوڵەتەدا، بەشی تەنیا گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونان بووە.

بەعەرەبکردن، وێرانکردنی گوند و ئاواییەکان، کۆچکردنەوەی کانی و ڕووبارەکان، وێرانکردن و شێواندنی ژینگە و ژیانی کوردستان، ڕاگواستنی خەڵکی خاوەن ماڵ لەسەر زێدی خۆیان، گرتن و ئەشکەنجەدانیان، بەشێکی دانەبڕاو بوون لە سیاسەتی حوکمڕانەکان بەرامبەر بە کورد، ئەمەش تەنیا لەپێناو سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد و تواندنەوەی لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستدا. لووتکەی ئەو سیاسەتە دوژمنکارییەش، کۆمەڵکوژی و جینۆسایدکردن، کیمیاییبارانکردن و ئەنفالکردن بوو.

ئەنفال کە ترۆپکی دڕندەیی بەعس بوو، پڕۆژەیەک نەبوو بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕش، وەک ئەوەی دەگوترێ گوایە بەعس بەم سیاسەتەی ویستوویەتی (سەرچاوەی ئاو لە ماسی - شۆڕش - بگرێتەوە)، بەڵکوو لە بنەڕەتدا پڕۆژەیەک بوو بۆ سڕینەوەی کورد لەسەر نەخشەی بوون و بەرەنگاری و مانەوە. واتە ئەنفال بەشێکی گرنگی ئاو ئەو نەخشەیەی قڕکردنی خەڵک و وێرانکردنی کوردستان بوو، کە بەعس بە بەرنامەیەکی پێشوەختە و پلان بۆ دارێژراو کاری لەسەر کردبوو. هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئەوەبوو سەربازیە چەکانی بۆ جینۆسایدکردنی کورد و وێرانکردنی کوردستان لە مانگی ئاداری ١٩٨٧ دەست پێ کرد و تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوون.

شاڵاوە شوومەکانی ئەنفال، کە ٦ مانگ و ١١ ڕۆژیان خایاند، بە هەشت قۆناغ ئەنجام دران. قۆناغی یەکەمی ئەنفال لە جافایەتی لە ٢٣ی شوبات دەستی پێ کرد و دوا قۆناغیش لە بادینان و لە ٦ی ئەیلوول کۆتایی هات. لەو هەڵمەتە هۆڤیانەدا لە تەک خاپوورکردنی گوند و ئاواییەکان، دەیان هەزار هاوواڵاتیی سڤیلی لە منداڵ و پیر و گەنج بە ژن و پیاوەوە گرت و زیندەبەچاڵکردن.

ڕاستییەکەی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد، هیچ پەیوەندییەکی بە جەنگی عێراق و ئێرانەوە نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە سیاسەت و ستراتیژی بەعس بۆ پاکتاوکردنی نەژادیی کورد، بۆیە دەبینین شاڵاوەکانی ئەنفال لە ماوەی جەنگەکەدا و دوای وەستانی جەنگەکەش هەر بەردەوام بوو. بەجۆرێک شەش قۆناغی یەکەمی ئەنفال لە کاتی جەنگەکە و قۆناغەکانی ٧ و ٨ کە لە بادینان بوون، دوای جەنگ جێبەجێی کردن.

ئەنفالی بادینان کە لە ٢٥ی ئاب دەستیپێکرد و ٦ی ئەیلوول کۆتایی پێهات، بە درێژایی سنووری نێوان عێراق و تورکیا و قوواڵایی ناوچەکانی پاڕێزگای دهۆک، دەڤەرەکەی کردە ئامانج و ئاواییەکانی بناری زنجیرە چیاکانی (گارە، مەتین، بێخێر، شیرین، پێرس) و گوندەکانی دەوروبەری ڕووبارەکانی خابوور و زێی گەورە کەوتنە بەر ئەم شاڵاوە بەناوە.

بەپێی زانیاری و ئامارەکان، لەو پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورددا کە فەیلەقی ٥ی سوپای عێراق و یەکە سەربازییەکانی سەر بەو فەیلەقە و ژمارەیەک فەوجی جاشەکان بەشدار بوون، نزیکەی ٧٠٠ گوند لە سنووری قەزاکانی (زاخۆ، شێخان، ئامێدی، ئاکرێ، سێمێل و قەزای ناوەندیی سەر بە پارێزگای دهۆک) وێران کران و جگە لە شەهید و برینداربوونی سەدان هاوواڵاتی بەهۆی بۆردوومان و تۆپبارانەکان، نزیکەی ١٤ هەزار هاوواڵاتیی سڤیل ئەنفال کران، کە سەرەتا هەموو خەڵکەکە لە قەڵای نزارکێ کۆکرانەوە و دواتر گواستراونەوە بیابانەکانی باشووری عێراق و لەوێ زیندەبەچاڵ و گۆرغەریب کران.

لە ئەنفالکردنی بادینانیدا وێڕای هێرشی سەربازیی پاڵپشت بە هێزی ئاسمانی و تۆپخانە و تانک، هاوکات تیاشیدا چەکی کیمیاوی لە دژی هاوواڵاتییانی سڤیل بەکار هێنرا و لەو شاڵاوەدا جگە لە کوردی موسڵمان و ئێزدی، خەڵکێکی زۆری مەسیحیی دەڤەرەکە ئەنفال کران و مزگەوت و کڵیسا و پەرستگای ئێزدییەکان، کە سەتان ساڵ بوو دیواریان بەیەکەوە بوو، خاپوور کران و داروپەردووەکەیان تێکەڵی یەکتر کرا.

بەداخەوە، ئەوەتا دوای ڕووخانی بەعسیش، هێشتا هەمان عەقڵییەت هێشتا لە عێراقدا هەر ماوە، کە ئەگەر نەشتوانێ وەک جاران و بەبەرچاوی دونیا کورد قڕ بکات، بەڵام هەموو هەوڵێک دەدات، هەموو فشارێک دەکات، دەست بۆ هەموو شێواز و میکانیزمێک دەبات، بۆ ئەوەی بە لایەنی کەمەوە کورد بکاتەوە پاشکۆ و شۆپکەوتە و گوێرایەڵ و ئەو دەسکەوت و ئەزموونەی بەری خوێنی ڕووبارێک خوێنی شەهید و ئەنفالکراو و جینۆسایدکراوە، لە مانا و بەهاکانی بەتاڵ بکاتەوە. بۆیە لەم ڕۆژەدا کە یادی ئەم کارەساتە شوومە، ئەم کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە دەکەینەوە، پێویستە ئەنفال بکەینە بەشێک لە هۆشیاری نێوکۆزیی کۆمەڵگە و میشک و هزر و ئاگایی ڕۆڵەکانی ئێستا و نەوەکانی ئایندەمانی پێ زاخاو بدەین، یان وەک ئەوەی (نێچیرڤان بارزانی - سەرۆکی هەرێمی کوردستان) لە میانی وتاری کردنەوەی کۆنگرەی (بەجیهانناساندنی جینۆسایدکردنی کورد - ٢٦ و ٢٧ کانوونی دووەمی ٢٠٠٨) گوتی: "زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەوە تێبگەن، کەوا بۆچوون و هەڵوێستەکانی ئەمڕۆمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە میژووی خۆمانەوە شێوە وەردەگرن. بۆیەشە سیاسەتی تاوانکارانەی جینۆسایدکردنمان بە زیندوویی لەگەڵماندا دەژی، بووەتە بەشێک لە ئەدەبیاتمان، بەشێک لە کولتوور و سیاسەتمان و ناتوانین وازی لێ بهێنین. بەکورتی، بووەتە بەشێک لە هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا و ئایندە بیریان لێ دەکەینەوە، یان ئەنجامیان دەدەین».


دواجار، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە بەرامبەر ئەو مەترسی و هەرەشانەی هێشتا لەسەر کوردە هەن، پێویستە دەکات ئەنفال بکەینە وانە و پەندێکی گرنگ بۆ ئاشتەوایی سیاسی و یەکخستنەوەی گوتاری کوردستانی و یەکڕیزیی ناوخۆیی، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی پێشهات و ئالنگارییەکانی بەردەمان ببینەوە. هاوکات ڕۆڵە و نەوەکانمان لەسەر ئەو ڕاستییە مێژوویییە پەروەردە و گوش بکەین، کە بەبێ بوونی سەروەریی نەتەوەیی و شکۆی نیشتمانی، بوون و بەردەوامییان هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەدایە.

پێشمەرگەیەک سەروەرییەکانی داستانی خواکورِک بۆ (خەبات) دەخاتەڕوو:

بە فەرمانی سەرۆک بارزانی بەشداریمان لە داستانی خواکورِکدا کرد

دوای ئەوەی سەرۆک بارزانی ڕێنماییکردین بەورەیەکی بەرزەوە ڕوومانکردە سەنگەرەکانی پێشەوە

کاتێک گەیشتینە مەیدانی جەنگ پێشمەرگەکان بە گۆرانی و سروودەوە دەستیان بە هەڵپەڕکێ کرد







ساسان دەرویش – هۆڵەندا

داستانی خواکورِک وەرچەرخانێکی لە مێژوودا تۆمار کرد، سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکانی پێکەوە شانازی دەکەن کە کوردستانیان کردە گۆڕستان بۆ دوژمنان و دەنگ و سەدای شۆڕشیان گەیاندە هەموو ئاژانسەکانی جیهانی کە داستانەکە لە ١٩٨٨/٧/١٩ دەستیپێکرد و لە ١٩٨٨/٩/٥ کۆتایی هات، بۆ بیرهێنانەوەی پێشمەرگەیەکی بەشداربووی نێو سەنگەری قارەمانێتی داستانی خواکورِک، پێشمەرگەیەکی خاوەن ٣٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان هەڤاڵ عەبدوڵتالیب دەرویش ناسراو بە عەبدولی شەمە کە ئێستا ئامر فەوجە بە پلەی عەقید لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوامە لە پاراستن و خزمەتکردنی نیشتمان بەشداری کردووە.

تادوا هەناسەی ژیانم وەک پێشمەرگەیەک بەردەوام دەبم

لە سەرەتادا هەڤاڵ عەبدوڵتالیب دەرویش گوتی: من لە ساڵی ١٩٨٤ چەکی پێشمەرگایەتیم کردە شان کە لە لیژنەی ناوچەی چوارتای سەر بە لقی چوار بوومە پێشمەرگە و تا ئێستا کە ٣٦ ساڵی تەواوە، من بەردەوامم لە سەنگەری بەرگریکردن لە کورد و کوردستان و تادوا هەناسەی ژیانیشم بەردەوام دەبم، چونکە بۆ من گەورەترین شانازییە لە ژیانمدا، لە ژیانی پێشمەرگایەتیشم بەشداری زۆربەی شەڕەکانم کردووە کە شارباژێڕ و شارەزور و قەرەداخ و خواکورِک و ناوشاری سلێمانی و تاسلوجە و زۆر جێگای تریشم کردووە لە گرتنی ناحیەی قەراخ و گرتنی مقەڕ فەوجی باسەڕە و گرتنی مقەڕ سریەی ڕیشێن و چالاکی مەفرەزەکانی ناوشاری سلێمانی ساڵانی هەشتاکان و شەڕەکانی کاتی ئەنفالەکان و داستانی مەزنی خواکورِک و هەروەها شەڕەکانی ٤ ساڵی داعش لە دیبەگە و بای حەسەن هەموویان جێگەی شانازیمن وەک بەرگریکردن لە کورد و کوردستان تیایاندا بەشداربووم.

لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی بەشداربووین لە داستانی خواکورِکدا

لەبارەی بیرهێنانەوەی ٣٢ ساڵەی پرشکۆی داستانی خواکورِکدا، گوتی: دوای ئەوەی فەرمانی سەرۆک بارزانی بە ئێمە گەیشت بۆ بەشداریکردنمان لە داستانی خواکورِک، پێشمەرگەکانی لقی چوار لە هەموو لیژنە ناوچەکان پۆل پۆل بەرەو مەیدانی شەڕەکە بەڕێکەوتین، بەڕاستی ئەو ڕۆژەم چاک لە یاد کە پێشمەرگەکان بە وردیەکی بەرزەوە و بەسروود و گۆرانی بەڕێکەوتین کە دەتگوت بۆ ئاهەنگ و شایی دەچین نەکە بۆ شەڕ. بەر لەوەی لە مەیدانی جەنگەکە نزیک ببینەوە، پێشمەرگەکان دەستیانکرد بە هەڵپەڕکێ و سەرچۆپیکێشان، دەتگوت دەسپێکی شایی و زەماوەندە نەک داستانی بەخوێنئاڵی شەهیدەکانمان، ئەوەیشی کە سەرچۆپی گرتبوو، فەرەیدوونی مامە عەبە بوو، بەداخەوە لەو داستانە شەهید بوو.

من ئەوکاتە پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی چوارتا بووم، پاش ئەوەی فەرمانی سەرۆک بارزانی بە ئێمە گەیشت ١٩٨٨/٨/١٣ بەرەو خواکورِک بەڕێکەوتین کە دەکاتە سێگۆشەی سنووری هەر سێ دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا، بەر لەوەی بچینە مەیدانی جەنگ بەدیداری سەرۆک بارزانی شادبووین، خودی خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو داستانە مەزنەی دەکرد و چاودێری ورد و درشتی بەرەکانی جەنگی دەکرد.

سەرۆک بارزانی ورەیەکی بەرزی پێبەخشین

جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر ڕێنمایی بەسوودی کردین و فەرمووی: من گومانم لە ئازایەتی و قارەمانیەتی ئێوە نییە، ساڵەهای ساڵە لە ناوچەکانی سلێمانی و قەرەداغ و شارەزوور و شارباژێڕ سەلماندووتانە چەند جەربەزە و گیان لەسەردەست و قارەمانن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن ئێوە شارەزای جوگرافیای ئەم ناوچەیە نین و یەکەمجارە دێنە ئەم ناوچەیە، بۆیە تا شارەزای ئەم بەرەی جەنگە دەبن تۆزێک کاتی دەوێت، ئێمە دەمانەوێت بە کەمترین زیان گەورەترین، سەرکەوتن بەدەست بێنین.

بەشێکی زۆری پێشمەرگەکان یەکەمجاریان بوو سەرۆک بارزانی ببینن، بۆ ئەوان وەک جەژنێک بوو، سەرۆک بارزانی ورەیەکی زۆر زیاتری پێبەخشین، لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/١٩ بە حەماسەتێکی ئێجگار زۆرەوە ڕوومان کردە سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ، هێزەکەی ئێمە کە لە ٢٧ پێشمەرگە پێکهاتبوین، لەو شەڕەدا کەوتینە پشتی گوندەکانی غەزنە و شێخان چەند کاتژمێرێکی نەخایاند دوژمن هێرشێکی گەورەی کرد، ڕێژنەی گوللە دەتگوت شەستە بارانی بەهارە، بەڵام هێزەکەی ئێمە بە جۆرێک وەڵامی لەشکری دوژمنیان دایەوە کە لەشکری داگیرکەری تووشی شۆک کرد، دوژمن تێکشکا و ڕایانکرد و چەندین لاشەیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت، کە شەو داهات تۆپخانەی بەعس بە سەختی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتا، ئێمەش دەمانزانی دوای ئەوە هێرشی تر دێنن، بۆیە دەست لەسەر تفەنگ ئامادەبووین بۆ هێرشەکەیان، ئەمجارەش دیسان بەختی خۆیان تاقیکردەوە، بەڵام لەم هێرشەشیاندا خراپتر لە جاری پێشوو تێکشکان، بەداخەوە هەڤاڵی قارەمانی ئێمە بابە ڕەسوڵ شەهید بوو، بەڵام دوژمن نەیتوانی هەنگاوێک بێتە پێشەوە.

هەروەها ئەو پێشمەرگە بەشدارەی داستانی خواکورِک زیاتر دەڵێ: بیرەوەری و یادگاری منی پێشمەرگە لە ڕۆژانی داستانی خواکورِکدا زۆرن، ڕەنگە هەمووی لەم دەرفەتە کورتەدا جێگەیان نەبێتەوە، هەموو سات و کاتێک دەستوپەنجەمان لەگەڵ مەرگ نەرم دەکرد، بێجگە لە برسیەتی و سەرمای شەوانە و هێرشی دوژمن، ئەوەی زۆر منی ئازار دا شەهیدبوونی چەند هەڤاڵێکی خۆشەویستم بوون، فەرەیدوونی مامە عەبە، شەهید عارف، شەهید حەمەخان و شەهید بابە ڕەسوڵ، هەروەها شەهیدەکانی تری سەنگەرەکانی نزیک لە ئێمەش، لە تۆڵەی ئەو شەهیدانە هێرشمان بۆ دوژمن کردەوە و توانیمان لیوای ٦٠٢ی پیادە و لیوای ٦٦ی قوات خاسە بە تەواوی لەناو بەرین.

ئازادیی ئەمڕۆ بەخوێنی پێشمەرگە بەدەستهاتووە

لەکۆتایشدا عەبدوڵتالیب دەرویش بەهەڵکێشانی هەناسەیەکی قوواڵ، گوتی: ناتوانم زۆر یادەوەری ئەو سەرکەوتنە و ئازایەتی پێشمەرگەکان و بەشداربوونی سەرۆک بارزانی لە یاد بکەم کە بەردەوامی بەشۆڕش و پێشمەرگایەتی دا بۆ ئەوەی کورد بگاتە ئامانج و گوتی: دوای شەهیدبوونی فەرەیدوونی مامە عەبە، یەکێک لە برا پێشمەرگەکان بچووکترین تەمەنی هەبوو لەناو پێشمەرگەکاندا ناوی کامەرانی حەمدون ناسراو بە قەیتول کە بینی ئێمە خەریکی گواستنەوەی تەرمی شەهیدەکەین، گوتی: بڕۆم دیلێک بگرم و بیهێنم بۆ ئەوەی جەنازەکەی پێ بگۆڕینەوە؟ کە هەڤاڵ قەیتول ئەم قسەیەی کرد، ئێمە لەگەڵ لەشکری دوژمن تێکەڵ ببووین، هێندەی پێنەچوو، سەربازێکی بەدیلگرت و ئێمەش جەنازەکەمان پێگواستەوە بۆ بەرەکانی دواوە و پێشمەرگەیەکیشمان لەگەڵ نارد. ئەو داستانە مەزنە بەخوێنی گەشی ٢٧ شەهید تۆمار کرا، منیش وەک پێشمەرگەیەکی ڕێبازی بارزانی ئەو شانازییەم پێبڕا لەو ڕۆژگارە سەختەدا شان بەشانی پێشمەرگەکان بەشداری ئەو داستانە مەزنە بکەم، بەهیوام گەلی کورد ئەو ڕۆژگارانە لەبەرچاوی خۆی بگرێت کە ئەم ئازادییەی ئەمڕۆمان بەخوێن و ئازایەتی پێشمەرگە بەدەستهاتووە تەنیا بەیەکگرتن و یەک دەنگی دەتوانین دەسکەوتەکانمان بپارێزین و جارێکی تر کورد مانۆیران نەبێت.



پەیامی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی یادی سی و دوو ساڵەی ئەنفالی بادینان:

لە یادی کارەساتی ئەنفالی بادینانداجەخت لە ڕەوایەتیی ماف و داواکارییەکانی گەلەکەمان دەکەینەوە و پێویستیشە دەوڵەتی عێراق قەرەبووی هەموو ئەو تاوان و کارەساتانە بکاتەوە کە لە سەد ساڵی ڕابردوو بەسەر گەلی کوردستانی هێناوە

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

تاوانی ئەنفالی بادینان دڕێژکراوەی ئەو زنجیرە تاوان و کارەساتانە بوو کە ڕژێمی پێشووی عێراق بە مەبەستی قڕکردن و لەناوبردنی گەلی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجامی دا. لە ٢٥ـی ئابی ١٩٨٨ هەتا ٦ـی ئەیلوولی ١٩٨٨ـدا بەشێکی زۆری ناوچە و گوندەکانی دەڤەری بادینان کەوتنە بەر هەڵمەتی نامرۆڤانەی کیمیابارانکردن و گرتن و کوشتن و ڕاگواستن و ئەنفالی هاووڵاتیانی بێ تاوان لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی ئەو کاتی عێراقەدا. بە هەزاران کەس شەهید و بێ سەروشوێن و ئاوارە کران و سەدان گوندیش خاپوور کرا.

گەورەترین کێشەی ڕژێمەکانی پێشوو و نەیارانی کوردستان، بوونی گەلێک بوو کە خاوەنی مێژوو و جیۆگرافیا و تایبەتمەندییەکانی نەتەوە بوو. ئەوان مەبەستیان بوو لە ڕێگەی زەبر و زەنگ و جینۆساید و ئەنفال و گۆڕینی دیموگرافییەوە کۆتایی بە بوونی گەلی کوردستان بهێنن. بەڵام خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان ڕێگەی لەوە گرت ئەو پیلانە شووم و نامرۆڤانەیە سەر بگرێت.

لە یادی کارەساتی ئەنفالی بادینانداجەخت لە ڕەوایەتیی ماف و داواکارییەکانی گەلەکەمان دەکەینەوە و پێویستیشە دەوڵەتی عێراق قەرەبووی هەموو ئەو تاوان و کارەساتانە بکاتەوە کە لە سەد ساڵی ڕابردوو بەسەر گەلی کوردستانی هێناوە. لەو یاد تاڵەدا سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفالی بادینان و گەرمیان و بارزان و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان دەنێرین و ڕاشیدەگەیێنین کە هەرگیز ئەو زوڵم و نەهامەتی و تاوانانە لە یاد ناکەین کە لەدژی گەلەکەمانداکراون.

مسعود بارزانی
٢٥ی ئابی ٢٠٢٠

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی ئەنفالی بادینانداپەیامێکی بڵاوکردەوە

دەبێ حکوومەتی عێراق بڕیاری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق جێبەجێبکات و کەسوکاری ئەنفالکراوانیش قەرەبوو بکاتەوە

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی ئەنفالی بادینان دوێنێ سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٥پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا داوا لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق دەکات ئەرکی یاسایی خۆی و بڕیاری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق جێبەجێ بکات کە شاڵاوەکانی ئەنفالی بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید و جەنگ ناساندووە و قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراوان لە هەموو ڕوویکەوە قەرەبوو بکاتەوە، هاوکات جەختیشی کردووە پێویستە هەرێمی کوردستانیش خزمەتی زیاتری قوربانییانی ئەنفال و بەدواداچوون بۆ چارەنووسی ونبووان بکرێت.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ بە ڕێز و شکۆوە یادی قوربانییانی ئەنفالی بادینان دەکەینەوە، دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدان و سڵاو بۆ کەسوکاری سەربەرزیان دەنێرین. لە بەردەوامیی ئەو شاڵاوە بەدناوە و لە تاوانێکی دیکەی دڕندەدا، ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعس (١٨٠) هەزار هاووڵاتیی کوردستانی هەر لە گەرمیانەوە تا بادینان بێ جیاوازی بێسەروشوێن و شەهید کردن و هەموو شوێنەوارێکی ژیانی لە هەزاران دێهاتی کوردستان سڕییەوە.

لە ٢٥ی ئابەوە تا ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە دوا قۆناغەکانی ئەنفالدا زۆربەی زۆری ناوچەکانی بادینان کیمیاباران کران و هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ناوچەکە لەلایەن پێنج فیرقەی سەربازییەوە ڕووبەڕووی گرتن و کوشتن و ڕاگواستن بوونەوە، مزگەوت و دێر و گوندەکانی بادینان بەر شاڵاوەکە کەوتن و وێران کران، ئەوانەش کە لە تاوانەکە ڕزگاریان بوو، بەرەو ئێران و تورکیا و وڵاتان دی، ئاوارە و دەربەدەر بوون.

لەم یاددەدا دووپاتی دەکەینەوە دەبێت حکوومەتی فیدراڵی عێراق ئەرکی یاساییی خۆی و بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق جێبەجێ بکات کە شاڵاوەکانی ئەنفالی بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید و جەنگ ناساندووە و قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراوان لە هەموو ڕوویەکەوە قەرەبوو بکاتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش خزمەتی زیاتری قوربانییانی ئەنفال و بەدواداچوون بۆ چارەنووسی ونبووان بکرێت، هەروەها بەردەوام بین لە بەدۆکیومێنتکردنی تاوانەکان و هەوڵدان بۆ ناساندیان بە جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەیان لە هەر شوێنێکی جیهان.

دەبێ یادی ئەنفال هاندەری زیاترمان بێت بۆ پتەوکردنی تەبایی و یەکڕیزیی لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان و ئەو لاپەڕانەی مێژوو پێویستە بینە هەوێنی لێبووردەیی و ئاشتی و پێکەوەژیان و پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستان کە ئەوەش باشترین وەفادارییە بۆ خوێنی شەهیدان. هەر لەم یاددا سوپاس و پێزانینمان بۆ خەڵکی هەولێر و دەوروبەری دووپات دەکەینەوە کە بە هەموو شێوەیەک هاوکاریی خەڵکی لێقەوماوی بادینانیان کرد کە لەو شاڵاوەدا ڕاگوێزرانە کەمپی زۆرەملێی جێژنێکان، جوامێری و مرۆڤپەروەرییان هەرگیز لەبیر ناکرێت.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و تەواوی شەهیدانی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٨/٢٥

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە یادی کارەساتی ئەنفالی بادینانداە:

پێویستە هێزە سیاسییەکان بەیەکەوە پێداگری زیاتر بۆ چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و قەوارە دەستوورییەکەی بکەن



بەبۆنەی یادی ٣٢ ساڵەی کارەساتی ئەنفالی بادینان، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، تێدەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

یادی ٣٢ ساڵەی کارەساتی ئەنفالی بادینان یەکێکی تر لە تاوانە دڕندانەکانی ڕژێمی بەعس دژ بە گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی و بەتاوانی جینۆساید لە قەڵەم دەدرێت، ڕژێمی بەعس بێ جیاوازیکردن لەنێوان پێکهاتەو ئایین و ئاینزاکان، کریستیان و موسڵمانانی لە دەڤەرەکە کردە ئامانج و مزگەوت و دێر و کڵێسا و مەزارگەکانی خاپوورکردن، دەستی لە مرۆڤ و ژینگە و سیماکانی ژیان نەپاراست و تاوانێکی بێوێنەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدا.

لە دوایین قۆناغی ئەنفال لە ٢٥/٨ تا ٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨، جارێکی دیکە ڕژێمی بەعس دەستی ڕەشی خۆی خستەوە گیانی خەڵکی سیڤیلی کوردستان و لە دەڤەری بادینان دواین زنجیرەی تاوانکاریی بەناوی ئەنفال بەڕێوەبرد.

لەم یادەدا دووپاتی هەڵوێستی خۆمان دەکەینەوە بۆ هەرچی زیاتر کارکردن بۆ ناساندنی تاوانکارییەکانی دژی خەڵکی کوردستان بەجینۆساید و مکوڕین کە دەوڵەتی عێراق بەپێی دەستوور دەبێت بەرپرسیارێتیی قەرەبووکردنەوەی مادەی و مەعنەویی کەسوکاری قوربانیان لەئەستۆ بگرێت و تەواوی مافە دەستووری و یاساییەکانی خەڵکی کوردستان بسەلمێنێت، هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسە لە گەرەنتیکردنی پاراستنی خەڵکی کوردستان لە دووبارەنەبوونەوەی کارەساتی لەمشێوەیە.

خەڵکی کوردستان تەنیا بەهۆکاری ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانییان بوونە ئامانجی دەستدرێژی و تاوانکاریی دوژمنان و نەیارانمان، ئەوەی کە بەردەوام بەری بەشاڵاوە دڕندەکان و تەماعی دوژمنان گرتووە خۆڕاگریی میللەتەکەمان و ئازایەتیی ڕۆڵە قارەمانەکانی و پاراستنی یەکڕیزیان بووە، بۆیە پێویستە لە داکۆکیکردن و چەسپاندنی زیاتری مافەکانی خەڵکی کوردستان، هێزە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران و خەڵکی کاریگەری کۆمەڵگە بەیەکەوە پێداگیریی زیاتر بۆ چەسپاندنی مافەکان بکەن و کۆتایی بە هەموو جۆرە ناکۆکییەک بهێنرێت بۆ بەهێزتر نیشاندانی خواست و داوا و مافی خەڵکی کوردستان و قەوارە دەستوورییەکەی.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
٢٥/٨/٢٠٢٠

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی ئەنفالی بادینان پەیامێکی بڵاوکردەوە

ئەنفال بۆ گەلی کوردستان تەنیا ڕووداو و ژمارە نییە، بەڵکوو جینۆسایدکردن و هەوڵی سڕینەوەی میللەتێک بووە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ سێشەممە ٢٥ی ئابی ٢٠٢٠، بەبۆنەی ٣٢مین ساڵیادی ئەنفالی بادینان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێت: بۆ گەلی کوردستان، ئەنفال تەنیا ڕووداو و ژمارە نییە، بەڵکوو جینۆسایدکردن و هەوڵی سڕینەوەی میللەتێک بووە بە مێژوو و جوگرافیا و شوێنەوار و ژینگەکەیەوە، کە کاریگەرییەکانی تا دەیان ساڵی دیکەش دەمێننەوە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی:

٣٢ ساڵ لە مەوبەر ڕژێمی بەعسی عێراق لە چوارچێوەی پڕۆسەی ئەنفالدا، دوا قۆناغی ئەنفالی لە بادینان ئەنجامدا و لەم شاڵاوەدا، هەزاران کەسی شەهید و بێسەروشوێن کرد و سەدان گوندیشی خاپوور کرد. بۆ گەلی کوردستان ئەنفال، تەنیا ڕووداو و ژمارە نییە، بەڵکوو جینۆسایدکردن و هەوڵی سڕینەوەی میللەتێک بووە بە مێژوو و جوگرافیا و شوێنەوار و ژینگەکەیەوە، کە کاریگەرییەکانی تا دەیان ساڵی دیکەش دەمێننەوە.

ئەم یادە خەمناکانە پێویستە هەمیشە هاندەری زیاترمان بن بۆ داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان و یادکردنەوەی قوربانییانی ئەو تاوانانەی بەرانبەر گەلی کوردستان ئەنجام دراون. یەکێک لە مافە یاسایی و دەستوورییەکانیشمان، قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوانە بەپێی بڕیاری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق.

لە کۆتاییدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ئەنفال و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریخوازی کوردستان دادەنەوێنم.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٥/٨/٢٠٢٠

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بنەماڵەی بارزان مەلا خالید دەکات

بارزان مەلا خالید پەروەردەی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕە و بە خەبات و خزمەتی بۆ گەل و وڵاتەکەی هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە



سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە پەیامێکدا سەردەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری تێکۆشەری دێرین بارزان مەلا خالید دەکات کە بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ بنەماڵە و کەسوکاری تێکۆشەری دێرین بارزان مەلا خالید

بۆ کۆچی دواییی میدیاکاری ناوداری شۆڕش و تێکۆشەری دێرین خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید، سەردەخۆشی لە خۆمان و ئێوەی بەڕێز و هەموو دۆست و هەڤاڵانی دەکەین. لە خوای مەزن داواکارین گیانی شاد بکات و بیخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی.

خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید، نمونەی مرۆڤێکی دڵسۆزی خزمەتکار و پەروەردەی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕە، زۆر لە کۆنەوە باوك و بنەماڵەکەیان پشتیوانی شۆڕشەکانی کوردستان بوون، خۆیشی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دەنگی ناسراوی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق و لە شۆڕشی گوڵانیش بە هەمان شێوە بەردەوام بوو. لە ڕاپەڕیندا دەنگێکی دیاری وڕەبەخش بوو بۆ پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان، دواتریش وەك ئەندامی پەرلەمان و بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری خزمەتی بواری ڕۆشنبیری کرد. کەسێکی تێکەڵاوی خەڵك و خۆشەویست بوو. یادی ئەو بە خەبات و خزمەتی خۆی بۆ گەل و وڵاتەکەی هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٨/٢٥

سەرۆکی حکوومەت پەیامێکی سەرەخۆشیی ئاراستەی خانەوادەی بارزان مەلا خالید کرد

کاک بارزان تێکۆشەرێکی دیاری هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بوو کە بە دەنگە دلێرەکەیەوە لە خزمەتی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستاندا بوو



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ سێشەممە ٢٥/٨/٢٠٢٠ پەیامێکی هاوخەمی ئاراستەی خانەوادەی بارزانی مەلا خالید، شۆڕشگێڕ و ڕاگەیەندنکاری دێرین کرد کە دوێنێ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕایدەگەیەنێت: کاك بارزان خەباتکار و تێکۆشەرێکی دیاری هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بوو کە بە دەنگە دلێرەکەیەوە لە خزمەتی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستاندا بوو.

دەقی پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

کۆچی دوایی تێکۆشەر و ڕاگەیاندنکاری ناسراوی کوردستان کاك بارزان مەلا خالید زۆر خەمباری کردم. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و کەسوکار و هەڤاڵانی دەکەم .

کاك بارزان خەباتکار و تێکۆشەرێکی دیاری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان بوو کە بە دەنگە دلێرەکەیەوە لە خزمەتی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستان بوو.

لەکاتی ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دواتریش وەك پەرلەمانتار و بریکاری وەزیری ڕۆشنبیریی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خزمەتکردن بە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردستان هەبوو.

خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و یادی هەمیشە زیندوو بێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٥/٨/٢٠٢٠



پەیامی هاوخەمی هێمن هەورامی بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر و پێشمەرگە بارزان مەلا خالید

بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر و پێشمەرگەی دێرین بارزان مەلا خالید، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خزم و کەسوکار و هاوڕێ و هەڤاڵانی کرد و تیایدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی ئاماژەی بەوەداوە کە بارزانی مەلا خالید ناوێکی دیار و خاوەن پێگەیەکی بەرزی خەبات و تێکۆشانە بۆ رزگاریی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکاندا، ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر و پێشمەرگە و کەسایەتیی دیاری کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و ڕۆشنبیریی گەلەکەمان بارزانی مەلا خالید، پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمیی زۆری خۆمان ئاراستەی سەرجەم خزم و کەسوکار و هاوڕێ و هەڤاڵانی دەکەین.

بارزانی مەلا خالید ناوێکی دیار و خاوەن پێگەیەکی بەرزی خەبات و تێکۆشانە بۆ رزگاریی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی و ئەرك و لێپرسراوییەتییە جیاجیاکاندا.

کۆچی دواییی کاکە بارزانی مەلا خالید، بۆ هەموومان جێگەی خەمباری و بۆ هەمیشە دەنگە زوڵاڵ و پڕ لە حەماسەتە کوردایەتییەکەی و یاد و یادگارییەکانی خەباتی لە دڵ و دەروونی هەموماندا بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
٢٥/٨/٢٠٢٠



دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی پەیامێکی هاوخەمی ئاراستەی خانەوادەی بارزان مەلا خالید دەکات

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕاگەیاندنکاری تێکۆشەر، بارزان مەلا خالید، دوێنێ سێشەممە پەیامێکی هاوخەمی ئاراستەی خانەوادەی کۆچکردوو کرد، لە بەشێکی پەیامەکەدا وێڕای هاوخەمی، ڕایدەگەیەنێت، هەڤاڵ و پێشمەرگەی دێرین بارزان مەلا خالید تێکۆشەر و کادیرێکی ناسراو و دڵسۆزی پارتیان بوو، لە قۆناغەکانی خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەماندا ڕۆڵی شیاو و دڵسۆزانەی خۆی گێڕاوە و کەسایەتییەکی بەرچاو و نیشتیمانپەروەر بووە. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێزان/ خانەوادەی هەڤاڵی تێکۆشەر(بارزان مەلا خالید)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵی تێکۆشەر و ڕاگەیاندنکاری دێرینی پارتیان (بارزان مەلا خالید)مان بیست، کە ئەم بەیانییە بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم هەڤاڵانی دەکەین و، خۆمان بە هاوبەشی ئەو کۆستەتان دەزانین.

هەڤاڵ و پێشمەرگەی دێرین(بارزان مەلا خالید) تێکۆشەر و کادیرێکی ناسراو و دڵسۆزی پارتیان بوو، لە قۆناغەکانی خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەماندا ڕۆڵی شیاو و دڵسۆزانەی خۆی گێڕاوە و کەسایەتییەکی بەرچاو و نیشتیمانپەروەر بووە، خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٩٦٧ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سەفین بووە و دواتر لە ساڵی ١٩٧٤ وەکو بێژەری ئێزگەی دەنگی کوردستان لە خەبات بەردەوام دەبێت و بە دەنگ و سەدای پڕ حەماسەتی شۆڕش و کورد‌ایەتی روحی بەرەنگاری و فیداکاری لە ناخی پێشمەرگە و گەنجانی نیشتمانداجۆشدەدات کە هەردەم لە یادی رزگاریخوازاندا بە زیندویی دەمێنێتەوە. پاشان لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەجێگەیاندنی کار و ئەرکەکانی خزمەتێکی زۆری بزاڤی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی کردووە و هەروەها چەندین بەرپرسیاریەتی حزبی و حکومی پێ سپێردراوە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەجێی گەیاندوون، بۆیە لەدەستانی ئەو تێکۆشەرە زیانێکی دیکەیە بۆ پارتیان.

ئومێدەوارین هاوسۆزیی و هاوخەمیی هاوپیشە و هاوسەنگەرانی و دۆست و میدیاکار و ڕۆشنبیران بۆ دوا کۆچی هەڤاڵی کۆچکردوومان بێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری ئێوە و ئێمە و هەموو لایەك.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەك ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٥ـی ئابی ٢٠٢٠

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بارزان مەلا خالید دەکات

بنەماڵەی بەڕێزی تێکۆشەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کورد (بارزانی مەلاخالید)

هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری دیار و ڕۆژنامەنووس و ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان و بریکاری پێشووی وەزارەتی ڕۆشنبیری (بارزانی مەلا خالید) خەمباری کردین.

(خارە بارزان) خەباتکارێکی بەهەڵوێست و ڕۆژنامەنووسێکی دڵسۆز و بێژەرێکی حەماسەخولقێنی سەردەمی ڕاگەیاندنی شاخ بوو.

بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - هەوە هاوخەمیی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمان و دۆستان و سەرجەم ڕۆژنامەنووسان دەکەین. گیانی خوالێخۆشبوو ئارام، دواخەم و ناخۆشی بێت .

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

(خەبات) پرسەنامەیەک ئاراستەی خانەوادەی بارزان مەلا خالید دەکات

بۆ خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو بارزانی مەلا خالید

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و کادیری دێرینی ڕاگەیاندن و بێژەری بەناوبانگی دەنگی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوول (بارزانی مەلا خالید) هەموومانی خەمبار کرد.

بارزانی مەلا خالید، دوای پەیوەندی کردنی بە شۆڕشی ئەیلوول، هەر زوو وەک ئەستێرەیەکی دیاری ڕاگەیاندن، بەتایبەتیش لە دەنگی کوردستان، وەک بێژەری بەناوبانگ لەشۆڕشی ئەیلوول دەرکەوت و ناوبانگی پەیدا کرد، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، لە شۆڕشی گوڵان و دواتریش لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ ڕۆڵی لەوبوارەدا دیار بوو.

بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی شاد بکات و سەبووری و ئارامی بە خانەوادە و کەسوکاری ببەخشێت.

انا لله و انا اليه راجعون

خەبات

پرسەنامەیەک لە دەزگای سەتەلایتی کوردستانەوە

دەزگای سەتەلایتی کوردستان پرسەنامەیەك ئاراستەی خانەوادەی بارزان مەلا خالید دەکات.

بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەرو پێشمەرگەو ڕاگەیاندنکار و کەسایەتیی دیاری کوردستان بارزانی مەلا خالید، پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمیی ئاراستەی سەرجەم خزم و کەسوکارو هاوڕێ و هەڤاڵانی دەکەین.

کۆچی دوایی بارزانی مەلا خالید، بۆ هەموومان جێگەی خەمباری و بۆ هەمیشە دەنگە زوڵاڵ و پڕ لەحەماسەتە کوردایەتییەکەی و یادو یادگارییەکانی خەباتی لەدڵ و دەروونی هەموومان بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

دەزگای سەتەلایتی کوردستان







بارزانی مەلا خالید

دەنگی زۆڵۆڵی شۆڕش و پێشمەرگەی ئەیلوول و گوڵان کۆچی دوایی کرد







کاروان محەمەد سینو

دیسانەوە ئەستێرەیەکی دیکەی خەباتی بزاڤی رزگاری خوازی کورد ڕژا، دیسانەوە خەباتکار و شۆڕگێڕێکی دیکەی ڕێبازی بارزانی کۆچی دواییکرد، دیسانەوە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و تێکۆشەری میللەتەکەمان بۆ دواجار چەکی شۆرشگێڕی دانا، دیسانەوە و ڕوشنبیر و ڕاگەیاندنکارێکی دیکەی مەیدانی خەبات و هەڤاڵ و هاوکارمان (خاڵە بارزان).. بارزان مەلاخالید بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین.

چیرۆکی خەباتی هەڤاڵمان (خاڵە بارزان) پڕە لە تێکۆشان و خەبات بەرخودان، پڕە لە ئەزموونی پێشمەرگایەتی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و راستگۆیی و نیشتیمان پەروەری. ئەگەر (خاڵە بارزان) ماڵئاوایی لێکردین و ئەمڕۆ بە گیان لەگەڵ ئێمەدا نییە، بەڵام دەنگە زۆڵاڵەکەی (ئێڕە دەنگی کوردستانە) هەرگیز لەناخی ئێمەدا لەیاد ناچێت.. هەرگیز لەناخی پێشمەرگە و شۆڕگێڕانی نەوەی ساڵانی هەشتاکان هەرگیز ئۆغر ناکات تاوەکو روح لە گیانی ئێمەدا مابێ. چونکە دەتوانم بڵێم (خاڵە بارزان) بەدەنگ و گوتار و شیعروپەخشانە شۆڕشگێڕانەکانی لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی (دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان) هانەدر و ئیلهام بەخشی دەستەو و نەوەیەکی شۆڕگێڕ و نیشتیمان پەروەر و پێشمەرگەی پارتی و ڕێبازی بارزانی بوو.

خاڵە بارزان نموونەی مرۆڤێکی خاکی و نموونەی پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندنکاربوو، هێمن و دووربین،چالاك و بەجەرگ بوو، خاوەن ئەزموونێکی شۆڕشگێڕانەبوو، پێشمەرگەیەکی خاکپەرستی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بوو. کۆچکردنی (خاڵەبازران) کۆستێکی گەورەیە بۆ ئەزموونی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری کوردستان، زیانێکی مەزنە بۆ بیرەوەری و ئەرشیفی خەبات و شۆڕشی میللەتەکەمان.

بەداخ و پەژارەیکی گەورەوە بەرەبەیانی 25ی8ی2020 هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ (بارزان مەلاخالید)مان بیست، ئەم هەواڵە وەکو بروسکەیەکی ناخۆش و دڵتەزێن میدیا و ڕاگەیاندنەکانی تەواوی کورستانی هەژاند. خەم و پەژارەکیەکی زۆری خستە نێو دڵی هەموو میدیاکار و هەڤاڵانی (خاڵە بارزان).

بۆیە لێردا سەرەخۆشی لە خۆمان و یەکەیەکەی هەڤاڵ و دۆست و ڕاگەیاندنکار و سەرجەم خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان دەکەم، هەروەها سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادەی هەڤاڵ (بارزان مەلاخالید) دەکەم، خواسەبووری هەموولایەك بداتەوە و هەڤاڵ (بارزان مەلاخالید) بەبەهەشتی ئەزەلی خۆی بپارێزێت.

کورتەیەك لە ژیاننامە بارزان مەلاخالید:

- ناوی (بارزان خالید عەزیز)ـە، ناسراوە بە (بارزان مەلاخالید) و لەبەر خۆشەویستی زۆرێکیان بە (خاڵە بارزان) ناومان دەبرد.
- بارزان مەلاخالید لە ساڵی 1945 لە گوندی مورتکەی گەروە لە دەڤەری قوشتەپە سەربە هەولێر لەبەنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەر لەدایك بووە.
- خوێندنی سەرەتایی لە گوندی مورتکەی گەورە تەواو کردووە و قۆناغی دواناوەندی لە شاری هەولێر خوێندووە.
- لە بەهاری ساڵی 1966 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و لە بەتالیۆنی دووی هێزی سەفین سەربە لقی4ی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە.
- لەساڵی 1966 تاکو 1967 وەکو مامۆستای شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەی لە گوندی (پیرەر)ی دەشتی هەولێر کردۆتەوە و منداڵانی ئەو گوندەی فێری خوێندن و نووسین کردووە.
- لە کۆتایی ساڵی 1968 بارزان مەلاخالید گواستراوەتەوە بۆ ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) ڕادیۆی شۆڕشی ئەیلوول لە دەڤەری باڵەکایەتی و لەوێ وەکو بێژەری هەواڵ و نووسەر دەست بەکار بووە.
- لە ساڵی 1971 تاکو 1974 وەکو کارمەند لە قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر دامەزراوە.
- لەساڵی 1974 دووبارە گەڕایەوە (ڕادیۆی دەنگی کوردستان) و دووبارە وەکو بێژەر و نووسەر دەستی بە کاری ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕانە کردەوە.
- لە بەهاری ساڵی 1975 ئاوارەی ئێران بووە.
- لە پایزی ساڵی 1975 گەڕاوەتەوە عێراق و لەلایەن ڕژێمی (بەعس)ی ئەوکاتەی عێراق زۆرەملێ ڕاگوێزرایەوە باشووری عێراق و لە (فەلوجە) نیشتەجێ کرا.
- لە بەهاری ساڵی 1982 بارزان مەلاخالید دووبارە پەیوەندی بە شۆڕشی گوڵان کردەوە و بووە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی و وەکو بێژەر و نووسەر لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستبەکار بووەوە.
- لەساڵی 1986 گواستراوەتەوە بۆ لقی دوو و وەکو کارگێڕی لقی2 و بەرپرسی ڕاگەیاندنی لق کاری کردووە.
- لە ساڵی 1988 تاکو 1990 نوێنەری پارتی بووە لە بەشی ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی و لەم ماوەیەدا هاوکار لەگەڵ نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ئەندام لە بەرەی کوردستانیدا مانگانە ڕۆژنامەیێکیان بڵاوکردۆتەوە بەناوی (بەرەی کوردستانی).
- لە سەرەتای ساڵی 1990 دوبارە گواستراوەتەوە بۆ (ڕادیۆی دەنگی کوردستان).
- لە مانگی ئابی ساڵی 1991 کراوەتە ئەندامی کارگێڕی لقی2.
- هەر لەساڵی 1991 بۆتە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستان و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان. بارزان مەلاخالید لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و میدیاکان بەگشتی زۆر چالاك و بەرهەمدار بووە.





- لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە 19ی5ی2020 وەکو ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردرا.
- لە 8ی5ی1993 بۆتە بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- لە ساڵی 2006 بارزان مەلاخالید توشی نەخۆشی دڵ دەبێت و سەرکەوتووانە نەشتەرگەری بۆ کرا.
- لە 15ی12ی2020 لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانییەوە میدالیای (بارزانی) پێی بەخشراوە.
- لە 16ی ئابی2020 پاش ئەوەی باری تەندرستی بارزان مەلاخالید تێکچوو، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی، ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کرا.
- بەداخ و پەشەرەیەکی گەورەوە لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە 25ی8ی2020 دڵە گەورەکەی (خاڵە بارزان) لە لێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین. هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە و ڕۆنامەڤان و ئستێرەی میدیای کوردی (بارزان مەلاخالید) و هەموشەهیدانی کورد و کوردستان، لەسەرووبانەوە بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەردەم لەیاد.

دهۆک.. بە گوژمەی 22 ملیار دینار پڕۆژە ئەنجام دەدرێن



سەرەڕای قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی داهات بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری، لەمساڵدا لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی دهۆك ژمارەیەك پڕۆژە جێبەجێ دەکرێن، بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانیش دەڵێ، گوژمەی پڕۆژەکان ٢٢ ملیار دینارە.

دیار بەحری، بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی دهۆك، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «هەرچەندە ئەمساڵ دەوام وەك پێویست نەکراوە و بە هۆی کۆرۆناوە قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیاندرا، بەڵام ئەوەی پێڕاگەیشتین وەك شارەوانییەکان درێغییان نەکرد بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و، ژمارەیەك پڕۆژەی نوێش ئەمساڵ کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە».

بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی دهۆك دەشڵێت: «پڕۆژەکان بە گوژمەی ٢٢ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێن و لەوانەش سێ پڕۆژەی گرینگ لە سنووری قەزای زاخۆ لە قۆناغی کۆتاییدان بۆ دەستپێکردنیان بە گوژمەی ١١ ملیار دینار».


بەحری ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «ژمارەیەك پڕۆژەی دیکە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن لە بواری جیاوازەکاندا، سەرچاوەی داهاتی ئەو پڕۆژانەش بودجەی پارێزگای دهۆك و قەزای زاخۆ و هاوکاریی هەندێ ڕێکخراوی بیانییە، ئەمەش هەنگاوێکی باشە، کە سەرەڕای قەیرانی دارایی بتوانین پڕۆژە پێشکەشی هاوواڵتیانی خۆمان بکەین».

سۆران..شاندێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ ڕەوشی تەندروستی دەڤەرەکە دەکات



ڕەنجبەر بەرزنجی_نـ سۆران

بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ ڕەوشی تەندروستی دەڤەری سۆران شاندێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە (وەیسی سەعید وەیسی و ئەرشەد حوسێن و خەدیجە عومەر و حەسیبە سەعید) بە جیا سەردانی قائیمقامییەتی قەزای سۆران و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆرانیان کرد , لەمبارەیەوە (وەیسی سەعید وەیسی) وەك ئەندامێکی شاندەکە تایبەت بە خەبات ڕایگەیاند , لەو سەردانەدا لە نزیکەوە گفتوگۆ لەبارەی دۆخی مەترسیداری پەتای کرۆنا کرا بە تایبەت هۆکارەکانی هەڵکشان و بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووانی پەتای کرۆنا لە سنووری دەڤەری سۆران , هەروەها هەنگاو و ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکانمان بوو و لای خۆمانەوە وەك شاندی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشیان لە پزیشك و کارمەندانی کەرتی تەندروستی ناوچەکە کرد کە بەوپەڕی دلسۆزییەوە ئەرکی پیشەیی و مرۆڤدۆستانەی خۆیان لەوبارودۆخە بەجێگەیاندووە , هەروەها لە نزیکەوە گوێبیستی داواکاری و پێداویستییە تەندروستییەکانی ناوچەکە بووین بە تایبەت هەبوونی کێشەی ئۆکسجین بۆ ئەمەش وەك شاندی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بەڵێنمان دا کە سەرجەم داواکارییەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنیان بگەیەنینە لایەنی پەیوەندیدار , شایانی باسە هەر لە درێژەی سەردانەکەیاندا شاندی ناوبراو سەنتەری پشکنینی کۆرۆنا (کۆڤید١٩)ی زانکۆی سۆران و سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گواستراوەکانی سنووریان بەسەر کردەوە.



ئاسایشی هەولێر شوفێری ئەو بارهەڵگرەی دەستگیر کرد کە ببووە هۆی گیان لەدەستدانی ماتۆڕسوارێک

ئاسایشی هەولێر لە ڕاگەیەنراوێکدا دەڵێت: لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٠ ڕووداوێکی هاتوچۆ لە نێوان ماتۆرسکیلێك و بارهەڵگرێك لە شاری هەولێر - شەقامی مەخمور ڕوویداو بووە هۆی گیان لە دەستدانی شۆفێری ماتۆرسکیلەکە بە ناوی (مەهدی سەعدی حەسن سەعدی) و بارهەڵگرەکەش نەوەستابوو و ڕایکردبوو.

ئاسایشی هەولێر دەشڵێت: دوای ڕووداوەکە تیمەکانی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیەان توانیان بارهەڵگرەکە و تاوانباری ڕاکردوو بە ناوی (ك.م.أ) بدۆزنەوە و ئەمڕۆ دەستگیری بکەن و لە سەر فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەش ڕێکارە یاساییەکانی بەرامبەر وەردەگیرێت .

بۆ پەرەپێدانی زمانی کۆری لە کوردستان کونسوڵی کۆریای باشوور داوای هەماهەنگی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکات



وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەگەڵ کونسوڵی کۆریای باشور لەهەرێمی کوردستان دابینکردنی ژێرخانی پڕۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ زانکۆکانی کوردستان و کردنەوەی بەشی زمانی کۆری لە یەکێک لە زانکۆکانی کوردستان تاوتوێ دەکات.

ئەم گفتوگۆیەی (د. ئارام محمد قادر) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٤ لەمیانی پێشوازیکردنی هات لە (چۆی کوانژین) کونسوڵی گشتی کۆماری کۆریای باشور لە هەرێمی کوردستان کە تیایدا هەریەک لە بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرانی گشتی ئامادەبیون. لە دیدارێکدا باڵاوبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا چۆی کوانژین، بۆ پەرەپێدانی زمانی کۆری لە کوردستان، داوای هەماهەنگی و کاری هاوبەشی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرد بەتایبەت بۆ کردنەوەی بەشی زمانی کۆری لە زانکۆکانی کوردستان.

د. ئارام محمد قادر لە ڕێگەی کونسوڵی کۆریای باشور لە هەرێمی کوردستان داوای لەو وڵاتە کرد، هەماهەنگیان بۆ کاری هاوبەش زیاتر بێت، بەتایبەت بۆ ڕاهێنانی ستافی خوێندنی باڵا و وەرگرتنی شارەزایی و پسۆری زیاتر لەو وڵاتە لەبواری خوێندنی باڵا و سیستمی نوێی جیهانی خوێندن، هەروەک وتیشی بۆ دابینکردنی ژێرخانی پڕۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ زانکۆکانی کوردستان پێویستمان بەهاوکاری ئەو وڵاتەیە، چونکە ژێرخانی زانکۆکانی کوردستان لەڕوی ئەلیکترۆنی و سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنی پێویستی بە هاوکاری زیاترە.

لە هەرێمی کوردستان و وڵاتان و لێکەوتەکانی لە بواری ئابووری و چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی و ،هەروەها ئەزمونی سەرکەوتوی کۆریای باشوور لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەتاکە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆریای باشور و چەند پرسێکی دیکە تاوتوێکران. کۆنسوڵی کۆریای باشور لە هەرێمی کوردستان لەوتەیەکدا کورتەیەکی لەبارەی کار و چالاکییەکانی لەماوەی کاریان لە هەرێمی کوردستان پێشکەشکرد، بۆ ئەمەش وتی: هەرێمی کوردستان و کۆریا لە بواری خوێندنی باڵا پەیوەندی بەهێز و کاریگەریان هەیە، بەتایبەت ئەو سکۆلەرشیپانەی حکومەتەکەی پێشکەشی هەرێمی کوردستان و عێراقی کردوە.



لە 24 کاتژمێردا 677 کەس تووشی پەتای کۆرۆنا بوون

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری ئەمڕۆی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە، بەپێی ئامارەکەش لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 18 کەس بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 677 کەسی دیکەش تووشی پەتاکە بوون، کە ئەمە زۆرترین ژمارەی تووشبووانە بە کۆرۆنا لەماوەی یەک ڕۆژدا تۆمار کرابێت لە هەرێمی کوردستان. بەپێی ڕاگەیەندراوی ژمارە 181ـی تایبەت بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، تائێستا: 948 کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە، 25 هەزار و 929 کەس تووشی کۆرۆنا بوون، لەبەرامبەردا 15 هەزار و 494 کەس چاکبوونەتەوە.

هەرێمی کوردستان..

سوپاسنامە

بە ناوی خانە وادە ی شە هید حاجی ناصر ، سوپاسگوزاری هە موو ئەو بەڕێزو ئازیزانەین کە لە گەڵیان بە شداربوون لە کۆچی دوایی مامی گە وڕە مان کادیرو و پێشمەرگە ی شۆڕشی ئەیلول (حاجی فرخ ناصر) چ لە کاتی بەخاك سپاردنی یان بەتەلەفۆن پەیوەندیان پێوەکردین یان بەنامە لە خەمەکانیان سووك کردین و هاوسۆزی پرسەکە مان بوون .

سوپاسی زۆر بە ریز کاك (سیداد بارزانی) بە ڕپرسی بارەگای بارزانی دەکەین کە بە نوێنەرایەتی جە نابی سە ڕۆك (مسعود بارزانی) بە پەیوەندی تەلەفۆنی هاوخەمی خۆی نیشاندا بۆ پرسەکەمان و هە ڕوە ها لە هەواڵپرسی باوکمانیان کرد. هەروەها بە ڕێز کاك (فازڵ میرانی) سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیمان کە پەیوەندی تەلەفۆنی بە شداری پرسەکە مان بوون.

هە ڕوە ها بە ڕێز هە ڤاڵ (کاکەمین نەجار) سەرۆکی ئە نجوومە نی سەرکردایە تی هە ولێر و ئەندامانی ئەنجومەن، هە ڤاڵ عەلی حسین بە ڕپرسی مە کتە بی پە یوە ندییەکان ، هەڤاڵ هیوا ئەحمەد مستەفا بەڕپرسی لقی ٢٤/ ی سفین و هە ڤاڵانی کارگێڕ لقی بە ڕێزو بە ڕپرسی سەرجە م ناوچەکانی لق و یەکەی کارگیری پارێزگای هە ولێر بەتایبە تی قایمقامی قەزای (شەقڵاوەو چۆمان) و شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای هە ولێر کە بە پەیوەندی تەلەفۆنی هاوخەمی خۆیان دەربڕی.

سوپاسی زۆرمان بۆ هە موو خزمانی بە ڕێزو قەدرگران لە پارێزگاکانی (هەولێر - کرکوك - سلێمانی - دهۆك) و بەتایبەتی خزمانی (شە قڵاوە و سۆران و ڕاوندوز و هەریر و خەلیفان و هیران و سکەتا ن) کە بە شداربون بە پەیوەندی تەلەفۆنی، خوای گەورە تەندروست و سلامەتیان بکات ئینشائەللا.

لە گە ل ڕێزماندا

ڕزگار حەسەن ناسڕ
لە جیاتی خانە وادەی شە هید حاجی ناسڕ

بەهاکەی بە 800 هەزار دۆلار دەخەملێندرێت

کۆنسوڵخانەی ئەمەریکا کەلوپەل و پێداویستی تەندروستی رادەستی وەزارەتی تەندروستی کرد





خەبات: هەولێر

لە ڕێورەسمێکدا، بە ئامادەبوونی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی)، کۆنسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر، ڕۆب وۆڵەر ژمارەیەك کەلوپەل و پێداویستی تەندروستی ڕادەستی وەزارەتی تەندروستی کرد.

لە ڕێورەسمەکەدا وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، د. سامان بەرزنجی گوتی: پێشتر چەند جارێك لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنسولخانەکان کۆبوونەوە و چەند ڕۆژێك پێش ئێستاش لەگەڵ کۆنسوڵی ئەمریکا کۆبوونەوە و داوای پاڵپشتی و هاوکاری زیاترمان کرد بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، چونکە ئێستاش هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنایە. لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بە فەرمی پڕۆژەی وەزارەتی تەندروستییەیان پێشکەش کرد و باسیان لە دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کرد کە بەڕێژەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و بارێکی قورسە، داوامان کرد کە کار بکرێت بۆ هاندانی پەنابەران بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان و لەگەڵ ئەوەیشدا لێرە باشترین خزمەتگوزاری بخرێتە بەردەم ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان.

د. سامان بەرزنجی گوتیشی: ئەمڕۆ لەگەڵ نوێنەرانی ژمارەیەك لە ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە لەسەر ئەوەی یوئێن بڕیاریداوە هەر کەسێك لە ستافەکانیان تووشی نەخۆشی کۆرۆنا بن ئەوا بگوازرێنەوە بۆ هەولێر و نەخۆشخانەیەك تەرخان دەکرێت کە لەڕێگای ڕێورەسمێکدا یاداشتێکی لێکتێگەیشتن واژوو دەکرێت بۆ ئەم بابەتە.

لەبارەی کەلوپەل و پێداویستییە تەندروستییەکانیش، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. سامان بەرزنجی گوتی: ئەمڕۆ ژمارەیەك لە ئەمبولانس و ژمارەیەك لە پێداویستی پزیشکی و هەندێك لە ئامێرەکانی دروستکردنی ئۆکسجین و پێداویستی تاقیگەیی ڕادەستی وەزارەتی تەندروستی کرا کە بە 800 هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لە ڕێورەسمەکەدا، کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر، ڕۆب وۆڵەر لە میانی پێشکەشکردنی کەلوپەل و پێداویستییە تەندروستییەکان کە لەنێویاندا شەش ئەمبولانس هەبوو، گوتی: ئەم ئەمبولانسانە پارمەتی پەنابەرانی سووریا و کۆمەڵگا خانەخوێیەکانییان دەدەن لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك و سلێمانی. ئەمبولانس دەرخەری بەخشندەیی و خێرخوازی وڵاتەکەی من نییە بەتەنیا، بەڵکو نیشانەی وڵاتی ئێوەشن بۆ لەباوەشگرتنی لێقەوماوان.

ڕۆب وۆڵەر گوتیشی: لەکاتی دژواری و ناخۆشیدا هاوڕێکان لەیەکتر کۆدەبنەوە و بەدەم یەکترەوە دەچن، خەڵکی هەرێمی کوردستانیش ئەو شتە دەزانن، لەوەتەی دەستپێکردنی قەیرانی سووریا، خەڵکی بەخشندەیی هەرێمی کوردستان 99%ی ئەو پەنابەرە سووریانەیان لەباوەشگرت کە ڕوویان لە عێراق کردبوو کە دەکاتە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك کەس.

وەزیری تەندروستی:


ژمارەیەك ئەمبولانس و پێداویستی پزیشکی و هەندێك لە ئامێرەکانی دروستکردنی ئۆکسجین و پێداویستی تاقیگەیی ڕادەستی وەزارەتی تەندروستی کرا

کونسوڵی گشتی ئەمەریکا:

ئەمبولانس دەرخەری بەخشندەیی و خێرخوازی وڵاتەکەی من نییە بەتەنیا، بەڵکو نیشانەی وڵاتی ئێوەشن بۆ لەباوەشگرتنی لێقەوماوان

سەرەڕای بەرزبوونەوەی ئامارەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا

گەشت و سەیرانی بەشێکی هاووڵاتیان، مەترسی تووشبوون بە پەتاکە زیاتر دەکات



خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی

ئەگەرچی وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندارەکان و پزیشکانی پسپۆر لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بەردەوامن لە بڵاوکردنەوەی هەنگاوەکانی خۆپارێزیی و ڕێنمای دوورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ ، کەچی گەشت و سەیرانی ڕۆژانی پشووی بەشێك لە هاووڵاتیان و ئەو قەرەباڵغی و جەنجاڵییەی لە هاوینەهەوار و ناوچە گەشتیارییەکان دروستی دەکەن مەترسییەکانی بڵاوبوونەوە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بە پەتاکە زیاتر دەکات.

ئاشکرایە لە ماوەی دوومانگی ڕابردوو ڕێژەی تووشبووان بە پەتای کۆرۆنا و تەنانەت ڕێژەی گیانلەدەستدان بە هۆی پەتاکەش لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕووی لە زیادبوون کرد ئەمە لە کاتێك لایەنە پەیوەندیدارەکان و پزیشکانی پسپۆر بەردەوام ڕێنمایی هاووڵاتیان دەکەن کە مانەوە لە ماڵ و دوورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ فاکتەرێکی گرنگی هەنگاوەکانی خۆپارێزی لە پەتاکەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژانی پشوو بەشێك لە هاووڵاتیان بە بەمەبەستی گەشت و سەیران ڕوو لە هاوینەهەوار و ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن و بەمەش قەرەباڵغی وجەنجاڵی و بەرکەوتنی زۆر دروست دەبێت و مەترسی تووشبوون بە پەتای کۆرۆنا زیاتر دەکات.

هیوا تاهیر کە لەگەڵ خێزانەکەی لە پارێزگای هەولێرەوە سەردانی یەکێك لە ناوچە گەشتیارییەکانی دەڤەری سۆرانی کردبوو وێڕای دەستخۆشی بۆ وروژاندنی ئەو بابەتە گوتی: زۆر ڕاستە، قەرەباڵغی و کۆبوونەوەی بە کۆمەڵی خەڵك بە دەوری یەکتر هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تووشبوون و بڵاوبوونەوەی زیاتری نەخۆشییەکە، بەڵام من وەك خۆم ئەگەرچی لە ماڵەوە هاتوومەتە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکم بۆ گەشتەکەم هەڵبژاردووە کە قەرەباڵغ نەبێت و خەڵکی زۆر لێ کۆ نەبووبێتەوە، بەردەوامیش چاودێری مندااڵەکانم دەکەم بۆ ئەوەی لێرەش لە خەڵکی دیکە نزیك نەکەونەوە، بە گشتی مەبەستم ئەوەیە هەوڵدەدەین لێرەش تا دەکرێت هەنگاوەکانی خۆپارێزی جێبەجێ بکەین.

لە لایەکی دیکەوە ئاری خورشید کە خەڵکی ناوچەکەیە ئاماژەی بەقەرەباڵغی ڕێگاوبانەکان لە ڕۆژانی پشوو کرد و گوتی : بەراستی زۆر سەیرە بەردەوام لە تەلەفزیۆن ئەو هەموو پزیشکە هۆشداری دەدەنە خەڵك کە لە ماڵەوە بمێننەوە بۆ ئەوەی دوور بن لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەچی لە ڕۆژانی پشوو خەڵکێکی زۆر ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن و دەبینین قەرەباڵغییەکی زۆر لە ڕێگاکانی هاوینەهەوار و شوێنە گەشتیارییەکان دروست دەبێت ، بە تاکیدیش ئەو قەرەباڵغییە مەترسی تووشبوون زیاتر دەکات، چونکە خەڵکێکی زۆر تێکەڵاوی یەکتر دەبن و لە یەکتری نزیك دەبنەوە، من وەك خۆم ئەمساڵ هیچ گەشت و سەیرانێکم ئەنجام نەداوە و ئەنجامیشی نادەم تا ئەو نەخۆشییە بنبر نەکرێت، لای خۆشمەوە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم کە تا دەکرێت لە ماڵەکانیان بمێننەوە و گەشت و سەیرانەکانیان بخەنە دوای تێپەڕاندنی ئەو پەتایە.

هەر سەبارەت بەم بابەتە کۆبوونەوەی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و باریکی قورسە، داوامان کرد کە کار بکرێت بۆ هاندانی پەنابەران بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان و لەگەڵ ئەوەیشدا لێرە باشترین خزمەتگوزاری بخرێتە بەردەم ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان.

د. سامان بەرزنجی گوتیشی: ئەمڕۆ لەگەڵ نوێنەرانی ژمارەیەك لە ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە لەسەر ئەوەی یوئێن بڕیاریداوە هەر کەسێك لە ستافەکانیان تووشی نەخۆشی کۆرۆنا بن ئەوا بگوازرێنەوە بۆ هەولێر و نەخۆشخانەیەك تەرخان دەکرێت کە لەڕێگای ڕێورەسمێکدا یاداشتێکی لێکتێگەیشتن واژوو دەکرێت بۆ ئەم بابەتە.

لەبارەی کەلوپەل و پێداویستییە تەندروستییەکانیش، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. سامان بەرزنجی گوتی: ئەمڕۆ ژمارەیەك لە ئەمبولانس و ژمارەیەك لە پێداویستی پزیشکی و هەندێك لە ئامێرەکانی دروستکردنی ئۆکسجین و پێداویستی تاقیگە لەلایەن کۆنسوڵی گشتیی ئەمەریکا، ڕۆب وۆڵەر ڕادەستی وەزارەتی تەندروستی کرا کە بە 800 هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لە ڕێورەسمەکەدا، کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر، ڕۆب وۆڵەر لە میانی پێشکەشکردنی کەلوپەل و پێداویستییە تەندروستییەکان کە لەنێویاندا شەش ئەمبولانسانە هەبوو، گوتی: ئەم ئەمبولانسانە پارمەتی پەنابەرانی سووریا و کۆمەڵگا خانەخوێیەکانییان دەدەن لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك و سلێمانی. ئەمبولانس دەرخەری بەخشندەیی و خێرخوازی وڵاتەکەی من نییە بەتەنها، بەڵکو نیشانەی وڵاتی ئێوەشن بۆ لەباوەشگرتنی لێقەوماوان.

ڕۆب وۆڵەر گوتیشی: لەکاتی دژواری و ناخۆشیدا هاوڕێکان لەیەکتر کۆدەبنەوە و بەدەم یەکترەوە دەچن، خەڵکی هەرێمی کوردستانیش ئەو شتە دەزانن، لەوەتەی دەستپێکردنی قەیرانی سووریا، خەڵکی بەخشندەیی هەرێمی کوردستان 99%ی ئەو پەنابەرە سووریانەیان لەباوەشگرت کە ڕوویان لە عێراق کردبوو کە دەکاتە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك کەس.




کۆڕۆناو و دەمامک

■ دیدار سابیر

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بەکارهێنەرانی دەمامك لە زیاد بووندایە، کارگەکانی دڕوستکردنی دەمامك لەناوخۆ فریا ناکەون و لە وڵاتانی دەرەوەیش لەڕێگەی بازرگانەکان و پەشێك لەڕێکخراوە تەندروستییە جیهانییەکان هەوڵی هاوردەکردنی ماسك و دەستکێش و پێداویستییەکانی دیکەی خۆپارێزی دەدەن، ئێستا دەبێ بپرسین هەموو ئەوانە بۆچی؟! بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە: لە پێناو خۆپارێزی لە تووشبوون بەم پەیتایە و نەمردن و مانەوە لە ژیاندا.

مرۆڤ بونەوەرێکە زۆر گرینگی بەخۆی دەدات و خۆی خۆشدەوێت، بۆ ئەوەی بەخۆشی و تەندروست بژی هەموو هەوڵێك دەدات و مافی خۆیشیەتی کەوابێت، بەڵام پەیدابوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان و هەموو جیهان و خۆپارێزی ئێمەی مرۆڤ لەوەی کە دەمامك بەکاربهێنین، 100% ئەو لۆژیکە پزیشکییەمان بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێت: خۆپارێزی باشترە لەچارەسەر.

ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێك ئەوەی پێگوتین، بە هەموو مرۆڤایەتی گوت خۆتان بپارێزن، چارەسەرەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەر قۆناغێکدابن لە ئێستا نەبوونەتە بەربەست لەبەردەم تەشەنەکردنی زیاتری ڤایرۆسەکە، هەتا ئێرە جگە لە خۆپارێزی هیچ بەربەستێکی زانستی نییە کە داهێندراوی مرۆڤ بێت و بتوانێت لەو مەترسییانە دەربازمان بکات، بۆیەش لەپێناو ژیانێکی تەندروست لەکۆنەوە گوێمان لێبووە کە دەیانگوت مرۆڤ خۆی باشترین دکتۆری خۆیەتی بۆ ئەوەی تەندروست بژی، پەتای کۆرۆناش ئەو زەنگە مەترسیدارەی بۆ لێدایین و قسەی باب و باپیرانی بۆ پشتڕاست کردینەوە، ئەگەر هاتوو بەخۆت خۆت خۆشنەوێت و خەمخۆری خۆت نەبیت، ئەوە نزیکترین کەس و هاوڕێ و تەنانەت دایك و باوکیشت ناتوانن خەمت لێبخۆن و بتپارێزن، ئەگەریش ڤایرۆسەکە بەتوندی بگریت لەوەیە کۆتایی بەژیانت بهێنێت و سەرباری ئەوەیش کەسە ئازیزەکانت، دایك باوك خێزان و منداڵەکانت، هاوڕێکانت گوناح و تاوانیان چییە لەساییەی خۆپارێزینەکردن و پشتگوێخستنی ڕێنماییە تەندروستییەکان ژیانی ئەوانیش بخەیتە مەترسی؟! بۆیە جارێکی دیکەیش دەبێ بە هەمان لۆژیکی زانستی مامەڵە بکەین، کە خۆپارێزی باشترە لە چارەسەرکردن.




بۆچی پارتی بە ئامانج دەگیرێ؟

ئەسرین عاسی شوانی

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەك حزبێكی كاریگەر لە گۆڕەپانی كوردایەتی پەیڕەو و پرۆگرام و نەخشەڕێگای خۆی هەبووە بۆ دەستبەركردین ئازادی و سەربەخۆیی خەڵكی كوردستان. هەردەم دوژمنانی كورد و بزووتنەوەكەی بە گومانەوە سڵیان لە ستراتیجییەتی پارتی كردووە و لە هەمبەریدا هەوڵیان داوە پاشەكشە بە هەوڵ و تێكۆشانەكانی پارتی بكەن و دەستەمۆی خواستە گلاوەكانی خۆیانیان بكەن. بۆیە دوژمنانی كورد لەو چوارچێوەیەدا دەیان پیلانی گلاویان گێڕاوە تا وەكو پارتی وەك یەكەم حزبی خەمخۆری بزووتنەوەی كوردایەتی لە ڕەوت و خەبات خۆی بخەن و ئیتر شتێك نەبێت بەناوی دۆزی كورد و داوا ڕەواكانی گەلەكەمان. هەروەك بینیمان و مێژوو شاهیدی ئەوەیە كەوا پارتی دیموكراتی كوردستان لە دامەزراندنییەوە تاكو ئەم چركەساتە لەلایەن هێزە شۆڤێنییە عێراقی و حكوومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراقەوە بە ئامانج گیراوە و هەوڵ دراوە دەنگی زوڵاڵی پارتی كپ بكرێت و كێشەی كورد و كوردستان بۆ هەمیشە پەراوێز بخرێت، وەك پێشتر بینیومانە و دوژمن و بزووتنەوە شۆڤێنییە عێراقییەكان دڕێغییان نەكردووە لە دژایەتی پارتی و هەر هەڵێكیان دەس كەوتبێت قۆستویانەتەوە و دژی پارتی بەكاریان هێناوە، هەروەك دەبینین لە ئێستاشدا ئەو هەوڵە نەزۆكانە بەردەواميیان هەیە و خەونی حوشتری بەو ڕۆژەوە دەبینن كەوا خواست و بزاڤ و چالاكییەكانی پارتی سنوردار بكەن. واتا هێزە شۆڤێنییە عێراقییەكان بەردەوامن لە ئامانج گرتنی پارتی و لە هەوڵی زیاترن بۆ پوكانەوە و پەراوێزخستنی پارتی، هەر وەك دەبینین لە ئێستادا پارتی لە هەرێمی كوردستان تاكە هێزە لە گۆڕەپانی دەستەبەركردنی خواست و مافە دەستوورییەكانی خەڵكی كوردستان. بۆیە هێزە شۆڤێنییەكانی نێو حكوومەتی عێراق بەردەوامن لە ئامانج گرتنی پارتی و خستنی تەگەر و لەمپەر لەبەردەم خەبات و خواستەكانی پارتی و كەوتوونەتە مللانێی نەڕێنی لەگەڵ پارتیدا و خەون بە لاوازكردن و سنورداركردنی خەبات و هەڵمەتەكانی پارتی دەدەن. بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی حزبێكی هەڵقوڵاوی ناخی میللەت و خەڵكی كوردستانە و داكۆكی كاری خواست و مافە دەستوورییەكانە، بۆیە شۆڤێنی و ناحەزانی پارتی و خەڵكی كوردستان سەریان لە شاخە سەركەشەكانی كوردستان دەدەن و خەونە نگریسەكانیان هەرگیز نایەنەدی و بەوحەسەرەتەوە سەردادەنێن.

ئەگەر ڕامان بكەین بۆ هەوڵەنەزۆكەكانی ئەم دواییەی شۆڤێنییەكانی ناو حكوومەتی عێراق، دەبینین كە سەری پەتە ڕزیوەكەی پیلان دژی هەرێمی كوردستان لە دەستی هێزە شۆڤێنییە عێراقییەكان دایە، كێشە بۆ حكوومەتی هەرێم دروست دەكەن بە بڕینی بەشە بودجەی كوردستان و مووچە و شایستە داراییەكانی فەرمانبەرانی هەرێم، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی كە شكست بە خواست و خەباتی پارتی بهێنن لە دەستەبەركردنی مافە ڕەوا و دەستوورییەكانی خەڵكی كوردستان. بەو خەو و خەیاڵ پڵاوانەی كە هەیانە دەیانەوێت لەڕێی بڕینی مووچە و بودجەی هەرێم، شكست بە پارتی و خەباتی پارتی بهێنن بەوەی كەخەڵكی برسی بكەن تا لە دژی پارتی بەكاریان بهێنن، بێ خەبەر لەوەی كە كورتبینانە لە پارتی و سەركردایەتیی پارتی گەیشتون كە پارتی لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵەی خۆیدا ڕووبەڕووی سەدان دوژمنایەتی و پیلانی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی بووەتەوە و شكستیان بە شكستەكان و (پیلانە گلاوەكان) هێناوە و پارتی هەر لەمەیدانی خەبات چەقیوە و مەرگی چەندین دوژمن و داگیركەرانی دیوە. دڵنیاشین كە هەوڵەنەزۆكەكانی شۆڤێنییەكانیش وەك كڵاوی بابردوو بەرووی گەردەلوولی خواست و مافەڕەواو دەستوورییەكانی خەڵكی كوردستان دیارنامێنن و پارتیش بەسەربەرزی ئەم قەیرانانە تێدەپەڕێنێت.



چاوان چارەسەریا قەیرانێن ئابووری یێن بچویک بكین؟!

سەردار شاكر سلێڤانەی*

هەلبەت قەیران چ یا ئابووری بت یان ژی یا هەر قەیرانەكا دی، ئەم دشێن پێناسە بكەن ب تێكچونا كاودانێن جڤاكی مینا گران بۆنا بهایێ كەل و پەلان یان ژی كێم بونا دەرامەتێن سروشتی مینا گاز و غاز و هەمی پێدڤیێن ژیانێ یان هندەك ژوان پێدڤیان، و هەر قەیرانەك ژ تێكا دی جیاوازە بۆ نمونە قەیرانا بلندبونا بهایێ كەل و پەلان وەكی قەیرانا نەمانا كەل و پەلان نی نە و هەر تێك ژوان ڕێكێن خوە یێن تایبەت هەنە و چارەسەریا جودا دڤێت بو بهێتە كرن. بونمونە ئەگەر ئەم بێژن ئابووریّ وەلاتی یێ د كاودانیێن هەلاوسانێدا، (هەلاوسان) دهێتە پێناسە كرن ب بلندبونا بهایێ كەل و پەلان و هاتنە خوارا بهایێ دراڤی كو تو دێ یەكێن دراڤی یّن زور مەزێخی دا هەروەك كەل و پەلێن بەرێ بدەست ڤە بینی كو بەرێ نوكە دبیت بهایێ وان تنێ 5 دولار بن لێ دوەختا قەیرانا ئابووری و هەلاوسانێ دا دبیت بها بتە 50 دولار و زێدەتر ژی، لێ ژبەر كو پەیدا بونا قەیرانییّن ئابووری بدەستێ كەسەكێ بتنێ نی نە و دیسان چارەسەری ژی لدەف تاكی نابت. دڤیا بت حكومەتا وەلاتی یان جهێن دەستهەلاتدار راببن بكێم كرنا دراڤی لناڤ بازاری دا كو بها جارەك دی جێگر ببن لێ ئەڤ كاودان تنێ بەنكا ناڤەندی دكارت كونترولێ لسەر بكت و ڤێ قەیرانێ چارە بكت بسێ ڕێكێن گونجای مینا: كرین و فروتنا قەوالێن دارایی و كێمكرن و زێدەكرنا رێژا مفایی و كێمكرن و زێدەكرنا رێژا یەدەكێ بەنكان لدەڤ بەنكا ناڤەندی. و د هەر قەیرانەكێ دا دبیت گەلەك كەس باجەكا مەزن بدن و هندەك باجەكا كێم و ئەو ژی دمینت لدیف شیانێن هەر كەسەكێ و كوژم و قەبارێ دراڤێ وی و بازرگانیا وی دوەختا قەیرانان دا. لێ كەسێ نورمال دێ چاوان ژ قەیرانان خلاس بن ئەڤە یا گرنگە چونكی كەسێن نورمال و تاكێن سڤیل گەلەك شەهرەزای نی نە دكریارێن ئالوگور كرنێ دا و نەشێن بئاسانی دگەل قەیرانێن ئابووری بگونجن، لێ تاكە چارەسەری بۆ دەربازبونێ ژ قەیرانێن ئابووری ژلایێ تاكەكەسان ڤە ئەوە كو ئەڤ تاك یان كەسە ڕێڤەبەریا دراڤ و سەروەت و سامانێ خوە بكن بریكێن ژیرانە و نەبنە نێچیرا دافێن بازرگانێن بهێز بریكا هزركرن د خەرجكرن و ڕێكێن وێ دا و خوە ژ كەل و پەل و تشتێن نەپێدڤی دویر بكن و هەتا تشتێن گرنگ ژی چونكی تشتێن گرنگ هەنە و گرنگتر ژی هەنە و باش هزرا خوە بكن كا ئەرێ ئەو دراڤێ بدەست دكەڤت تیرا خەرجیاتێن وان هەنە یان نە و كا داهات دێ بۆ هێتە ڤە یان نە لە وا دڤێت بهشیارانە سەرەدەریێ دگەل دراڤێ خوە بكن و هزرا هلگرتنا وی ژی بكن بۆ روژێن بەرتەنگ، دیسان ئەم دزانییەن كو ئەگەر مە لشوونا د زڤستانێ دا شنی ل گازێ بگەرن مە وەك تاك دكاری لهاڤینان گاز و غازان پربكین ببهایەكێ كێم تر و ئەم دا ژ قەیرانا نوكە یا گاز و غازان دەربازبین و ئەم توشی قەیرانا ئابووری نە دبوین لێ دڤیا بت ئەم بزانن ژی قەیرانییّن ئابووری یّن مەزن هەنە و یّن بچویك لێ ئەڤ قەیرانییّن نوكە یّن بچویكن تنێ بێهنفرەهەیی لسەر دڤێت و ب پلان دارشتنا پێش وەخت دا هەم تاك هەم حكومەت بێ ئاریشە و قەیران بمینن.

*ماموستایێ زانكویا پولیتەكنیك دهوك.

باهەموومان خۆنەویستانە لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتی خەڵكی كوردستاندابین

شەمسەددین هەركی



میللەتێك زیاتر لە یەك سەدە لەلایەن دوژمنانی هەوڵی لە ناوبردنی دەدرا بەڵام بۆیان نەچووە سەرو خوای گەورە(مستەفا بارزانی) وەك هەڵوێەكی چاو تیژو چاونەترس بە كوردی بەخشی، دژی زوڵم و زۆرداری لەگەڵ دوژمن جەنگا، لەهەموو لایەكەوە میللەت بە خۆبەخشانەو ئەوپەڕی دڵسۆزی و ئینتیماێ كوردینی لە دەوری كۆبوونەوەو بڕیاری یان كوردستان یان نەمانیان لە دژی دوژمندا.

لەو كات وساتەی كە بارزانی و هەڤاڵەكانی بڕیاریاندا لە دژی دوژمن بجەنگن ئیتر قۆناغ بە قۆناغ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وەك هەر میللەتێكی جیهان سەربەخۆبن روژانە لە پێناو خاك و ئاڵا وئازادی لاوانمان گیانی خۆیان دەكردە قوربانی و دەنگیان هەڵبڕی ئیتر قبووڵیان نەكرد ژێر دەستەبن، ئەوەبوو ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق بەو پەڕی بێ ویژدانی و نا ئینسانییەتەوە بڕیاری جۆراو جۆریاندا بۆلە ناوبردن و سڕینەوەی شوناسی كورد مافەكانی خەڵكی كوردستان ، بەڵام پشت بەستن بە سەركردەی كورد (مستەفا بارزانی) و خوای گەورەو مەبدە ئو خوشەویستانی ئەم ڕێبازە كۆڵیان نەدا لە پێناو رزگاریی كوردستان گیانی خۆیان كردە قوربانی بگرە سەرو ماڵیشیان هەر لە پێناو دۆزی كورد و ئازادی و سەربەخۆیی بەخشی.

خۆ بەدەستەوە نەدانی شۆڕشگێڕان مەرگەساتی جۆراوجۆری بەدوای خویدا هێنا كە دواییان كیمیا بارانكردنی شاری هەڵەبجەی شەهید بوو بەڵام دڵسۆزی و مەبدەئی جەنگاوەرەكانمان لەشاخ بەناوی پیرۆزی پێشمەرگە كۆڵیان نەدا تا گەیشتن بە ئازادی كوردستانی خوشەویست..

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاكی شەهیدانی ڕێگای رزگاریخوازان و سەروەریان باوكی نەتەوەی كورد (مستەفا بارزانی) ئومێدەوارم شۆڕشگێڕانەتوانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی هەمان بیركردنەوە یان هەبێت بەرانبەر بە دۆزی كوردو كار لەسەر ژیاندنەوە و پەرەپێدانی دڵسۆزی و نیشتیمان پەروەری و پەیوەست بوون بەبنەماكانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و باهەموومان خۆنەویستانە لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتی خەڵكی كوردستاندابین. لە كۆتایدا هەموومان لە ناو یەك كەشتیداین خوا نەخواستە كەشتیەكە ژێر ئاو بكەوێت نەك تەنها شۆڕشگێڕان بەڵكو تەواوی میللەتی كورد بە خەون و تامەزرۆیی سەدان ساڵەی سەربەخۆیی كوردستان ژێر ئاو دەبن.

كوردستان لە هەرچوار لاوە لە لایەن دوژمن دەورە دراوە، دەبێت تەواوی خەڵكی كوردستان بە هەموو نەتەوە و چین و ئایین و ئانزاكان یەك بن و دەست لە ناوەدەست بنێن بە ڕابەرایەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی تا گەیشتن بە دواییین ئاوات كە ئەویش سەربەخۆیی كوردستانە.

شكۆی كورد لە عێراقدا


د.سانع شەریف شێرزانی



ناشكرایە كە خەباتی گەلی كورد لە عێراقدا بە چەند قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە بێگومان لە هەر قۆناغێكدا چەندین دەسكەوتی بەدەستهێناوە، لەوانە قۆناغی شۆڕشگێڕی كە بووە هۆی ئازادكردنی ناوچەكانی هەرێمی كوردستان لە دەست حكومەتی بەعسی ڕوخاوی عیراق . و دواتر قۆناغی بەدەستهێنانی فیدڕالی ساڵی 1992 كە دیسان حكومەتی ئەوكاتی عیراق ناچار كرد كە قبوڵی بكات. ئیتر لەم قۆناغە بەدواوە كورد توانی ووردە ووردە پەرە بە حوكمرانیەكەی بدات تاكو گەییشتە قۆناغی مانەوەی لە ناو دەوڵەتێكی فیدرالدا لە سەر بنەمای حكومڕانیێكی هاوبەش. ئەم قۆناغەش دوای ڕووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی2003 بەهەوڵی سەركرادیەتی سیاسی كورد بەسەرۆكایەتی سەرۆك بارزانی قۆناغێكی زێڕین بوو، بەو پێیەی بەشێكی زۆری ئەو مافانەی كە قوربانی زۆری بۆدراوە وەكو ئەنفالی بارزانیەكان وكیمیابارانی هەڵەبجە لە دەستوری هەمیشەی عیراقدا چەسپێنران. گرنگترینیان بوونی قەوارەیكی فیدرالی و دەستوری بوو كە خۆی لە هەرێمی كوردستان دەبینێتەوە، لەمەش گرنگتر پرسی خاك كە كەركوك و ناوچەكانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان چارەسەرێكی دەستوری بۆ دانرا و حكومەتی عیراق پابەندكرا بە جێبەجێكردنی.

بەمەش هەم قەوارەی دەستوری هەرێمی كورستان وهەم مافە دەستوریەكانی دانپێنانێكی نێودەوڵەتیان وەرگرێت. و بڕێوی ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمێش لە ئاستێكی باش دابوو هەروەها خزمەتگوزاریەكان وكەرتی ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان لە ئاستی بەرەوپێشچوندابوو. بەگشتی كەرتی ئابوری و داهاتی تاك لە ئاستێكی باشدابوو بەپێچەوانەی ناوچەكانی تری عیراق و كەرتی ئابوری عیراق كە تا ئێستاش زۆر خراپە.

ئەمەش وای لە لایەنە سیاسیە عەرەبە تونڕەوەو دژە كوردەكانی عیراق بكات دژ بەم پێشكەوتنانەی هەرێم بن. بۆیە لە ساڵی 2014 وە سەرەڕای ئەوەی حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عیراق بە بیانوی جۆراو جۆری ناڕەوا خۆی لەم بەرپرسیاریە دەستوریەكەی دەدزێتەوە لە دوا كاری نادەستوریدا پەنای بردە بڕینی قوتی خەڵكی هەرێمی كوردستان كە بڕێوێك پەیوەست بوو بە شكۆی ژیانی خەڵكەوە . ئیتر لەم قۆناغە سەختەدا حكومەتی هەرێمی كوردستان وێڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ترسناكترین ڕێكخراوی تیرۆرستی جیهانی و دابەزینی نرخی نەوت لە جیهان دا و بەڵام توانی سەركەوتووانە بەرامبەر ئەم قەیرانانە بوەستێت و دواترپاش پشتگوێخستنی دەستوور و كەنارخستنی هەرێمی كوردستان لەلایەن حكوومەتی بەغدا بڕیە هەرێمی كوردستان پەنا بۆدەسكەوتێكی تری میژوویی وچارەنوساز ببات بۆ پاراستنی شكۆی كورد و دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەی كە ئەمڕۆ بەسەر كورد هاتوون ئەمیش ڕیفراندۆم بوو بە سەر پەرشتی سەرۆك بارزانی .پرۆسەكە سەركەوتوو بوو. بەڵام بەداخەوە بە هۆی ڕووداوی شانزەی ئۆكتۆبەرەوە پێلانگێڕی تاقمێكی لایەنێكی نێوخۆیی و هەرێمی بەشێكی زۆری خاكی كوردستان كەوتە ژێردەستی میلیشاكانی عیراق. ئەمەش كاریگەری لە سەر ئاسایشی ژیان وگوزەرانی خەڵكی كورد و شكۆی كوردەوە هەبوو. بۆ نموونە كەلەمچەكردنی مامۆستایێكی كورد بە دیار خێزانە مردووەكەیەوە بەهۆی نەخۆش كۆرۆنا لەلایەن پۆلیسی عێراقەوە لە كەركوك ئەمە ئەو پەری لە كەداركردنی شكۆی كوردە. و هەلكردنی تەنیا ئاڵای عێراق لە یەكێك لە بازگەكانی كەلار سەر بە پاریزگای سلێمانی بەهاوكاری حیزبی بالادەستی ئەوێ نمونەیكی تری شكاندنی شكۆی كوردە. لە لایێكی تریشەوە ژمارەیێك پەرلەمانتاری كورد لە هەرێم و لە بەغدا كە ناكرێت ناویان بهێنرێت و بەرچاون لە نێو چەند لایەنێكی سیاسی كوردستان دژی مووچەو قوتی خەڵك و قەوارە دەستوریەكەی هەرێمی كوردستانن هەڵوێستیان هەیە و لێدوان دەدەن. ئەمەش خزمەت بە ئەجندای هەرێمی و بەو حیزبە عەرەبە شۆڤینییانە دەكەن كە مووچەش بە مافی خەلكی هەرێمی كوردستان ڕەوا نابینن. بۆیە كاتی ئەوە هاتووە خەڵك تێبگات كە ئەوەی خەمخۆری ئەم هەرێمەیە و ئەوەی بتوانێت شكۆ بۆ كورد بگەڕێنێتەوە تەنها سەرۆك بارزانیە.





ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە:

هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە و هیچ گۆڕانکارییەکی تیادا نەکراوە

لەگەڵ عێراق هێشتا نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتنی کۆتایی

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق جەبار یاوەر ڕایگەیاند: تا ئێستا لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و هێڵی بەرگریی هاوبەش، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هێشتا کۆبوونەوە و گفتوگۆکان بەردەوامن و لێکتێگەیشتن لەسەر چەند خاڵێك هەیە.

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق جەبار یاوەر گوتی: دامەزراندنی ناوەندی هەماهەنگیی لەنێوان ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەفسەرانی وەزارەتی بەرگریی عێراق، بوونی هێزی هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و بابەتی هێڵی بەرگریی هاوبەش بە دریژایی ئەو ناوچانە، گفتوگۆی لەسەرکراوە. فەریق جەبار یاوەر ڕاشیگەیاند تا ئێستا لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و هێڵی بەرگریی هاوبەش، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هێشتا کۆبوونەوە و گفتوگۆکان بەردەوامن و لێکتێگەیشتن لەسەر چەند خاڵێك هەیە.

فەریق جەبار یاوەر لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، لەبارەی هەنگاوەکانی کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش گوتی: لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق گفتوگۆمان کردووە و لە پەیوەندی بەردەوامین لەسەر سێ بابەتی سەرەکی کە بریتین لە ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش، ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و هێڵی بەرگریی هاوبەش لە ناوچەکانی دیالە، کەرکوك، مەخموور و مووسڵ. گوتیشی: تا ئێستا دوو کۆبوونەوەمان کردووە، یەکێکیان لە دووی تەمووز و ئەوەی دیکەش لە ٢٠ی تەمووز و لەسەر کۆمەڵێك لەو بابەتانە لێکتێگەشتنی هاوبەشمان هەبووە، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ ئەوەی واڕووی لەسەر بکەین، هەندێك شت لە سۆشیاڵمیدیادا قسەی لەسەر دەکرێت، ڕەنگە ئەوانەی لێدوان دەدەن بەشدار نەبوون لە کۆبوونەوەکان و وردەکاری نێو کۆبوونەوەکان نەزانن، بە گشتی بەردەوامین لە کۆبوونەوە و گفتوگۆ، ڕەنگە کۆبوونەوەیەکی دیکە لە ماوەیەکی نزیکدا هەبێت لەنێوان لێژنەی باڵای هەماهەنگیی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق.

فەریق جەبار یاوەر لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەربارەی ناوەندەکانی هەماهەنگیی هاوبەش گوتی: هەردوولامان هاوڕاین لەسەر ئەوەی هەماهەنگی تووندوتۆڵ هەبێت لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ کۆتایی هێنان بە تیرۆریستانی داعش بەتایبەت لە ناوچەکانی خورماتوو، کەرکووك، ناوچەکانی مەخموور و مووسڵ، بەڵام هەماهەنگی میکانیزم و ئالییەتی هەیە و هەموو ئەوانەمان لە سێ خاڵ کۆکردووەتەوە، یەکێکیان دامەزراندنی ناوەندی هەماهەنگیی لەنێوان ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەفسەرانی وەزارەتی بەرگریی عێراق، یەکێکی دیکەیان بوونی هێزی هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، خاڵی سێیەمیش بابەتی هێڵی بەرگریی هاوبەش بە درێژایی ئەو ناوچانە.

فەریق جەبار یاوەر لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی وادەی ڕێککەوتنی کۆتایی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق گوتی: هێشتا نەگەیتشووینەتە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی ئالییەتی جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە باسم کرد، بەڵام لێکتێگەیشتنی باش هەیە دەربارەی زۆر لە خاڵەکان، پێویستە بۆ هەموو ئەو خاڵانە ڕێوشوێنی گونجاو دابنێین ئەوکات ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، دیاریکردنی وادەی کۆبوونەوەی داهاتوو هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە، بەڵام بێگومان کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبن، چونکە بڕیار دراوە هەموو مانگێك لێژنەی باڵا کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدات و بێگومان کۆبوونەوەیەك لە بەغدا و کۆبوونەوەیەکیش لە هەولێر دەبێت. سەبارەت بە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی: ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە پێنج لێژنەی بااڵمان هەیە بەپێی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ دەربارەی بابەتە سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە ئێمە، لێژنەکان بەردەوامن لە کۆبوونەوەکانی خۆیان لەنێو وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی حەفتا و هەشتا، هەم لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی و ناوخۆ، هەروەها ئەنجوومەنی وەزیران، بێگومان بەپێی ئەو پلانەی حکوومەت ئەو خاڵانەی پەیوەندیدارن بە وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی ئەو یاسایە جێبەجێی دەکەین.



لە بارەی هاوکارییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە گوتی: لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤، هاوکاری هێزی پێشمەرگە لە ئاسمانە و مەشق و یارمەتی هێزی پێشمەرگە و بەشداریکردنیان لە پڕۆسەی چاکسازی تا ئەو چرکەیە بەردەوامە و هیچ گۆڕانکارییەکی تیادا نەکراوە.

هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق تووشی کۆرۆنا بێت، لە هەولێر چارەسەر دەکرێت



د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان دوێنێ (سێشەممە، ٢٥-٨-٢٠٢٠) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر ڕایگەیاند: «ئەمڕۆ دواهەمین کۆبوونەوەی تیمی وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ تیمی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونامی) دەکەین لەسەر بڕیارێکی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان».

وەزیری تەندروستی ئاشکرای کرد ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری داوە «هەر ئەندامێکی ستافەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە عێراق تووشی کۆرۆنا دەبن، بهێنرێنە پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی چارەسەریی».


بۆ چارەسەرکردنی ئەو تووشبووانە، نەخۆشخانەیەک بە هەماهەنگی هەردوولا تەرخان دەکرێت، سامان بەرزنجی خۆشحاڵە بەو دەستپێشخەرییە و دەڵێ «ناردنی نەخۆشەکانیان متمانەیەکی گەورەیە، لە هەمان کاتدا پردێکی پەیوەندیی بەهێزتر دەبێت لە پاڵپشتیی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیمەش وەکو وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنمان پێداون کە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بکەین».

ئەمە لەکاتێکدایە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر، «لە هەڵسەنگاندنێکی وردیا سوپاسی وەزارەتی تەندروستی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد و ڕێکارە تەندروستییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنایان زۆر بە باشی هەڵسەنگاند».

گوتەکانی وەزیری تەندروستی لەمیانی بەڕێوەچوونی مەراسیمێک بوو لە هەولێر، کە تێیدا بەهەماهەنگیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و کونسوڵخانەی ئەمەریکا: شەش ئەمبیوڵانس، ژمارەیەک پێداویستیی پزیشکی، هەندێک ئامێری دروستکردنی ئۆکسجین بۆ بەشەکانی چاودێریی چڕ، پێداویستیی تاقیگەیی بۆ پشکنینی کۆڤید-١٩، هەندێک پێداویستیی خۆپاراستن بۆ نەخۆشخانەکان و بڕێک پێداویستیی دیکە کە بە ٨٠٠ هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بۆ وەزارەتی تەندروستی دابینکرا.

ڕۆب وۆڵەر، کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەکەدا ئاشکرای کرد «ئەو شەش ئەمبیوڵانسە بۆ خزمەتی پەنابەرانی سووری لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەروەها ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە لێیانەوە نزیکن».

کۆبوونەوەی داخراوی ٤٥ خولەکی کۆشنەر و کازمی، ئاخۆ چی لە هەگبەدایە



شەنگە هاوار کاکەیی*

لەناوەڕاستی مانگی ئابدا بە بانگهێشتنامەیەکی فەرمی، سەرۆك وەزیرانی عێراق و بەیاوەری وەزیری دەرەوە فوئاد حوسێن و شاندێکی یاوەریان، گەیشتنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە مەبەستی تاوتوێ کردنی کۆمەڵێك پرسی سیاسی و ئابووری ئاڵۆز و هەڵپەسێردراو. دیارە گەنگەشەی دیالۆگی کۆشکی سپی لەگەڵ وەفدی یاوەر لەسەر هەمان تەوەری ڕابردوو لەئارادابوون وەکو دڕێژەپێدەرێك بۆ هەمان دۆسێ کراوە، کەوا لەگەڵ مالیکی و عەبادیدا لەپێش هاتنی کازمی لە ساڵانی ڕابردوو بەبێ گەیشتن بەئامانج گرێدرابوون، لەوانە گرنگترینیان خواستی ویلایەتە یەکگرتووەکانە بە هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری حەشدی شەعبی کە لەسەر فەتوای گەورە مەرجەعی باڵای شیعی لە کاتی شەڕی داعش و داگیرکردنی چەند ناوچەیەك لە عێراقدا هاتە دامەزراندن و لە دەرهاوێشتەی ئەم ئاڵۆزیەشدا ئەم هێزە بوو بە هێزێکی یاسایی و ئاراستەیەکی سیاسی، ئێستاکەش لە پەرلەمانی عێراق خاوەن ٥٠ کورسین، وە تێکڕای ئەم هێزانە لە شەست و حەوت گرووپ پێکهاتوون و زیاتر لە سەد و سی هەزار چەکداریشیان هەیە.

ئەوەی جێگای سەرنجیشە حەفتا هەزار چەکداری ئەم هێزانە ڕاستەوخۆ سەر بە عەلی ئەکبەر خامنەئین ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لە سەر پێشهاتە سیاسییەکان و لە ناسەقامگیریی ڕەوشی ئەمنی لە ناوچەکەدا و لە پەراوێزخستنی پرسە دەستوورییەکانی گەلی کورد و لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە گۆڕەپانی عێراقیدا، بۆیە ئامانج و ویستی کۆشکی سپی لە دانوستاندنەکاندا ڕێڕەوی نەگۆڕە بۆ نەهێشتنەوەو کۆتاییهێنان بە نفووزی ئێرانی و دەست بڕینی ئێران لە هەڵسووڕاندنی خوانی سیاسەت لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش دیدگایەکی ڕۆشنکەرە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێز، بەو پێیەی کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تایەفی و مەزهەبگەرایی لە عێراق واتای کۆتاییهێنانە بە عەرشی فارسی و کۆماری فارسی و عێراقیش لەم سۆنگەیەوە دەکەوێتە سەر ڕێچکەی دیموکراسەیەتێکی ڕاستەقینە کە بە مەزەندەی ئەمەریکییەکان گرێ کوێرەی هاوکێشەکانە. چوونکە سیاسەتی ئێران نەوەك تەنها لە گۆڕەپانی عێراقیدا بگرە لە ڕۆژهەاڵتی ناوینیشدا لە پووکانەوەدایە نەخاسمە پاش کارەساتی بۆردوومانی بەندەری بەیروت و کردنەوەی مەلەفی تیرۆرکردنی حەریری لە دادگای لاهای نێودەوڵەتی کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارکتەرێکی کاران بۆ ئیدانەکردنی حزبوللای ئێرانی وەکو حزبێکی تیرۆریستی و وێڕای لەدایکبوونی ئاراستەیەکی تازەش لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی عەرەبی ئیسرائیلی لە بەهێزبوونی پەیوەندییە دیبلۆماتی و سیاسییەکانی نێوان ئیمارات و ئیسرائیل دا، بۆیە لەم ئانەدا دەکرێ بۆ ئەم هاوکات بوونەدا بڵێین کەوا ئاسۆیەکی تازە لەپەیوەندییەکان بۆ بەڕێوەبردنی مەلەفە هەڵپەسێردراوەکان لە ئارادیە بەتایبەتیش مەلەفی کوردی، چوونکە ناوچەکە لە گەمارۆی ئەلتەرناتیڤێکی تازەیە و ئەم هاوپەیمانییەش کە لە بووژانەوەدایە بەو مانایەیە کەوا هەڵگری پەیامێکی تازەیە لە ئاڵنگاری هاوکێشەکان و یەکێك لەوانەش هەڵدانەوەی مەلەفی کوردیە لەجێبەجێ نەکردنی پرسە دەستوورییەکان، هەرچەندە گرنگیدانی لایەنی ئەمەریکی بەپرسی بەهێزکردنی ئابووری و وزە لە بونیادنانەوەی عێراقدا مەهامێکی ستراتیژییە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە، سەرنجی شەقامە! بەڕێوەبردنی ئەم میتینگەش کە لە کەشێکی خەندەئامێز بەڕێوەچوو جێی ئومێدە، بەڵام ئاکامە نهێنییەکانی تا ئێستا نەزانراوە لە درێژە مانەوەی کازمی بۆ چەند ڕۆژێك و لە کۆبوونەوەی داخراوی چل و پێنج خولەکی لە نێوان یاریدەدەری سەرۆك ترمپ جیراد کۆشنەر، بۆیە حەقانە بپرسین ئاخۆ ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئێمەی کورد چی لەهەگبە دایە!؟

* ماستەر لەیاسای گشتی - زانکۆی حیکمە/ بەیروت

عێراق لە مانگی تەمووزی ڕابردوو زیاتر لە 85 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە

نەوتی هەناردەکراوی کەرکووکیش دوو ملیۆن و 701 هەزار و 15 بەرمیل بووە



وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا، ٨٥ ملیۆن و ٦٦٣ هەزار و ٢٩٠ بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە کە کۆی گشتی داهاتەکەی سێ ملیار و ٤٩١ ملیۆن و ٧٦٧ هەزار دۆلار بووە. وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە کۆی گشتیی داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا، گەیشتووەتە سێ ملیار و ٤٩١ ملیۆن و ٧٦٧ هەزار دۆلار.

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد لە ڕاگەیەندراوێکدا بە پشتبەستن بە ئاماری کۆتایی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق (SOMO)، کۆی گشتیی داهاتی نەوتی هەناردەکراو بۆ مانگی تەمووزی ڕابردوو، باڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە کۆی گشتی بڕی نەوتی هەناردەکراو لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا، گەیشتووەتە ٨٥ ملیۆن و ٦٦٣ هەزار و ٢٩٠ بەرمیل کە داهاتەکەی سێ ملیار و ٤٩١ ملیۆن و ٧٦٧ هەزار دۆلار بووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد ئاماژەی بەوە داوە کە لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا، بڕی نەوتی هەناردەکراو لە کێڵگە نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، گەیشتووەتە ٨٢ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار و ٣٨١ بەرمیل کە داهاتەکەی گەیشتووەتە سێ ملیار و ٣٦٦ ملیۆن و ٦٦ هەزار دۆلار.

عاسم جیهاد ئاشکرایشی کردووە کە لە مانگی ڕابردوودا، بڕی نەوتی هەناردەکراوی کەرکووك لەڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، گەیشتووەتە دوو ملیۆن و ٧٠١ هەزار و ١٥ بەرمیل کە داهاتەکەی ١١٨ ملیۆن و ٥٣٦ هەزار و ٧٧٣ دۆلار بووە.

ڕاشیگەیاندووە کە لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا، بڕی نەوتی هەناردەکراو بۆ ئوردن، گەیشتووەتە ٢٦١ هەزار و ٨٩٤ بەرمیل کە داهاتەکەی حەوت ملیۆن و ١٦٤ هەزار و ١٣٤ دۆلار بووە.

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد هەروەها ڕاشیگەیاندووە کە لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا، یەك بەرمیل نەوت بە ٤٠ دۆلار و ٧٦ سەنت فرۆشراوە.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کومپانیای دارا عباس محمد جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە قلاب ڕەنگ سپی + ڕەش ژمارەی شاصی NP9NCN۰۱۰CK۲۴۲۸۱۵ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی دارەتوو ژمارەی پسوولە (۰۲۶۳۹۵۷) بەرووار ۲۰۱۵/٦/۲۹ بەبڕی ۱۰۰۰۰۰ بەناوی نجاة عبدالله حسن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی یاسایی و گرێبەستەکان

ژمارە: ۹۰۸۰
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۸/۲٤

جاردانی زیادکردنی ناشکرا بۆ جاری یەکەم

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی و گرێبەستەکان هەڵدەستێت بەئەنجامدانی زیادکردنی ناشکرا بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی و مولکی دەولەت ژمارە (۳۲)ی ساڵی ۱۹۸٦ لەڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۹/۲۸ کاتژمێر ۱۰ی بەیانی لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەمەبەستی فرۆشتنی کەلوپەلی لەکارکەوتووی نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایك بوونی فێرکاری هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە پێویستە بری ۷۰۰,۰۰۰ حەوت سەد هەزار دینار وەکو بارمتە لەبەشی ژمێریاری دابنێت وە پاکانەی ئەستۆ بهێنێت.

بەئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی.

دکتۆر/ دلۆڤان محمد فاتح جلال
بەڕێوەبەری گشتی

***

دادگەها باری کەسایەتی قەسروك

ژمارە / ۳۳/ش/۲۰۲۰
ڕێکەوت ۲۰۲۰/۸/۱۸

ئاگەداری

بۆ / داوالێکراو (ادریس رمضان رشید)

ئامـاژە بـە داوای بـاری کەسـایەتی ژمـارە (۳۳/ش/۲۰۲۰) کـە هاتیـە تومارکـردن لـە لایـەن داواکار (غریـبە محمـد مصطفـی) تایبەتـە داوای جیابوونـەوە زەرەرمەنـدی (تفریـق للـضرر) پێویسـتە ئـەم ئاگادارییـە بێتـە بەڵاوکردنـەوە لـە بـەر ئـەوەی شـوێنی ئاکنجیبوونـی داوالیکـراو (ادریـس رمضـان رشـید) دیـارە نەبـو ئـەم دادگایـە بریـاری دا بێتـە ئاگادارکردنـەوە لـە دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە و ڕۆژی سـێ شـەممە (۲۰۲۰/۹/٦) هاتیـە دیارکـردن بـۆ ڕۆژی دادبینـی وە ئەنجـام وێنەیـەك لـە بـەلاو کراوەکـە بۆمـان ڕەوانـە بکـەن . لـە گـەل ڕێـزدا.

دادوەر / لۆی فاخر نعمت

***

قایمقامیا قەزا بەردەرەش
لێژنا بەرفرهکرنا مەشاعێ گوندا

ژمارە / ۳
ڕێکەفت / ۲۰۲۰/۸/۲٤

ئاگەهداری

لدیف برگا (۵) ل مادا (٤) ل ڕێنماییـن ژمـارە (۱) یـێ سالا (۲۰۱۵) یـا وەزارەتـا نافخـۆ یـا هەرێمـا کوردسـتانێ . لێژنـا تایبـەت ب بەرفرهکرنـا مەشـاعێ گونـدا ل قـەزا بـەردەرەش رابوویـە ب کارێ خـۆ ب مەرەمـا بەرفرهکرنـا مەشـاعێ گونـدێ (کانیـلان) لسـەر پارچـە ئـەردێ (۱۰/۱ و ۲۹/۱ و ۳) کەرتـێ (۵۸) کانیـلان ئەڤجـا هـەر کەسـەکێ تانـە هەبیـت پێشکێشـی لێژنـا نافـبری بکـەت ل مـاوێ (۱۵) پـازدە رۆژا ژ بەلاڤکرنـا ڤـی ئاگەهداریـێ .

خلیل محمود اوسی/ قایمقامی قەزا بەردەرەش
سەرۆکێ لێژنێ

***

قایمقامیا قەزا بەردەرەش
لێژنا بەرفرهکرنا مەشاعێ گوندا

ژمارە/ ۵
ڕێکەفت / ۲۰۲۰/۸/۲٤

ئاگەهداری

لدیف برگا (۵) ل مادا (٤) ل ڕێنماییـن ژمـارە (۱) یـێ سالا (۲۰۱۵) یـا وەزارەتـا نافخـۆ یـا هەرێمـا کوردسـتانێ . لێژنـا تایبـەت ب بەرفرهکرنـا مەشـاعێ گونـدا ل قـەزا بـەردەرەش رابوویـە ب کارێ خـۆ ب مەرەمـا بەرفرهکرنـا مەشـاعێ گونـدێ (موریـلان) لسـەر پارچـە ئـەردێ (٦/۱ و ۱۲/۱) کەرتـێ (۱۱) موریـلان ئەڤجـا هـەر کەسـەکێ تانـە هەبیـت پێشکێشـی لێژنـا نافـبری بکـەت ل مـاوێ (۱۵) پـازدە رۆژا ژ بەلاڤکرنـا ڤـی ئاگەهداریـێ .

خلیل محمود اوسی/ قایمقامی قەزا بەردەرەش
سەرۆکێ لێژنێ

***

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/۱
تۆماری ئامێرەکان

بەرووار: ۲۰۲۰/۸/۱۱

ئاگەداری

بەپێـی ئـەو داوایـەی کـە لەلایـەن (علاء الدین فـرج هویـر) پێشـکەش بـە فەرمانگەکەمـان کـراوە خاوەنـی کارگـەی (ابـدة و خیـط بـۆ کاری دووڕمـان) لەبـەرووار (۲۰۲۰/۳/٤) داوای تۆمارکردنـی ئـەو ئامێرانـەی کـردووە لـە (مزگەوتـی گـەورە) دانـراون کـە ئامێرەکانیـان لـە خـوارەوە دیـاری کـراوە بەپێـی یاسـایی دادنووسـانی ژمـارە (۳۳) سـاڵی (۱۹۹۸) بـەرکار لـە هەرێمـی کوردسـتان بڵاوکردەکەینـەوە هەرکەسـێ خـۆی بـە پەیوەندیداریـان خاوەنـی هەریـەك لـەو ئامێرانـە دادەنـێ لـە ماوەی (۱۵) پانـزە ڕۆژ سـەردانی ئـەم فەرمانگەیـە بـکات بـە پێچەوانـەوە بەنـاوی داواکارە تۆمـاری دەکەیـن و بڕوانامـەی تۆمـاری ئامێرەکانـی پـێ ئەدرێـت.

ئامێرەکان-

۱- ئامێـری دووڕمـان /صینـی/ مارکـەی BRUCE / کارەبایـی ۵۵۰/ بـێ ژمـارە سـێ دانـە.

۲- ئامێـری دووڕمـان/ صینـی / مارکـەی Britex / کارەبایـی / ژمـارە ۱۷۰۳۱۷۱۰۶.

دادنووس/ ئاودێر عبدالله حمه عزیز

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ٤٦۸/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۷

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: احمد حامدی جمیل

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروار ۲۰۲۰/۱۰/٤ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (۱۰/ف۵) لـە یاسـای بـاری کەسـی بەپێچەوانـەوە خۆتـان بەرپرسـیار بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ ئومید محسن حمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ٤۹/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۹

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد منیر عبدالله خضر

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروار ۲۰۲۰/۱۰/۱۲ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (۱۰/ف۵) لـە یاسـای بـاری کەسـی بەپێچەوانـەوە خۆتـان بەرپرسـیار بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ٤۵۱/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۹

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: زینە اسماعیل عبدی

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروار ۲۰۲۰/۱۰/۱۸ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (٤۵٦) لـە یاسـای (سـزاکان) بەپێچەوانـەوە خۆتـان بەرپرسـیار بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ٤٦۱ / ۲۰۲۰
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۸/۲۵

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچون و بینینی منآل

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤

ژمارە: ٤٦۸/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۷

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: احمد حامدی جمیل

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروار ۲۰۲۰/۱۰/۱۸ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (٤٤٦) لـە یاسـای (سـزاکان) بەپێچەوانـەوە خۆتـان بەرپرسـیار بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچون و بینینی منآل

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ٤٦۱ / ۲۰۲۰
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۸/۲۵

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: غازی ابراهیم حسین

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروار ۲۰۲۰/۱۰/۱۲ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (٤۵٦) لـە یاسـای (سـزاکان)، بەپێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ۲٦٤/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۲

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: غازی ابراهیم حسین

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروار ۲۰۲۰/۱۰/۱۲ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (٤۵٦) لـە یاسـای (سـزاکان)، بەپێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ۱٦۰/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۹

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: کوردو دوغان جعفر
جعفر و مرجان دوغان جعفر

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارتـان بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونتـان لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروارەی ۲۰۲۰/۱۰/۱۲ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنتـان بەپێـی مـادەی (٤٤٦) لـە یاسـای (سـزاکان) بەپێچەوانـەوە خۆتـان بەرپرسـیارن بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

لەبـەر ئـەوەی ئێـوە تۆمەتبـارن بەپێـی مـادەی ٤۲۱ لەیاسـای سـزایی وە سـەلماندنی هەلاتنتـان و نادیـاری جیگاکەتـان لەکاتـی ئێسـتادا بۆیـە بریـاردرا و پالپشـت بەمـادەی ۱٤۳ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێـی ڕاگەیاندنتـان لـە دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی بـۆ ئامادەبوونتـان لەبـەردەم دادگای تاوانـی چـوار لـە هەولێـر لـەڕۆژی ۲۰۲۰/۱۱/۱۱ وە بەپێچەوانـەوە دادگاییـی کردنەکـە ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسا.

سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای بەرایی هەولێر/۵

ژمارە/ ۷۱۸/ب/۲۰۲۰۵
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۷/۲۷

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد اسعد خوشەوی)

داواکاران (صامـد و سربسـت و ماهـر و سـەرهەنگ و سـالار و سـائر مندالانـی نامـق خورشـید) داوای ژمـارە (۷۱۸/ب/۲۰۲۰۵)ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لـە سـەر (محمـد اسـعد خوشـەوی) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری هەولێـر (مختـاری گەرەکـی عەرەبـی کـۆن و نـوێ سـعدوناوە) لـە ۲۰۲۰/۷/۱۹ بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێراگەیاندنـت لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ ڕۆژی دادبینـی (۲۰۲۰/۹/۱٦) کات (۹)ی بەیانـی بـە پێچەوانـەوە دادبینـی بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادوەر/ حسین علی محمد

***

دادگای کەتنی سەلاحەدین

ژمارە: ۷۵/ك/۲۰۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۷/۸

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نورالدین محمد عبدالله

ئاگادارکردنەوە

دادخـواز (عبدالسـتار عبدالقـادر وسـمان) داوای ژمـارە (۷۵/ك/۲۰۱۹) یـان لەسـەرت تۆمارکـردووە لـەم دادگایـە وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری کـوری بۆیـە دادگا بریـاری دا بەپێـی ڕاگەیاندنـت لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی بـۆ ئامادەبونـت لـە بـەردەم ئـەم دادگایـە لـەڕۆژی ۲۰۲۰/۱۰/۲۸ کاتژمێـر ۹ی بەیانـی بـۆ دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی ٤۵۷ لـە یاسـای سـزادان بەپێچەوانـەوە دادگایـی کردنـت بەپاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادوەر/ عثمان جمال القاضی

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ۲٦٤/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۲

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: غازی ابراهیم حسین

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروار ۲۰۲۰/۱۰/۱۲ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنتـان بەپێـی مـادەی (٤٤٦) لـە یاسـای (سـزاکان)، بەپێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/۱

ژمارە: ۱٦۰/ك/۲۰۲۰۱
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱۹

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: کوردو دوغان جعفر
جعفر و مرجان دوغان جعفر

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/۱٤۳ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادارتـان بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونتـان لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (۹)ی بەیانـی لـە بـەروارەی ۲۰۲۰/۱۰/۱۲ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنتـان بەپێـی مـادەی (٤٤٦) لـە یاسـای (سـزاکان) بەپێچەوانـەوە خۆتـان بەرپرسـیارن بەپێـی یاسـا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ۸۳۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۸/۲۵

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شمس الاقلیم) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (شـمس الاقلیـم) بـۆ بازرگانـی گشـتی/سنوردار) لـە ڕێکەوتـی (۲۰۲۰/۸/۱٦) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (الهـام عبدالقـادر عبدالرحمـن) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (۱٦۰) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (۲۱) سـاڵی ۱۹۹۷ی هەموارکـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروار ۲۰۲۰/۸/۲۵

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ۸۳۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۸/۲۵

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شمس الاقلیم) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (شـمس الاقلیـم) بـۆ بازرگانـی گشـتی/سنوردار) لـە ڕێکەوتـی (۲۰۲۰/۸/۱٦) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (الهـام عبدالقـادر عبدالرحمـن) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (۱٦۰) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (۲۱) سـاڵی ۱۹۹۷ی هەموارکـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروار ۲۰۲۰/۸/۲۵

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (GOLDEN DRINK) بـۆ بازرگانـی گشـتی و کـەل و پەلـی خـۆراك و خواردەمەنـی/ سـنوردار) بریـاری گۆرینـی (نـاو و چالاکـی)ی کۆمپانیـای داوە لـە کۆمپانیـای (GOLDEN DRINK) بـۆ کۆمپانیـای (بحـر الجـود) بـۆ بـازرگای گشـتی/ سـنوردار) بۆیـە هـەر کەسـێك نارەزایـی یـان مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (شـمس الاقلیـم) بـۆ بازرگانـی گشـتی/سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاکتـاوکار بکاتـەوە لـە (پاریـزگای هەولێـر – دریـم سـتی ژمـارە ٦٤)

پاکتاوکار/ الهام عبدالقادر عبدالرحمن

ناونیشان/ دریم ستی

ژمارەی مۆبایل/ ۰۷۵۰٤۲۳۵٦۷۱

ڕاپۆرتی ڕێکنەکەوتنی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکان و بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە

کەمال نوری مەعروف

پاش چەند گفتوگۆی نێوان شێخ حەزرەتی مەلیکی کوردستانی خوارو لەگەڵ ئینگلیزو بەهۆی ئەو وەڵامە ڕاستەوخۆو ئیسلامخوزانەی کەپێیدانەوە، کۆتایی گفتوگۆکان بەڕێکنەکەوتن هات، شێخ مەحموود پەیمانی ئینگلیزەکانی قبوڵ نەکرد. پێنج ڕۆژ لەمەوپێش یەك فڕۆکەهاتە سەر سلێمانی و کاغەزێکی خستۆتە خوارەوە ناوەڕۆکەکەی دەڵێت: ئەی مەلیك، یان سەربەخۆیی لەسایەی پاریزگاری ئینگلیزداو شەڕ لەگەڵ ئینگلیز یان ئامادەی شەڕ بە. جەنابی مەلیکیش تەلەگرافی کردووە بۆ کەرکووك و دووەمی هەڵبژاردووە. ڕۆژێك پاش ئەوە سێ فڕۆکە هاتنەوە سەر ئاسمانی سلێمانی و هەندێك بۆمبارانیان کردووەو یازدە کەس لەژن و منداڵ وە سێ ژوور زیانی پیگەشتووەو سێ جووت گا فەوتاوە، خەڵکی بەرەو دەرەوەی شار ڕۆشتووە، ئەمڕۆ دەنگی زۆر بەرزە، ئەنجام نادیارە، دەوترێت مەلیك مەحموود هاوپەیمانیی لەگەڵ تورکەکان ڕاگەیاندووەو ڕوونکردنەوە بەئینگلیزو خەڵك دەدات، ڕادەوەستێت تا سەربازانی کوردو تورك کە لەناوچەی ڕانیەو کۆیەن بەشدار بن، ئەمڕۆ یان سبەی مەلیك مەحموود بەتەواوی یەکگرتن لەگەڵ تورك و جەنگ لەگەڵ ئینگلیز ڕادەگەیەنێت، چونکە بیست ڕۆژ لەمەوپێش بەڕیز سەید عەبدوڵڵای ئامۆزای لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشای فەرماندەی ڕوانذوز کۆبۆتەوەو گفتوگۆیان کردووەو ئێستاش لەو ناوچەدایە. دە ڕۆژ لەمەوپێش لەلایەن فەرماندەی گەورەوە بۆ ئەم بەڵگەنامەیە مێژووەکەی بۆ (1301)ی کۆچی هەتاوی، 1923ی زایینی دەگەڕێتەوە، بەمانا هاوکاتە لەگەڵ بۆردومانی یەکەمی شاری سلێمانی.

ڕاپۆرتێکە لەسەر ڕێکنەکەوتنی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکان و بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن ئەوانەوە.

ڕاپۆرتەکە، لەلایەن کابینەی ویلایەتی کوردستان و گەڕووس – سەنەدەج بەواژۆی کاتبی یەکەم و هاوکاری کابینە کراوەو وێنەی بەوەزارەتی ناوخۆ دراوە.

بەرلەوەی بچمە ناو باسی ڕاپۆرتەکەو ڕوونکردنەوەی لەسەر بەم، بەلامەوە گونجاوە، هەڵوەستەیەك لەسەر وشەی (گەڕووس) بکەم، کە ڕاپۆرتەکە بەناوی ویلایەتی کوردستان و گەڕووس - سەنەدەج نووسراوە، پاشان لێکۆڵینەوە لەسەر ناوەڕۆك و بڕگەکانی لەڕووی مێژوویەوە بکەم.

وشەی گەڕووس، لەئێرانداا بەناوچەیەك و عەشیرەتێکیش گوتراوە، کە کوردن و دەکەونە ناوچەی کرماشان و هاوسنوورن لەگەڵ شاری (سەنەدەج)، وا دیارە ئەم پارچەیەش بەدانیشتوانەکەیەوە، لەسەردەمێکی پێشوتردا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاکراوەتەوەو بەناوچەیەکی تر بەستراوە، بەهیوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی پاکتاوی ڕەگەزیی تێدا بکەن و لەناسنامەی ڕەسەنایەتی خۆیان دایان مالن.

ڕاپۆرتەکە لەناونیشانەکەیەوە بێ وەفایی ئینگلیز بەرامبەر کوردو ڕێکنەکەوتنی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دەردەخات بۆ جێبەجێنە کردنی داخوازییەکانی، کە تایبەتە بەمافی سەربەخۆیی، کە هەموو خاکی باشووری کوردستان بگرێتەوە، بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی شێخ مەحموودو سەرکردایەتی شۆڕش لەباشوور. ئینگلیزەکان، هەر لەسەرەتاوە، بەو لایەدا لەپرسەکەدا خۆیان ساغکردەوە، کە مێژووی سەردەمەکە، دیاریکردووە، ئەوەیش لەوە زیاتر نەبووە، بەناوی حوکمدار دایانناوە، کە سنوورەکەی لەڕووباری سیروانەوە درێژبووەتەوە، هەتاکو گەشتووە بەزێی بچووك.

بەمانا دەسەڵاتیان سنووردار کردووە، تەنیا لەناوچەی سلێمانیدا هێشتوویانەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، هەروەکو لەبەرگی یەکەمی بەڵگەنامەکانیشدا ئاماژەم پێداوە، کە بیری یەکلایی کردنەوەی دواڕۆژی باشووری کوردستان، بەپێی ئەو نەخشەیەی کە شێخ ویستوویەتی بەئەنجامی بگەیەنێت، لای بریتانییەکان گونجاو نەبووە، چونکە ئەوان بڕیاریان لەلایەن قوتابخانەی بەغدادی لێپرسراوانی بریتانییەوە بۆ دراوە، کە بیری لەسەرخۆی بەستنەوەی کوردستان بووە، بەئیدارەی ڕاستەوخۆی عیراقی عەرەبییەوە، نەوەك، وەکو ئەوەی شێخ بانگەشەی بۆ دەکات کە کیانێکی سیاسی سەربەخۆی دەوێت.

ئەم حاڵەتە وایکردووە سیاسەتی بریتانی لەگەڵ کوردو سەرکردایەتییەکەیدا بکەونە دژایەتیکردنی یەکتریو ڕێکنەکەون.

لێرەوە دەچینە ناو ڕاپۆرتەکەو قسە لەسەر بڕگەکانی دەکەین، کە چۆن لایەنی ئێرانیی تا چ سنوورێك بەکاری چەواشەکارییەوە سەرقاڵبوون، بۆ شێواندنی پرسی کوردو نەگەیشتنی بەئەنجامێك کە بۆ کورد تروسکایی کی تێدا بێت. هەروەکو لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە، دەڵێت: (شێخ مەحموود، حەزرەتی مەلیکی کوردستانی خواروو، لەئەنجامی گفتوگۆکان ڕێکنەکەوتن و پەیمانی ئینگلیزەکانی قبوڵ نەکرد).. هتد. ئەم ڕێکنەکەوتنەو قبوڵنەکردنەیش، وایکردووە، فڕۆکەیەك لە 24ی شوباتی 1923 بێتە سەر سلێمانی، بەیان بەسەر شارەکەدا بەرباتە خوارەوە، کە هەڕەشەی بۆردومانکردن لەشارەکە بکات. بەڵگەنامەکەیش کە (ئیعلان)یکە، واژۆی موشاوری کەرکووکی لەسەر بووە، بەدوایدا بەچەند ڕۆژێك (3) فڕۆکە هاتوونەتە سەر سلێمانی، بەپێی بەڵگەنامەکە (هەندێك بۆمبایان بەسەر شارەکەدا بەرداوەتەوە، یازدە کەس لەژن و منداڵ و (3) ژوور زیانی پێگەیشتووە (3) جووت گاش فەوتاون).. بەلامەوە پێدەچێ زیانەکان زۆر لەوە زیاتر بن، لەوانەی لەبەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە، کە تەواوی زیانی بۆردومانەکەی نەگرتبێتەوە، ئەگەری سەرچاوەکانی مێژووی سەردەمەکە کە لەپێشیانەوە (چیم دی) ئەحمەد خواجەیە، و شایەتحاڵی ڕۆژگارەکەیە باسی زیانی زۆرتر دەکات و دەربەدەربوونی خەڵکی شارەکەو خۆهشاردانیان لەمزگەوت و سەرقەبرانەکان، لەوەیش زیاتر تاڵانکردنی دوکانەکانی گومرگەکە و ڕەفیق حیلمی سەرۆکی حزبی هیوا و مامۆستای کوردایەتی شاری خانەقین عەزیز پشتیوان داخوازییەك ئاراستەی حکومەتی عێراقی دەکەن و باس لەزەرورەتی دروستکردنی بەنداوێك دەکەن لەسەر ڕووباری ئەڵوەن لەشاری خانەقین، هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم باجەڵان لەساڵی 1974 بۆ هەمان مەبەست داوایەك سووتاوو ئاگرتێبەردانی لەلایەن دزو پیاو خراپەکانی شارەوە، جارێکیتر گەڕانەوە بۆ بەڵگەکە، و دەڵێت: (ئەی مەلیك، یان سەربەخۆیی لەسایەی پاریزگاری ئینگلیزدا، یاوەکو شەڕ لەگەڵ ئینگلیزدا، و ئامادەی شەڕبە).

لەوەڵامدا بەڵگەکە دەڵێت: (جەنابی مەلیك تەلگرافی بۆ کەرکووك کردووە، دووەمی هەڵبژاردووە..) وا دیارە لایەنی بەرپرس لەحکوومەتی کوردستان – گەڕووس، دەستی فرتوفێڵ و چەواشەکارییان بۆ تێکدانی ڕاستییەکان نەپاراستووە، هەروەکو بە بەڵگەنامەکەوە دیارە. لەمێژووشدا ئەوە دیارە، وشەی سەربەخۆیی بۆ گەلی کوردی باشوور، لەهیچ سەرچاوەیەکی ئینگلیزەکاندا باسی نەهاتووە، کە سەربەخۆیی بەکورد بدەن شێخ مەحموود بکەن بەمەلیکی کوردستان، لەهەمان کاتیشدا لەوە ڕازینەبووبێت، کە نابێت لەسایەی پاریزگاری ئینگلیزدا بێت. ئایە ئەم قسەیە ئەگەر درۆیەکی شاخدار نییەو لایەنی دەسەڵاتدار لەئێران دروستییان نەکردووە، ئەی بۆ ئەنجامی، پەیوەندییەکانی کوردو ئینگلیز گەیشتە ئەو قۆناغە، کە ئینگلیز، لەهەموو مافێکی کورد پاشگەزبووەوەو خاکی باشووری کوردستانی بەعێراقی عەرەبییەوە بەستەوە.

ئەم بەڵگەنامەیە بەپێی ناوەڕۆکەکەی وانەیەکی ترمان فێر دەکات، سەبارەت بەپیلان و کاری چەواشەکاری، دەبێت بەوریاییەوە، مامەڵە لەتەکیاندا بکەین، لەبەرامبەریدا، ڕاستییەکان بخەینەڕوو، تاوەکو ڕاستی مێژووەکەمان دوور بێت لەکاری چەواشەکاری و تۆمەت و بوختان هەڵبەستن.

دەتوانین بڵێین هەموو ئەو زانیارییانەی کە خستمانەڕوو، بوونە هۆکاری ئەوەی، شێخ مەحموود، باوەڕی بەئینگلیزەکان نەمێنێ و بۆ بەردەوامیدان بەشۆڕشەکەی، دەستی لەئینگلیزەکان بەردداو زیاتر لەتورکە کەمالییەکان نزیك بووەوە، بەهیوای یارمەتیدانی، تاوەکو بتوانێت داخوازییەکانی گەلی کورد بەئەنجام بگەیەنێت.

ئەوە بوو، دوای (20) ڕۆژ لە بۆردومانەکەی شاری سلێمانی، شێخ مەحموود، وەکو لە بەڵگەنامەکەدا هاتوە، (سەید عەبدوڵڵای ئامۆزای) نارددووە بۆ ڕواندوزو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆزدەمیر کردووە، هەروەها دوای ئەوەش بە (10) ڕۆژ چووەتە لای سمکۆی شکاك. هەموو ئەم هەوڵ و تەقەللایانەی شێخ بۆ ئەوە بووە، کە کۆمەکی پێبکەن. نابێت ئەوەیش لەیاد بکەین لەو سەروبەندەدا، نسکۆ بەسەر شۆڕشەکەی سمکۆدا هاتووە، داوای لێبوردنی لە (ڕەزا شا) کردووە، و بۆ شوێنی خۆی گەڕاوەتەوەو هەموو چەکەکانیشی، وەك تۆپ و جبەخانەو کەلوپەلی جەنگی کە لەوەوبەر لەشەڕا دەستیان بەسەردا گرتبوون، ڕادەستی دەسەڵاتی ئێرانی کردبۆوە، هاتنی ئۆزدەمیریش بۆ ناوچەی سلێمانیی و کۆبونەوەی لەگەڵ شێخ مەحموود لەئەشکەوتی (جاسەنە) و پەیوەندییەکانی بەئاغاکانی ناوچەی ڕانیەو سوراش، بەڵگەیەکی تڕن بۆ ناپاکی و ئاژاوەگێڕیی تورکە کەمالییەکان بەرامبەر بەکوردو شێخ مەحموودو شۆڕشەکەی.





جنایات جدید انگلستان

بازهم انگلستان مظلوم‌کش دشمن دائمی ملل استیلای پنجه ستیز خود را که به خون مظلومین بوده و رنگین است به پیکر امت محمد(ص) فرو برده و جنایت‌های سابقه خود را تجدید نموده است... بریطانیا بی‌رحم به قصابی‌های سابق خود اکتفا نکرده بازهم شیعیان علی(ع) را قتل‌عام کرده است تبعید علماء، کشتار مسلمین با تحریک سیمیتقوآقا قاتل ... تراق‌ها اغتشاش ایران، ایجاد شیخ‌محمود، تولید سید طه‌ها کافی نبود... امروز برادران ما ... در کلام خدا با ما شریک هستند.

... ت حاشیه: ت-۲۰۴/۵۱ ، ت ۱۳۹/۵۱ ، ۲۹۶۰۰۵۷۶۷/۱

شماره سند : ۴۱	موضوع: کشف شناسنامه از سیدالعلما در تحریک نظامیان برضد انگلیس به عنوان عامل بدبختی و نا امنی و موجد مسائل سیمیتقو، شیخ‌محمود و...
سال : ۱۳۰۱ش	
شماره‌مدرک: ۲۹۶۰۰۵۷۶۷	
شماره فیش: ۰۰۱۳۰۱۷۳	
محل درآرشیو: ٤٤٦ت۱آز۱	

لافاوەکەی ساڵی 1954ی ئەڵوەن و... یادێك بۆ 66 ساڵەی ڕووداتی

سەربەست برزۆ

وەك دەگێڕنەوە ، ساڵی 1954 لافاوێکی زۆر بەهێز ڕووی لە شاری خانەقین کردووە لەڕێگەی ڕووبارى ئەڵوەن و لەئێرانەوە ، شارەزایان دەڵێن لە مانگی 3 ی ساڵی 1954 نەك تەنها لە خانەقین بەڵکو لە زۆرێك لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لافاو هەڵساوە تیایدا ، ئەو ساڵە بەهۆی بارینی زۆری باران لە ناوچەکە وایکردووە کە لافاوێکی زۆرو بەهێز ڕوولە شاری خانەقین بکات و وێرانکاری بەدوای خۆیدا هێناوە ، زۆرێك لە ماڵەکانی خانەقینی تووشی ڕووخان و زەرەر و زیانێکی زۆر کردووە ، پیاوە گەورەکانی خانەقین دەگێڕنەوە کەوا ئەو لافاوە زۆر بەهێز بووە و زەرەر وزیانێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و نەك تەنها لە خانەقین ، بگرە هەتا نزیك جەلەولا و سەعدییەش لافاوەکە ڕۆیشتووە و هەتا چاو بڕی کردووە لە گوندەکانی چواردەوری شاریش کاولکاری بەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە.

ئەوە یەکەم حاڵەتی هەڵسانی لافاو نەبووە لە شارەکەدا بگرە لافاوی تریش ڕوویداوە و ، ئەسڵی بیرۆکەی دروستکردنی پردی ئەڵوەنیش 1860 - 1863 لەلایەن شا عەباسی سەفەوی و لە ڕێگەی ئافرەتێکی نزیك لەوەوە بە ئامانجە دروستکراوە کە لە کاتی چوونیان بۆ زیارەتکردنی مەزارگەکانی کەربەلا و نەجەف لە زستاناندا لافاو ڕێگری دروستکردووە بۆیان ، بۆیە هەوڵی دروستکردنی پردی ئەڵوەنیان داوە.

دیارە لە چلەکانی سەدەی ڕابردووشدا لافاو ڕووی لە شاری خانەقین کردووە بۆیە مامۆستا ڕووڵە خانەقین دەکات لە ڕێگای ڕووبارى ئەڵوەن و زەرەر و زیانێکی زۆر بەر گەڕەکەکانی نزیك ڕووبارەکە کەوتووە لەوانە گەڕەکەکانی مەزرەعە و عەبدوڵا بەگ و....هەروەها زەرەری زۆری بە ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان گەیاندووە ، لەبەر ئەوەی لەو گەڕەکانە کوردایەتی زیاتر بەهێز بووە قسەو قسەڵۆك لەناو بەتەمەنەکان دروستبووە گوتویانە ئەوە تۆڵەی خودایە لە ئێمەی دەکاتەوە، چونکە هەوڵی زیاتر نادەین بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی کورد (شۆڕشی ئەیلول) هەروەها گوتویانە: ئەوە خودا ڕقی لێیان هەستاوە.

ساڵی 1975 دیسان لافاو ڕووی لە خانەقین کردۆتەوە، بەڵام وەکو ئەوەی ساڵی 1974 بەهێز نەبووە.

لە ساڵانی 2013 - 2015 لافاو ڕووی لە خانەقین کردووە بەڵام بێ زەرەر و زیان بووە، چونکە ئاواتەکەی (ڕەفیق حیلمی و عەزیز پشتیوان) هاتۆتەدی و بەنداوێکی شایستە لەسەر ڕووباری ئەڵوەن دروستکراوە ، حکومەتی عێراقی بڕیاری دروستکردنی بەنداوێکی لەسەر ئەڵوەن دا و ئەوەبوو لە -12 5 - 2010 دەست بە دروستکردنی کرا و لە 20 - 12 - 2012 تەواوکرا و چیتر خانەقین و ئەڵوەن ڕووبەڕووی لافاوی وا بەهێزو گەورە نابنەوەو ڕزگاریان بوو لە لافاوی بەهێز چونکە بەندای ئەڵوەن کە حەق وابوو ناوبنرایە بەندای (حیلمی) یاخود بەندای (پشتیوان) ، توانای گلدانەوەی 38 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە و چیتر ڕێگا نادات لافاو ڕوو لە شاری خانەقین بکات و بۆ هاوینانیش کە ئێران ئاوی ئەڵوەن دەبڕێ وشکی دەکات، ڕێگا نادات چ ئەڵوەن و چ دانیشتوانی خانەقین بێ ئاو بن.



ئامانجە دروستکراوە کە لە کاتی چوونیان بۆ زیارەتکردنی مەزارگەکانی کەربەلا و نەجەف لە زستاناندا لافاو ڕێگری دروستکردووە بۆیان ، بۆیە هەوڵی دروستکردنی پردی ئەڵوەنیان داوە.

دیارە لە چلەکانی سەدەی ڕابردووشدا لافاو ڕووی لە شاری خانەقین کردووە بۆیە مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەرۆکی حزبی هیوا و مامۆستای کوردایەتی شاری خانەقین عەزیز پشتیوان داخوازییەك ئاراستەی حکومەتی عێراقی دەکەن و باس لەزەرورەتی دروستکردنی بەنداوێك دەکەن لەسەر ڕووباری ئەڵوەن لە شاری خانەقین ، هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم باجەڵان لە ساڵی 1974 بۆ هەمان مەبەست داوایەك لە ساڵی 1974 و لە گەرمەی شەڕی عێراق دژ بە کورد و شۆڕشی ئەیلول دیسان لافاوێکی بەهێز ئاڕاستەی حکومەتی عێراقی دەکات.

ڕاستە لافاوەکەی ساڵی 1954 کاولکاری بەدوای خۆیدا هێناوە بەڵام ئەوە نە یەکەم لافاو و نە کۆتا لافاو بووە کە ڕووی لە خانەقین کردووە ، لە پایزی ساڵی 1974 و لە گەرمەی شەڕی عێراق دژ

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی:

وابا‌شە نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان شارەزاییان لە بواری دەروونناسیی و قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ هەیێت

جیهانی منداڵ لەڕووی وشەسازییەوە جیهانێکی سنوردارە، نایێت یاری بە هەموو وشەیەك بکەین



دیمانە: ڕۆستەم خامۆش

بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئەدەبیاتی منداڵان و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتیەکانی ئەو بوارە، بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ «فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی» شاعیر ساز بکەین.

زۆر گرنگە ئەو شتانەی لە چیرۆکدا دەخرێنە ڕوو لە ڕووی پەروەردەیی و دەروونییەوە شیاو بن لەگەڵ قۆناغ و تەمەنی منداڵدا



فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، ڕۆستەم خامۆش

(پرۆفایل)

- فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی
- لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥دا پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥وەك مامۆستا دەستبەکاربووە.
- لە ساڵی ٢٠١١ بووە بە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی سلێمانی.
- لە ساڵی ١٩٩٧ دا ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە.
- لە ساڵی ٢٠١٧ دا پەیمانگای گەشەپێدانی پەروەردەیی تەواوکردووەو خاوەن بڕوانامەی بەکالوریۆسە لە زمانی کوردی و ناسناوی مامۆستای پەروەردەییە.

• دەستپێکی نووسینت بۆ منداڵان کەی بوو، چۆن بڕیارتدا بۆ منداڵان بنووسی؟

- لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکانەوە، بەدیاریکراوی لە ساڵی ١٩٨٨ دەستم کردووە بەنووسین لەو سەردەمەدا وەک دەستپێکێک بۆ نووسینم بە پەخشان دەستمپێکرد؛ پاشان نووسینی هۆنراوەی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و سۆزداریی؛ پاشان لە ساڵی ١٩٩٥ لەو کاتەدا کە دەستبەکاربووم بە پیشەی مامۆستایەتی گەیشتم بە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن و تێکەڵبوونم لەگەڵ منداڵان لە قوتابخانە و دیمەنی جوان و پڕ بەرائەتی منداڵان و دنیا ڕەنگاڵەیی جوانەکەیان هانیدام, کە بۆ منداڵان بنووسم, بۆیە یەکەم هۆنراوەم بە ناوی (قوتابیم) نووسی و بوو بە یەکەم ئەزموونم لە نووسینی هۆنراوە بۆ منداڵان و پاشان نوسینی چیرۆک و ئینجا وەرگێڕانی چیرۆک لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی.

• تایبەتمەندیی شیعری منداڵان چیە؟

- لە ڕاستیدا نووسین بۆ منداڵان ئەرکێکی ئاسان نیە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە, کە پێویستە ڕچاویان بکەین چونکە دنیای منداڵان دنیایەکی سادە و بێ گرێیە و دوورە لە هەموو ئەو شێواز و فاکتەرانەی کە دەبنە لەمپەڕ لە ڕێگەی هەست و سۆزو خۆشەویستی و خواستەکانی منداڵان. جا بۆ ئەو مەبەستە پێویستە لەو دوو ڕووەوە گرنگی تەواو بدەین بە نووسین بۆ منداڵان. یەکەم: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە: زۆر گرنگە بزانین ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی بۆ منداڵانی دەنووسین بەدەر نەبێ لە مەبەست و خواستی منداڵان, بەشێوەیەک بێت کە ئاوێتەی ژینگەی منداڵ بێت و خولیا و حەزەکانی بۆ ژیان و ژینگەکەی بەدیبهێنێت, هەروەها بەدوور بێ لە گیانی شەڕەنگێزی و توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوە. بەگشتی و بەتەواوی پەروەردەیی بن لەهەموو ڕوویەکەوە. بابەتەکانیشی (خۆشەویستی دایک و باوک و خاک و ئاوو سروشت و گیانداران) ی تێدا ڕەنگبداتەوە. دووەم: لەڕووی ڕوخسارەوە: پێوێستە نوسینی منداڵان بە دوور بێت لە وشەی قورس و گران, چونکە جیهانی منداڵ لەڕووی وشەسازییەوە جیهانێکی سنورادارە, نابێت یاری بە هەموو وشەیەک بکەین لە نوسین بۆ منداڵاندا, چونکە منداڵ زنجیرەی بیرو هزری لەسەر نوسینەکە دەپچڕێ بەهۆی گەڕان بەدوای مانای ڕاستەقینەی وشەی قورس و گران لەوانەیە نەشگات بە وەڵامێکی باوەڕ پێکراو هەربۆیە دەبێتە هۆی لەدەستدانی چێژی نوسینەکە (هۆنراوە بێت یاخود چیرۆک یاخود...) بۆ نمونە ئەو هۆنراوەیەی بۆ منداڵان دەنوسرێت پێویستە بڕگەکانی کورت بن واتە (٤ یان ٥ یان ٧ بڕگەیی بن) چونکە زوو وەردەگیرێت لەلایەن منداڵان و ئاسانە لە کاتی خوێندنەوەدا, وابا‌شە سەروای هۆنراوەکەش لە سێ پیت کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی ئاوازێکی مۆسیقی دروست بکات لە هزرو لەسەر زاری منداڵ و چێژی پێببەخشێت.

• ئەو بەرهەمانەی منداڵان چۆن هەڵدەسەنگێنی، کە خۆیان دەینووسن, وەک: شیعر و کورتە چیرۆک؟

- لەڕاستیدا ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە منداڵ خۆی بۆخۆی بنوسێت و هەست و سۆز و خواستەکانی لەڕێی نووسینەوە بەرجەستەبکات بەشێوەیەکی ئەدەبیانە, بەڵام بەدووربێ لە دەست تێوەردانی گەورەکان, من زۆر بەباشی دەزانم کە لە جیاتی ئەوەی ئێمەی گەوران بەناوی خواست و حەزەکانی منداڵانەوە بنووسین منداڵان خۆیان ئەو ڕۆڵەیان هەبێت, چونکە ئەوان زۆر باشتر لە خواستەکانی خۆیان دەگەن؛ بەڵام ئەم بابەتە پێویستی بەسەرپەرشتیەکی بێ لایەنانە هەیە لەلایەن دەزگایەکی ئەدەبی و هونەرییەوە, کە ئەو منداڵانەی بەهرەمەندن و توانایان هەیە و حەزی نووسینیان هەیە زەمینەیەکیان بۆ بڕەخسێنێت لەڕێگەی ژینگە و سروشت و خوێندنەوەی بەردەوام بۆیان, پاشان هاندانیان بۆ نوسین پاشان چاپکردنی بەرهەمەکانیان, بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو ئەوا ڕەنگە هەندێک لە منداڵان پەنا ببەنە بەر نوسینی نوسەرانی تر و هەوڵبدن بەناوی خۆیانەوە بڵاوبیکەنەوە ئەمەش جۆرێکە لە سەرپێچی یاسا و بردنی مافی کەسانی تر بەناڕەوا. وەک چۆن ئێستا بەداخەوە هەندێک هۆنراوەی خۆم دەبینم لەلایەن هەندێک لە منداڵانەوە لە گۆڤارەکانی منداڵاندا بڵاوەبنەوە کە پێویستە ئەو منداڵە ناوی شاعیرەکە بنوسێت و بۆ نمونە بنوسێت ئەم هۆنراوەیەی فەرهاد ئەحمەدم زۆر بەدڵە و پێشکەشی دەکەم بە هەموو منداڵان لەهەمان کاتدا ئەو گۆڤارەش ئەو گۆشەیەیەی یان ئەو ستونەی هەبێت. بۆ نمونە بەناوی (دیاری منداڵان) یان (داخوازی منداڵان) یان.

• تا ئێستا چەند بەرهەمت بۆ منداڵان چاپ کردووە و چەندی تریشت ئامادەیە بۆ چاپ؟

- تا ئێستا چوار بەرهەمم لەسەر ئەرکی خۆم بەچاپ گەیاندووە بەداخەوە هیچ دەزگایەک هاوکاری نەکردووم بەرهەمەکانیشم بریتین لە:

١- بووکە بچکۆلانە, هۆنراوە ساڵی ٢٠٠٢
٢- ڕاستگۆیی, هۆنراوە ساڵی ٢٠٠٣
٣- ژینی چۆلەکە, هۆنراوە ساڵی ٢٠٠٤
٤- گەشتەکەی لانە بۆ سەر مانگ، چیرۆک و هۆنراوە ساڵی ٢٠١٠

هەروەها بەردەوام بابەتەکانم لەو گۆڤارانەی بۆ منداڵان دەردەچن و لە هەندێ ماڵپەڕی ئەدەبییدا بڵاودەکەمەوە, ئێستا نزیکەی پێنج کتێب لە هۆنراوە و چیرۆکی خۆم و هەروەها چەندین چیرۆکی وەرگێڕدراو لە زمانی عەرەبییەوە ئامادەن بۆ چاپکردن, کە زۆربەیان لەو گۆڤارانەدا بڵاوکراونەتەوە کە بۆ منداڵان دەردەچن, هیوادارم بتوانم لە دەرفەتێکدا بە چاپیان بگەیەنم و بیخەمە بەر دیدەی منداڵانی کوردستان و خوێنەرانی بواری ئەدەبی منداڵان.

• تایبەتمەندی چیرۆکی منداڵان چیە، بۆچی چیرۆکی منداڵانی کورد کەمە بەراورد بە شیعر، تۆ چیرۆکی منداڵانت لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەر بە هۆی کەمیی چیرۆکی منداڵانی کوردەوە، ئەو کارەت کردووە؟

- لەڕاستیدا چیرۆک بۆ هەر قۆناغێ لەقۆناغەکانی تەمەنی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لێرەدا ناتوانین, بەدرێژی باسیان بکەین, بەڵام بەگشتی چیرۆک ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لەسەر پەروەردە و دەروون و ڕەفتاری منداڵ.

بۆیە پێویستە لە نوسینی چیرۆکدا زۆر گرنگی بدرێت بە لایەنی هەست و سۆزی منداڵ, زیاتر باس لەو شتانە بکرێت کەلە ڕاستیەوە نزیکن. هەروەها دوور بێت لە تۆندو تیژی و چینایەتی پێویستە چیرۆک وا لە منداڵ بکات هزر و بیری بجوڵێنێت بۆ پرسیارکردن لەسەر ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە, هەروەها دانانی چارەسەری گونجاو و واقیعانە بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەدا هەیە بۆ ئەوەی وا لە منداڵ بکات هەم چێژ لە چیرۆکەکە ببینێت هەم بزانێت بۆ هەموو گرفتێک چارەسەر هەیە و ڕەنگە بە هەوڵ و تێکۆشان و پرسیارکردن بگات بە ئامانج لە چارەسەری ئەو گرفتانەی کە لەناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا ڕوویان داوە, هەروەها هانبیدات بۆ داهێنان لە ڕێگەی ئەو بیرکردنەوانەی بۆی دروست دەبن؛ دەروونناسی ئەوەی سەلماندووە کەبیرکردنەوە داهێنان دەخولقێنێت؛ چونکە کاتێک منداڵ چیرۆک دەخوێنێتەوە ڕاستەوخۆ بە خەیاڵی فراوانی خۆی دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە زۆرجار بەخەیاڵ دەبێتە کارەکتەری ناو چیرۆکەکە و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕەفتار و گفتاری زۆر جار هەر بەڕاستی دەبێتە لاساییکەرەوە بۆیە زۆر گرنگە ئەو شتانەی لە چیرۆکدا دەخرێنە ڕوو لەڕووی پەروەردەیی و دەروونییەوە شیاو بن لەگەڵ قۆناغ و تەمەنی منداڵدا. هەروەها تایبەت بەو پرسیارەت کە ڕێژەی چیرۆک نوسین کەمترە لە شیعر نوسین لە ئەدەبی منداڵانی کورد؟ من وای دەبینم چیرۆک ئەرک و ماندوبونی زۆر تر و هەموو کات ناتوانین چیرۆکێک بنوسین کە لە هەموو ڕووەکانەوە سەرکەوتو بێت و پەیامی خۆی لە ڕووی دەروونی و پەروەردەییەوە بگەیەنێت بە منداڵان و هەموو یاساو ڕێساکانی چیرۆکێکی سەرکەوتووی تێدا بێت, بەڵام بە پێچەوانەوە زۆر جار لە دوو دێڕ هۆنراوەی کورتدا دەتوانین پەیامێکی جوان و پەروەردەیی بدەین بە منداڵان. هەروەها تایبەت بەوەی چیرۆکی منداڵان لە زمانی بێگانەوە دەگۆڕینە سەر زمانی کوردی؟ ئەویش گرنگی خۆی هەیە چونکە مەرج نیە ئەوەی بەرهەمی گەلانی تر بن بۆ ئێمە گونجاو نەبن بەڵکو بەپێچەوانەوە لەناو گەلانی دنیادا بەرهەمی جوان هەیە کە زۆر گرنگن بیانگۆڕێن بۆ زمانی کوردی بۆ ئەوەی منداڵانی ئێمەش لێی بێبەش نەبن بە مەرجێک ناوی نوسەری ڕاستەقینەی بەرهەمەکان بە ئەمانەتەوە بپارێزرێن. ئەمەش مانای ئەوەنییە کە ئێمە چیرۆکمان کەمە, یان نییە بەڵکو گرنگە شارەزای ئەدەبی گەلانی دنیابین و سودیان لێوەربگرین.

• وەکو دەزانین نووسەرانی بواری منداڵان دەبێ شارەزاییان هەبێ لە بواری دەروونناسی، یان ئاگاداری قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان بن، ئایا پێت وایە نووسەرانی ئەو بوارە، تەواو شارەزاین؟

- بەڵێ وێنە زۆر گرنگە لەبابەتەکانی منداڵاندا چونکە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و ئاوێزانی ناوەڕۆکی بابەتەکەی دەکات زیاتر ڕوونکردنەوە دەدات لەگەڵ نوسینەکەدا. هەروەها خۆی بۆ خۆی وێنە لەهەندێک قۆناغدا منداڵ دەدوێنێت, فێری دەکات لە بری نوسین, واتە لەبری نوسین ڕۆڵ دەبینێت بەتایبەتی لە قۆناغی دایەنگە و باخچەی منداڵاندا کە منداڵان شارەزایی نەک خوێندنەوە؛ پێتەکانیش بەباشی ناناسن بەڵام لێرەدا بەهۆی چیرۆکە وێنەییەکانەوە بەسەرهاتی ناو چیرۆکەکانیان پێشان دەدرێت و ڕاڤەی دەکەن بۆیان ئەوانیش هەرزوو وێنەکان لە زهنیاندا چەسپ دەبێت و چێژ لە چیرۆکەکە وەردەگرن و لە ڕووی پەروەردەییەکەشیەوە سومەند دەبن هەر بۆیە وێنە ڕۆڵێکی باشی هەیە لە چیرۆک و هۆنراوەی منداڵاندا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و چێژوەرگرتن لەبابەتەکە. پێم باشە هەموو نامیلکەیەک یان کتێبێک کە چاپدەکرێن بۆ منداڵان بە بێ وێنە نەبێت؛ چونکە لە چێژ و حەزی منداڵان کەمدەکاتەوە بۆ بابەتەکانی ناو کتێبەکە یان نامیلکەکە.

• هەندێ لە شیعرەکانت کراون بە گۆرانیی بۆ منداڵان، ئەو شیعرانەی ناوازیان بۆ دادەنرێ و دەکرێن بە گۆرانیی، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، یان هەموو شیعرێک دەکرێ بە گۆرانیی، تا ئێستا چەند شیعرت کراون بە گۆرانیی بۆ منداڵان؟

- بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە هەندێک لە شیعرەکانم لەلایەن چەند بەڕێزێکەوە ئاوازیان بۆ دانراوە و لەلایەن چەند منداڵێکی بەهرەمەند و دەنگ خۆشەوە دەوترێنەوە بە گۆرانی کە بە دڵنیاییەوە ئەو هۆنراوانەی دەکرێنە گۆرانی لە ڕووی وشەو ئیقاع و زۆر سادە یی وشەکانیانەوە کە زوو ئاواز وەردەگرن و دەتوانرێت بە ئاوازەوە بوترێن, ئەمە قسەی ئەم خوشک و برا بەڕێزانەن کە کار لە مۆزیک و ئاواز دانان دەکەن, وەک چۆن دانانی هۆنراوەیەک یاساو تایبەتمەندی خۆی هەیە بە هەمان شێوە کاری بە گۆرانی کردنی هۆنراوەیەک بۆ منداڵانیش هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەوڵ و ماندوبونی باشی دەوێت هەتا دێتە بەرهەم؛ لێرەوە من زۆر سوپاسی هەریەک لەم ئاواز دانەرانە دەکەم کە کاری بە گۆرانی کردنی شیعرەکانی منیان کردووە کە بریتین لە (مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی, زانای مەحمود هەژار, نەوژین محەمەد, هەژار عوسمان, محەمەد عەبدوڵلا, یاسین ژاژەیی, سازان حەمید, ئازاد محەمەد ڕەشید, شۆڕش قادر, مژدە ساڵح). داوای لێبوردنم هەیە لەوانەی من ناوەکانیانم لەیادنییە, بەدیاریکراویش نازانم چەند شیعرم کراون بە گۆرانی؛ چونکە هەندێکیان لە فیستیڤاڵی ساڵانەدا وتراون و هەندێکیان بەکلیپ کراون.

• پێت چۆنە شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان هەبێ، هەم بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ یەکتر ئاشنا بن و وە هەم بۆ ئەوەی ئەم بواڕە گرنگە بەڕەو پێشتر بچێ و کاری باشتر بکەن بۆ منداڵان؟

- ئەوە کارێکی زۆر باشە شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان ڕێکخراوێکی لەو شێوەیەیان هەبێت کە پێم وایە لەلایەن کاک (ڕەزا شوان) وە کەسێکی بەتوانایە لە خزمەتکردن بە ئەدەبی منداڵان, پێشنیارکراوە کە (یەکێتی نوسەرانی منداڵانی کوردستان) هەبێت, کە من زۆر لەگەڵ پێشنیارەکەیم, چونکە تا ئێستا (یەکێتی نووسەرانی کورد) کە خۆم ئەندامم تێیدا کاری ئەوتۆی نەکردووە بۆ نووسەرانی بواری منداڵان کە شیاوی باسکردن بێت, بەداخەوە. من ئومێد دەکەم کەلایەک لە نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانیش بکەنەوە. بۆیە شیاوترین کارێک لەم کاتەدا بۆ خزمەتکردن بە ئەدەبی منداڵان دامەزراندنی (یەکێتی نووسەرانی منداڵانی کوردستان)ـە. بۆ ئەوەی ماڵێکی باش بێت بۆ کۆکردنەوەی نووسەرانی تایبەت بەمنداڵان و گوڕوتینێکی باشتربدات بە ئەدەبی منداڵان.

• چیتر بە پێویست دەزانی دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان، کە ئاماژەی بکەیت؟

- زۆر شت پێویستن کە بکرێن, بەڵام لە هەموویان گرنگتر بەلای منەوە ئەوەیە کە دەزگایەکی سەربەخۆی دڵسۆز هەبن کاریان هەڵسەنگاندنی بەرهەم و نووسینی منداڵان بێت و ئەو بەرهەمانەی لە هەموو ڕووەکانەوە شیاون بۆ منداڵان کۆبکەنەوە و هاوکات هەر خۆیان هەڵسن بە لە چاپدان و دابەشکردنیان بەسەر ناوەندەکانی خوێندن و بیگەیەنن دەست منداڵان و خوێنەرانی ئەدەبی منداڵان بۆ ئەوەی هەمیشە کارە باش و شیاوەکان بچنە بەر دیدەی خوێنەران و ڕێگریش بکرێت لەو بابەتە نەشیاوانەی کەبەناوی ئەدەبیاتی منداڵان دەخرێنە بەر گوێ و دیدەی منداڵان.

ڕووسیا و ئاڵۆگۆڕییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا





د. خۆشەوی مەلا برایم

هۆکارەکانی گۆڕینی ئاراستەی سعودیا بەرەو ڕووسیا:

دەبێ چ هۆکارێک لە پشت گۆڕینی سیاسەتی سعودیا لە هەمبەر ڕووسیادا بن؟ یەکێک لەو هۆکارانە گۆڕینی سیاسەت و هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوورە، بەو واتایە، کە ئێستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەترسیان لەسەر گۆڕانکارییەکانی چین و کۆریای باکور و تا ڕەدەیەک ڕووسیاش لێنیشتووەتەوە، بەتایبەتی لە هەڵوێستی چین بە گومانن کەوتوو، چونکە جۆرە ناڕەزایەتییەکی هەڕێمی دروست بووە. لەهەمانکاتدا چین خۆی بە هەموو هێزێکەوە چەکدار دەکات، بەڵای ئەمریکاوە ئەو هەنگاوانە جێگەی مەترسین بەتایبەتی لە کاتێکدا، کە ئەو ڕووداوانە لە نێزیک سنووری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکادا ڕوودەدەن، ڕابەرانی عەرەبستانی سعودیا لەو بڕوایەدان، کە ئەمریکا دەیەوێت هاوسەنگییەکانی هەڕێمی بگۆڕێت و پێگە و توانا سوپایی و ئابووریەکانی خۆی بۆ ئاسیای ڕۆژهەڵاتی دوور بگوازێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور بە هەڕەشە بۆ سەر هاوپەیمانان و خۆی دەبینێت، ئەوەش بووەتە جێگەی نیگەرانی سعودیا هەر لەبەر ئەو هۆکارەش، کە سعودیا هەوڵی بەدەستخستنی ڕۆکێتی دوورهاوێژ دەدات و چەندان جار داوای پاراستنی لە ئەمریکا کردووە، ئەمریکاش بەڵێنی فرۆشتنی چەکی هەرە پێشکەوتووی پێداوە، سعودیا دەیەوێت، کە هاوسەنگی گۆڕانکارییەکانی لە پێش چاو بن و حیسابی هەموو ئاڵۆگۆڕییەکان بکات و خۆی بۆ هەر پێشهاتەیەکی ناخوازراو ئامادە بکات. هۆکاری دووەم، کە بووەتە جێگەی دوودڵی سیاسەتی سعودیا لە هەمبەر ئەمریکا هەوڵی دابینکردنی گاز و نەوت بە ڕێگەی بەرهەمهێنانی گاز و نەوتی شێلە، کە لەو ڕووەوە دەیەوێت خۆی لە مەترسییە نادیار و ئاڵۆزییەکانی پێشبینی نەکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووربخاتەوە و لە دۆخی شەڕدا توانای دابینکردنی وزەی خۆی هەبێت و نەکەوێتە ناو تەنگژەوە. هۆکاری سێیەم مەترسی سعودیا لە پەرەسەندنەکانی شیعەی ئێرانە، هەروەها ئەو ئابڵۆقەدانەییە شیعەییەی، کە لە دەوروپشتیدا ڕوودەدات. سعودیا ڕووبەڕووی مەترسی ئابڵۆقەدانەی هەمەلایەنە بووەتەوە، لە لایەک (دەوڵەتی ئیسلامی) دەیەوێت، کە مەکە وەکو ناوەندی ئیسلامی لێبێت و بیکاتە سەنتەری چالاکییەکانی خۆی، هەروەها هەڕەشەی حوسێیەکانی یەمەنیشی لێ قوتبووەتەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە لە عێراق دەسەڵاتی شیعە حوکمی بەدەست گرتووە بە درێژایی سنووردێکی زۆر لەگەڵ ئەو ویلایەتە هاوسێیە، بۆیە دەستی بە دروستکردنی دیواردێک کردووە. هەندێ پسپۆر لەو بڕوایەدان، کە بۆ ئەوەی سعودیا بتوانێت، کە بەرهەمی نەوت و گازی شێل لەناو ببات دەستی بە کەمکردنەوەی نرخی نەوت لە ئاستی جیهاندا کرد، مەبەستی سەرەکیشی دارماندنی کۆمپانیاکانی نەوت و گازی شێلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، بەڵام بە کردنی ئەو پلانە جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە زیانێکی زۆر بەر ئەو کۆمپانیانە کەوتووە، بەڵام تووشی دارمانی یەکجاری نەبوونەتەوە. لە کاتێکدا بەرژەوەندی ڕووسیا و خودی سعودیا و وڵاتانی دیکەی بەرهەمێنەری نەوت لە بەرزکردنەوەی نرخی نەوتدایە، کە زوو یاخۆ درەنگ پێویستە، کە نرخەکەی بەرز بکرێتەوە.

لە ڕووی هەڵبژاردنی هاوپەیماندا ڕیاز زیاتر چاوی لە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی سوپایی لەگەڵ ڕووسیایە، نەک چین هەرچەندە چین لە ڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە قەبارەیەکی زۆر گەورەوە بازرگانی لەگەڵ سعودیا دەکات، نەوتی خاوی ئەو وڵاتەش بە قەبارەکی زۆر گەورەوە دەکڕێت، بەڵام وەکو هاوپەیمانێکی لەشکری حیسابی بۆ ناکات. پێگە و کارتێکەری ڕووسیا لەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەکو سوریا، ئێران، عێراق و تا ڕادەیەک لەگەڵ میسر و کاتی خۆی لەگەڵ عەدەنیشدا هەبووە، ئێستەش هەست بە هێزی ئەو پێوەندییانە دەکرێت، لەو ڕووەوە سعودیا ئاگادارە، لەلایەکی دیکەیشەوە سنووردارکانی باشووری ڕووسیا لە سنووردارکانی سعودیاوە نێزیکن. ڕووسیا بە بەراورد لەگەڵ چین زیاتر ڕووبەڕووی تیرۆریزمیش دەبێتەوە و پێداگرانەتر لە چین خۆی تێکەڵاوی کاروباری سیاسی دەکات و هەر لە کۆنەوە بەلای ڕووسیاوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرینگ بووە.

هەڵکشان و داکشانی پێوەندییەکان: هەر لە سەرەتای دامەزراندنی وڵاتی سعودیا بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەو وڵاتە و ڕووسیا بە شێوەیەکی زۆر جیاواز و ناکۆک بوون، هەرچەندە یەکێتیی سۆڤیەت یەکەمین وڵات بوو، کە دانی بە سەربەخۆی سعودیادا نا، بەڵام لە بەرەی جیاوازدابوون. یەکەمین هەنگاوی باشترکردنی پێوەندییەکانی جدی لە ساڵی 2003 بە سەردانی جێگری پادشای سعودیا دەستپێکرد لەو سەردانەدا عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیز ئەلسعود بە دەیان بەڵگەنامەی مۆر کرد، کە گرنکترینیان هاوکارییەکانی نەوت و گاز بوون. بە سەردانی ڤلادیمێر پوتین لە ساڵی 2007 دا پێوەندییەکانی ڕووسیا و سعودیا بەرەو ئاستێکی بەرزتر چوون، لەو دیدارانەدا چەندان بەڵگەنامەی دیکەیی هاوکاری لەبارەی فەزا و چەندان بواری دیکەی تەکنۆلۆژیایی و نەوت و گازدا واژۆ کران. گرینگترین پڕۆژەی ئابووری بە کاری کۆمپانیای نەوتی لوک ئۆیڵ لە ساڵی 2004 دەست پێدەکات، کە مافی بەرهەمهێنان و لێگەڕانی گازی وەرگرت، لە هەمان ساڵیشدا کۆمپانیای ڕووسیایی (سترووی ترانس گاز) تەندەری لە کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیا لەبارەی ڕاکێشانی بۆڕی نەوت لە بیابانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا بە بڕی (100) ملیۆن دۆلاری بردەوە، لەو ڕووەوە ئەو کۆمپانیایە توانی، کە متمانەی سعودیا وەربگرێت و مافی مانەوەی هەمیشەیی پێدراوە. لە ساڵانی 2009 2010- لایەنە پێوەندیدارەکانی حکومەت توانیان بگەنە ڕێکەوتنامەیە، کە بە ڕێژەی 4 بۆ 6 ملیارد دۆلار چەکی قورسی وەکو هەلیکۆپتەر، تانک و مووشەک لە ڕووسیا بکڕن، بەڵام ئەو هەموو هەوڵانە لە مارتی 2011 لە دوای بەرپابوونی شەڕی سوریا ڕاوەستان.

ئائومێدی لە گۆڕانکارییەکان دا:

بەشێک لە دەسەڵاتدارانی ڕووسیا لەو بڕوایەدان، کە نیازی سعودیا لە دەستپێکردنی ئەو ڕێکەوتنانامانەدا تەنیا چارەسەری کێشەی سوریایە و هیچی دی، ڕەهەندەکانی سعودیا بەرەو ڕۆژئاوا و ئەمریکا نەگۆڕە، هەرجارە بە بیانوویەکەوە گفتوگۆکان دەستپێدەکرێن، ڕاستە کە کێشەی سوریا یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان و هەندێ پسپۆر لەو بڕوایەدان، کە چەندان جار سەرۆکی هەواڵگری سعودیا بەندەر کوڕ سوڵتان بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ڕووسیا و پوتینی کردووە، بەڵام نێستە لەکار لابردراوە، دیارە جۆرە گۆڕانکارییەکی دەسەڵاتداریەتیی لە سعودیادا ڕووی داوە. لەلایەکی دیکەیشەوە ڕووسیا توانای دابینکردنی بەشێکی زۆری خواستەکانی ئابووری و چەکی هەیە و باشترین شێوە چەکی خۆی پێشنیاز کردووە، هەروەها توانای ریاکتۆری ئەتۆمی باشتر لە هاوشێوەی ڕۆژئاوای هەیە. بۆچی کەڵک لە توانای ڕووسیا بۆ چارەسەری کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرنەگیرێت؟ لە نەبوونی پێوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ڕووسیا و سعودیادا لایەنەکان سوودیان وەرنەگرتووە، بۆیە دەبێ ئەو بەربەستانە هەڵبگیرێن.بابەتی گۆڕینی لەناکاوی پێوەندییەکانی ڕووسیا و عەرەبستانی سعودیا یەکێکە لە بابەتە گەرمەکانی دیکەی گۆڕانکارییەکانی ساڵی 2015 لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، عەرەبستانی سعودیا خاوەنی پێگەیەکی گەورەی ئاینی، سیاسی - ئابووری لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسلامی و نێودەوڵەتیدا هەیە، بەڵای ڕووسیاوە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە زۆر گرینگن. هەڵوێستەکانی لەناکاوی نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بە عەرەبستانی سعودیا بوونەتە جێگەی مەترسی، بۆیە ئەو وڵاتە کەوتووەتە وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا. ڕووسیا مەترسی لە تیرۆرە، بەڵام وڵاتانی کەنداو لەو بڕوایەدان، کە ڕووسیا ئەو هۆکارە تەنیا بۆ پەرەسەندنی سیاسەتی ناوخۆی بەکار دەهێنێت، چونکە ئەو ژمارە تیرۆریستە کەمانەی، کە لە ڕووسیاوە چوونەتە ناو داعش ناتوانن، کە بۆ وڵاتێکی گەورەی وەک ڕووسیا بینە مایەی هەڕەشەیەکی جدی، هەروەها نادیاری و لێڵی پێوەندیی ئەمریکا لەگەڵ ئێرانیش بۆ وڵاتانی کەنداو بوونەتە جێگەی نیگەرانی و دوودڵی.چەند ساڵێک بەر لە ئێستە سعودیا ڕووسیای بە پشتگیری لە حکومەتە دیکتاتۆرەکانی عارەبان تاوانبار دەکرد، ڕووسیاش سعودیای بە پشتگیری لە تیرۆریزم و تەقینەوەکانی ناو ڕووسیا مەحکوم دەکرد. ئێستە سعودیا دەزانێت، کە بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕووسیا کێشەکانی ئەو هەرێمە چارەسەر ناکرێن، بۆیە باشترە، کە بە دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا کێشەکان چارەسەر بکرێن و کێشەی سەرەکیش پرسی سووریایە، بەڵام ڕووسیاش دەیەوێت جێگە و پێگەی خۆی لە دوای نەمانی ئەسەد بزانێت. جێگری سەرۆکی کۆمپانیای هەناردەکاری چەکی ڕووسیایی (ڕوس ئابارۆن ئێکسپۆرت) لە سان پیتربۆرگ وتی: ڕووسیا ئامادەیە، کە ڕۆکێتی The 9K720 Iskander بفرۆشێتە سعودیا، هەرچەندە لە هەمبەر ئاڵوگۆڕییەکانی بازرگانی و ئاستی وەبەرهێنانی سعودیا و ئەمریکا ئەو ڕێژە مسەوداکارییە زۆر کەمە.

بڕیارە لە ماوەی 5 بۆ 6 ساڵ عەرەبستانی سعودیا لە بواڕە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ، خانووبەر، ئینفرۆسترۆکتۆرا، تەندروستیدا بە ڕێژەی 10 ملیارد $ وەبەرهێنان بکات.



مانشێت


ئێندیپێندێنت:

نەخۆشخانەیەکی بەرلین رایگەیاند ئاسەواری ژەهر لەناو جەستەی ئەلیکسی ناڤالنی سەرۆکی باڵی ئۆپۆزسیۆنی ڕووسیا هەیە و ژیانی لە مەترسی دایە.



سپۆتنیک:

بومبەلەرزەیەک بە گوڕی 6 پلە شاری سان خوسێپی پایتەختی کۆستاریکای هەژاند ، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.



ڕۆیتەرز:

دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند دیموکراتەکان بە نیازن لە ڕێی ساختەکاریەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی سەرکەوتن وەدەست بێنن.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

دوای دووبارە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کورۆنا، حکومەتی کۆریای باشوور سەرجەم قوتابخانەکانی لە سێوڵ داخست.



فرانس 24:

دوای کوژرانی کەسێکی ڕەشپێست لەلایەن پۆلیسەوە، حاکمی ویلایەتی ویسکنسۆنی ئەمەریکا و بە مەبەستی پاراستنی سەقامگیریی ،داوای یارمەتی لە گاردی نیشتمانی کرد.



کەنالی ئار تی:

بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە هەڵڕژانی پەنابەران، حکومەتی یۆنان بە نیازە لەسەر سنووری نێوان یۆنان و تورکیا شورەیەکی دوورودرێژ دروست بکات.




مارینا بەدەست شکاوی توانی ناسناوی ئۆکرانیای بەدەست بهێنێت

مارینا یوری کچە تازەپێگەبشتوویەکی وڵاتی ئۆکرانیایە، تەمەنی تەنها 11 ساڵە، بەڵام لەم تەمەنەیدا توانیویەتی دووجار لە پاڵەوانێتی کلاسیك و خێرادا ناسناوی پاڵەوانی ئۆکرانیا بەدەست بهینیت و میدالیای زێر لە ملی بکات.

مارینا Maryna Yuri لەخێزانێکی شەترەنج دۆست لەدایك بووە و باوکیشی سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی منداڵانی ئۆکرانیایە و لەهەمان کاتیش مامۆستای شەترەنجە لە قوتابخانەدا، سەبارەت بەکچەکی گوتی: من شەترەنجزانێکی باش نیمە، بەڵام هەموو تواناکانی خۆم بۆ ئەوە تەرخان کردووە گرنگیی بە منداڵان بدەم، بەتایبەتیش مارینای کچم کە ئومێدێکی زۆرم پێی هەیە لە داهاتوودا ئاستیکی بەرەو پێشتر بچێت و بڕوانامە بەرزەکانی ئەترەنج بەدەست بهێنیت، هەروەها گوتی: مارینا ئێستا لەسەرەتای کاروانەکەیدایە، ڕەیتینگی نیشتمانی 1996و فیداشی 1605ە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاهێنەرێکی تایبەتیم بۆ تەرخانکردووە ئەویش یارۆسلاڤ دۆمانسکی هەڵگری فیدا ماستەرە.

جێی باسە مارینا لە ساڵی 2018 دەستی ڕاستی دەشکێت و بەدەستی چەپی یاری دەکات و دواجاریش توانی لەو پاڵەوانێتییە پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.



نەهاتە بۆ بەرشلۆنە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ڕایگەیاند کە میرالیم بیانیچی بۆسنی کە بەمدوایە لەیانەی یۆڤینتۆسەوە ڕوویکردە کەتالۆنا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی بەرشلۆنەدا هاتووە کە ئەو یاریزانە هەڵگری کۆڤید 19یە، بەڵام باری تەندروستی جیگرەو لەماڵەکەی خۆی کەرەنتینەکراوە، ئەو یاریزانە دوای ئەوەی چەند نیشانەیەکی پەتاکەی لێدەرکەوت، بردرا بۆ پشکنین و دەرکەوت کە تووشی ئەو پەتایە بووە.



بایرن بووە پاڵەوان کەچی بەرشلۆنە دەبێ 5 ملیۆن یورۆ بداتە لیڤەرپوول


دوای ئەوەی یانەی بارن مونشنی ئەڵمانی توانی ببێتە پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەروپا، جیا لەوەی بەبردنەوەیەکی گەورە ئابڕووی بەرشلۆنەی برد، کەچی هێشتا یانەی بەرشلۆنە دەبێ باجی زیاتری ئەو دۆڕانە بدات، کە بەپێی ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە کە یانە کەتەلۆنیەکە لەسەریەتی بڕی 5 ملیۆن بداتە یانەی لیڤەرپوول، ئەویش بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەبەند گواستنەوەی کۆتینهۆ بۆ بەرشلۆنە لە ساڵی 2018 هاتووە.

لەلایەکی یدکەوە ڕۆژنامەی مۆندۆ دیۆرتیڤۆ کە لە یانەی بەرشلۆنە نزیکە دووپاتی کردۆتەوە کە ئەم هەواڵە ڕاست نییە، چونکە لەبەندەکەدا هاتووە ئەگەر کۆتینهۆ بە درێسی بەرشلۆنە جامی خولی یانە پاڵەوانەکان بباتەوە ئەوا دەبێ 5 ملیۆن یورۆ بداتە لیڤەرپوول، بەڵام کۆتینهۆ بە درێسی بارن نازناوەکەی بردووە و ئەمەش ناکەوێتە ناو بەندی ڕێککەوتنەکەوە.

کیئین: هیچ ئاوازێکم لە ئاستی خۆم نەبینی

هەر لەگەڵ یەکەم گەڕی پاڵەوانێتی کراوەی سینسناتی بۆ تێنس، دوو لە دیارترین پۆڵینی جیهانی لە ڕکابەرییەکان کرانە دەرەوە، لەکاتیکدا ئەوان پاڵێوراو بوون بۆ گەشتن بە قۆناغی کۆتایی.

هەر یەك لە کارۆلینا بلیسکۆڤای چیکی و سۆفیا کینینی ئوسترالی کەوەك ئامادەکارییەکیش بۆ پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکا بەشداریان کردبوو، زوو لەسەر دەستی ڤرۆنیکا کۆدرمیتۆڤای ڕووسی و ئیلیز کۆرنیەی فەرەنسی دۆڕان و کرانەدەرەوەی پاڵەوانێتییەکە، لەمبارەیەوە سۆفیا کینینی ئوسترالی دوای دۆرانەکەی گوتی: هیچ ئاوازێکم لە ئاستی خۆم نەبینی، نازانم چۆن ڕێگەم بەخۆم دا ئەمە ڕووبدات، هەروەها گوتی: بەوشە ناتوانم هەست بە تۆپ بکەم، نازانم چۆن و بەچ ئاستیك ئەو یاریەم ئەنجامدا، ئەوە بۆ من بێ ئومێدبوونێکی گەورە بوو.



کومان بۆ سواریز: لە پلانەکانم شوێنت نییە و پێویستە یانەیەک بۆخۆت بدۆزیەوە



بەپێی مێدیاکانی کەتەلۆنیا کومانی ڕاهێنەری بلۆگرانا بە سواریزی ڕاگەیاندووە لە بەرشلۆنە بڕوات.

ڕادیۆی ڕاك یەکی کەتەلۆنی لە هەواڵێکدا پەردەی لەسەر کێشەیەکی نوێی سواریز لە بەرشلۆنە هەڵدایەوە و ئاشکرایکرد، کۆمان ڕاهێنەری نوێی یانەکە بە سواریزی ئۆرۆگوایی ڕاگەیاندووە پێویستە یانەیەکی نوێ بۆخۆی بدۆزێتەوە، چونکە سواریز لە پلانی ئایندەی کۆمان نیە و ئەویاریزانە شوێنی لە پێکهاتەی وەرزی تازەی بەرشلۆنە نابێتەوە.

سواریزی هێرشبەری ژمارە 9 ی یانەی بەرشلۆنە، لە ماوەکانی ڕابردووداو ئاستی وەك پێویست نیە و ئاست نزمی و پێکانی زۆر وایکردووە ئەو یاریزانە تووشی ڕەخنەی زۆری کارگێڕی و هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە ببێت.

تۆخێڵ: پێشوازی لە مێسی دەکەین



تۆماس تۆخێلی ڕاهێنەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی ئاماژەی بەو ڕاپۆرتانەدا کە لێرەو لەوێ باس لەوەدەکەن کە مێسی بەنیازە ڕیزی بیرشلۆنە جێبهێڵێت و ڕووبکاتە ڕیزی یانە پاڵەوانەکەی فەرنسا.

تۆخێل دەڵێت: بۆ ئەوەی ڕیزی تیپەکەمان بەهێزتر بکەین، پیویستمان بەبازاری گواستنەوەیە کە چەند یاریزانێك ببینە ڕیزەکانمانەوە، ئەوەی لە میدیاکانیش لەبارەی مێسییەوە دەگوترێت، ئەمە پێشوازی لەو دەکەین ئەگەر بێتە یانەکەمانەوە، هەروەها گوتی: چاوەڕێ دەکەین و لە ڕۆژانی داهاتوو دادەنیشین و گفتوگۆی ئەمە دەکەین و هەرکاتیك ڕاهێنەری بەرشلۆنە گوتی نا بۆ مێسی، ئەوا ئێمە دەچینە گفتوگۆوە.

تەلەفۆنێک لە بارساوە بۆ کۆتینهۆ



راهێنەری یانەی بەرشلۆنە پەیوەندی بە فیلیپ کۆتینهۆ، ئەستێرەی بەرازیلی و یانەکەی دەکات و پیرۆزبایی بردنەوەی چامپیۆنزلیگی لەگەڵ یانەی بایرن میونشن لێدەکات.

رۆناڵد کۆمان، راهێنەری یانەی نوێی بەرشلۆنە پەیوەندیی بە فیلیپ کۆتینهۆ، یاریزانی بەرازیلی و یانەکەی کردووە، لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا کۆمان پیرۆزبایی بردنەوەی چامپیۆنزلیگی لەگەڵ یانەی بایرن میونشن لەو یاریزانە کردووە و پێیگوتووە، تۆ بەشێکی پڕۆژەی نوێی یانەی بەرشلۆنەی.

دوای یاریيەکە کۆتینهۆ لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گوتی، ئێستا کاتی گەڕانەوەیە بۆ بەرشلۆنە بابزانین چی روودەدات.

فیلیپ کۆتینهۆ لە زستانی 2018 بەرامبەر 120 ملیۆن یۆرۆ لە یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزییەوە چووە یانەی بەرشلۆنە، بەڵام یاریزانەکە لە یانەکەدا سەرکەوتوو نەبوو و بەشێوەی خواستن چووە یانەی بایرن میونشن و ئەمسالیش کاتی گەڕانەوەیەتی بۆ کەتەلۆنیا.

یوساین بۆڵت توشی کۆڕۆنا بوو

بەپێی هەواڵی رۆژنامەکان، یوسیان بۆڵتی راکەری جامایکی و خاوەنی چەندین مێدالیای زێڕ لە ئۆڵۆمپیاد، توشی بەتای کۆڕۆنا COVID-19 بووە و باری تەندروستی جێگیرە.

یوساین بۆڵت بە خێراترین پیاو دادەنێرت و خاوەنی بڕینی 100 مەتری بە 9.6 چرکەیە لە خولەکێکدا و لە ئۆڵۆمپیاد و پاڵە وانیە تیە کاندا چەندین مێدالیای زێڕە.

سێڵڤا رووەکاتە پریمەرلیگ

رۆژنامەکان ئاشکرایان کرد، تیاگۆ سێڵڤای بەرگریکاری بەرازیلی و پاریس سانجێرمان رووەکاتە پریمەرلیگ و وەرزی نوێ یاری بۆ چێلسی ئینگلیزی دەکات.

دوای ئەوەی سێڵڤا بۆندەکەی لەگەڵ پاریس سانجێرمان کۆتایی هات و یانە پاریسییەکە و سێڵڤا نەگەیشتنە رێککەوتن بۆ نوێکردنەوەی بۆندەکەی، هەربۆیە سێڵڤا دوایاری خۆی لەگەڵ یانە پاریسییەکە لە چامپیۆنزلیگ ئەنجامدا و بەفەرمی ماڵئاوایی لە هاندەرانی ئەو یانەیە کرد. بەپێی هەواڵی سکای سپۆرتی ئیتاڵی، تیاگۆ سێڵڤا و چێلسی بەشێوەی زارەکی رێککەوتوون بۆ ماوەی دوو ساڵ سێڵڤا یاری بۆ چێلسی بکات و ئەزموونی نوێ لە پریمەرلیگ تاقیبکاتەوە، ئەوەی زانراویشە موچەی ساڵانەی 6 ملیۆن یۆرۆ دەبێت.

تیاگۆی تەمەن 36 ساڵ دوای 8 ساڵ یاریکردن لە ریزەکانی پاریس سانجێرمان و بەدەست هێنانی چەندین نازناو دواجار کۆتایی بە یاریکردن لەویانەیە هێنا و لە وەرزی نوێدا لەریزەکانی بلوز دەبینینەوە.

رۆناڵدۆ گەڕایەوە

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، هێرشبەری پۆرتوگالی و یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵیی دوای کۆتایی هاتنی ماوەی پشووەکانی، بە مەبەستی دەست پێکردنی ئامادەکارییەکان بۆ وەرزی نوێ پەیوەندی بە یانەکەیەوە کرد.

ماڵپەری فەرمی خانمە پیرەکە بڵاویکردەوە رۆژی سێشەممە گۆڵکاری پۆرتوگاڵی یانەکەیان دوای کۆتایی هاتنی پشووەکانی هاوکات لەگەڵ چەند یاریزانێکی دیکە دوای ناساندنی تیمی راهێنەرانی یانەکەیان، گەڕانەوە و پەیوەندیان بە یانەکەیان کردووە بە مەبەستی دەستپێکردنی ئامادەکارییەکان بۆ وەرزی داهاتوو لە ژێر سەرپەرشتی ئاندریا پیرلۆ راهێنەری نوێ یانەکە.

وەرزی نوێی سێریائەی ئیتاڵیا بریارە 19ی سێبتەمبەری داهاتوو دەست پێ بکرێت و 23ی مانگی پێنجی ساڵی داهاتووش کۆتایی دێت.

سەرپەرشتیاری یانەی هەولێر بۆ پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل:
وێڕای بەربەستەکان توانیمان چەندین پاڵەوانێتی لەهەولێر ئەنجام بدەین



راپۆرت: پەریهان عومەر

ئەحمەد گەردی سەرپەرشتیاری یانەی هەولێر بۆ پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل و ماتۆر سواری، لەسەرەتای ساڵی 2010 لەگەڵ چەند گەنجێکی بەهەردار لە بواری شوفێری دا دەچوون بۆ فرۆکە خانەی هەریر، فرۆکە خانەکە 60 کیلۆمەتر زیاتر دووری لەهەولێر، بەڵام بەهۆی حەزیان بۆ پێشبڕکێ و نمایشەکانی ئوتۆمبێڵ و درك کردنیان بە مەترسییەکانی، بۆیە شوێنێکی دوور لە خەڵکی و دوور لە شوێنە گشتییەکان رووبان لەوێ دەکرد، تا وای لێهات لە هەموو پارێزگاکانی عێراق شوفێری نمایشکاری دروست بوو وە هەر شارە و وەکو گرووپ دەرکەوتن سەردانی یەکتریان دەکرد رووحێکی وەرزشی و پێشبڕکێ و نمایشیان ئەنجام دەدا.

ئەحمەد گەردی کە وەکو یەکەم کەس رێگا پێدرانی وەرگرتووە لەسەر ئاستی هەرێم دەڵێت: چەندین ئیفینیت و پاڵەوانیەتیان ئەنجامداوە لە شاری هەولێر کە تیایدا گرووپ و یانەی شاری تریشیان بانگهێشت دەکرد، بە هۆی ئەوەی زیاتر رێکخەری پاڵەوانێتیەکان بووم کەمتر وەکو شوفێر دەردەکەوتم، شوێنی جیاجیامان بەکرێ وەردەگرت تا پاڵەوانیتی تێدا ئەنجام بدەین، هەروەها دەڵێت: تائێرە هاتووم زۆرترین بەربەست و ناحەزوو رێگریم تووش بوون، بەڵام کۆڵم نەداوە بۆیە دەڵێم گەر باوەرت بە خۆت بێت و چۆن باست بکەن چۆن باست بکرێی؟ سەیری دواوە مەکە و بۆ هیواکەت بجەنگە، ئێستاش لە کارەکانم خۆشحاڵم تائیستا بەردەوامم، بەڵام ئەوەی جێگای داخە تا ئیستا نە کۆمەڵگا و نە لایەنی پەیوەندار نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە قبولی بابەتی نوێی وەرزشی بکەن.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Wed.26 Aug. 2020 No.:(5994)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 پان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگاداریپەکان: 07505881616

لە پەت و بزمار تابلۆی هونەری دەنەخشێنێت

گۆڤنا عوسمان: حەز و خولیای خۆم لەبواری هونەردا دەپێنمەوە

هونەر لە کوردستان تا ئێستا نەبووە بە بزنس تا هونەرمەند بتوانێت بە هونەرەکەی بژی







خەبات: گرنگی هونەری ستڕینگ ئارت لە چیدایە؟

گۆڤنا: هەموو هونەرێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ، هونەری دەست ڕەنگینی یاخود هونەری پەت و بزماریش لەم سەردەمە گرنگییەکی زۆری هەیەو زیاتر خەڵکی پێشوازی لێ ئەکەن لەبەر ئەوەی هونەرێکی زیندووە.

خەبات: تۆ بەشی ژمێریاریت تەواو کردووە چۆنە وا حەزت بۆ وێنەکێشان چوو و ئەم بوارەت هەڵبژارد؟

گۆڤنا: من بەحەزی خۆم لەبەشی ژمێریاری وەرنەگیراوم بەڵکو ئەوە ڕۆتیناتێکی کارگێڕی بوو، بەڵام هونەر حەزو خولیای خۆمەو خۆم لەو بوارەیا ئە بینمەوە.

خەبات: تا ئێستا وەک پێویست گرنگی بە هونەری ستڕیگ ئارت دراوە لە کوردستان ؟

گۆڤنا: بەداخەوە لەکوردستان گرنگی بە هیچ جۆرە هونەرێک نەدراوە و هونەری دەستەڕەنگینی و وێنەکێشانیش یەکێکە لەو بوارانەی هونەر کە فەرمۆش کراوە و وەکو پێویست بایەخی پێ نەدراوە

خەبات: بەشێک لەو کەسانەی بەشی هونەر تەواو دەکەن لە زانکۆ و پەیمانگاکان گرنگ بە پیشەکەی خۆیان نادەن ئەوە بۆچی دەگێڕیتەوە؟

گۆڤنا: بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەکوردستان هونەر پێگەیەکی گرنگی نییە وەکو وڵاتانی تر کە خوێندکارێک پاش چەندین ساڵ ماندووبوون بەشی هونەر تەواو ئەکات بتوانێت لە بوارەکەی خۆی خزمەت بکات بە ناچاری بۆ دەستکەوتنی بژێوی ژیانی پەنا بۆ کاری تر دەبات. بە واتایەکی تر هونەر لە کوردستان تا ئێستا نەبووە بە بزنس تا کەسی هونەرمەند بتوانێت بە هونەرەکەی بژی.

خەبات: چ پرۆژەیەکت هەیە لە داهاتوودا؟ تا ئێستا هیچ پێشانگایەکت کردووەتەوە؟

گۆڤنا: لە ڕابردوودا خۆم نەم ویستووە پێشانگا بکەمەوە لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بە خۆم. ئەمساڵ بە نیاز بووم بەڵام بەهۆی بەخۆشی کۆرۆناوە پێشانگاکەم دواخست بەڵام هیوادارم لە داهاتوودا کاری نوێ و پێشانگای گەورەتر بکەمەوە

خەبات: جیاوازی ئەم هونەرە لەگەڵ هونەرەکانی تر لەچیدایە؟

گۆڤنا: هەموو هونەرێک ڕێچکە و تایبەتمەندی خۆی هەیە هونەری دەست ڕەنگینی کە زیاتر کار لەسەر دیزاین و تەرکیز دەکات جیاوازترە. لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە و بەشێکی زۆری وێنەکانم لەسەر داوای خەڵک کێشاوە ،زیاتر لە هونەرەکانی تریش ماندووبوونی ئەوێت.

خەبات: بۆ ئێوە قورس نییە وەکو ژنان کە لە دیواری هونەردا کار بکەن؟

گۆڤنا: سروشتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کۆمەڵگایەکی پیاو سالارییە کوردستانیش بەشێکە لەو کۆمەڵگایە، دین و کلتور دابونەریت کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەوەی ژن وەک کائینێکی بێدەسەڵات سەیر بکرێت و ڕێگە نەدرێت هاوشانی پیاوان لە سێکتەرەکانی بەڕێوەبردن کاریگەریان هەبێت ،هەرچەندە ئێستا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بە دی ئەکرێت و ژنان دەورێکی کاریگەریان هەیە لە کوردستان و هاوشانی پیاوان ڕۆڵ ئەبینن زۆرجار ژنان لە کارکردن و بەڕێوەبردن سەرکەوتوو ترن لە پیاوان . بە هیوام ڕۆژێک کوردستانیش وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو جیاوازی ڕەگەزی نەمێنێ.

بە دڵنیاییەوە لەکۆمەڵگای کوردیدا کارکردن لە هەموو بوارەکانی ژیان بۆ ژن قورسترە، هونەر یەکێکە لەو بوارانەی کە ژمارەیەکی کەم لە خانمان دەتوانن ئەو ڕێچکە تەقلیدییە بشکێنن و لەم بوارەدا پەرە بە خولیاکانیان بدەن.



خۆپپارێزبن تا خۆتان و ئازیزانتان لە دەست نەدەن

هەستی ڕزگار حمەڕەئوف کلیپەکانی دەباتە سەر شاشەی تیقییەکان

هەمزە سەرحان

هەستی ڕزگار حمەڕەئوف باوکی ئازیزم زۆر هەستی وەکو ژیانی هونەریم بووە .هەستی وەکو زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەبەرهەمێک داوا لە هاوڵاتیانی کوردستان دەکات کە خۆپپارێزبن بۆ ئەوەی تەندروست و سەلامەتبن لەو پەتا نەگریسەی کە سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە لەڕێی ئەو بەرهەمەوە پێیان دەڵێت خۆپپارێزبن تا خۆتان و ئازیزانتان لە دەست نەدەن و مەرگی خۆشەویستانمان نەبینین. هەستی لە ئێستادا لەشاری هەولێر دەڕی بەڕپرسی بەشی دۆبلاژی و ستۆدێۆی کەناڵێکە ،بەم زوانە چەن بەرهەمێکی بە شێوەی کلیپ دەس پێ ئەکاو.لەکەناڵەتیڤییەکانەوە پەخش دەکرێت .

هەستی ڕزگارئەوەشی ڕاگەیاند کەلە داهاتوودا بەنیازین لەگەڵ باوکم ڕزگار حمە ڕەئووف پارچە مۆسیقایەك بکەین وپێشکەش بەعاشقانی میوزیکی کوردی بکەین شایەنی باسە

هەستیڕزگار
لە دایك بووی ٣/٣٠/١٩٩٧ لە قەزای چەمچەماڵ لەدایك بووە و لە کەرکوك گەورەبوەو بە شی پیشەسازی کیمیاوی تەواو کردوە .



فەیسبووک دەوامی کارمەندەکانی دەکاتە ئۆنلاین

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك ڕایگەیاند، بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ڕێگە بە کارمەندانی دەدات تا مانگی تەممووزی ساڵی 2021 لە ماڵەوە دریژە بە کارکردن بدەن.

ژمارەی کارمەندانی فەیسبوك نزیکەی 48 هەزار کەسە، کە لەسەرەتای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە مانگی ئاداری ڕابردووەوە، تا ئێستا لە ماڵەوە کاردەکەن.

پێشتر فەیسبوك ڕێگەی بە کارمەندانی دابوو تا کۆتایی 2020 لە ماڵەوە کاربکەن، بەڵام وتەبێژێکی کۆمپانیاکە، کە ناوی ئاشکرانەکراوە وتویەتی «بە پشت بەستن بە ڕاسپاردەکانی شارەزایانی بواری تەندروستیی و لەبەر پاراستنی تەندروستیی کارمەندان، شێوازی کارکردنمان لە ماڵەوە تا مانگی تەممووزی ساڵی 2021 دریژکردوەتەوە». ئاماژەی بەوەش داوە، ئەو کارمەندانەی لە ماڵەوە کاردەکەن، مانگانە هەزار دۆلاریان بۆ خەرج دەکرێت بۆئەوەی بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن.

